# مەینەتیی ئەقڵــــــــی ئیســــــــلام

نووسینی:  دکتۆر مستەفا جوحا و ڤۆلتێر
وەرگێڕانی : مهابادی

تێبینی:

ئەم کتێبە خۆی دوو لێکۆڵینەوەیە، یەکەم بەناوی (کارتێکردنی فارسەکان لەسەر ئیسلام) بەناوێکی خواستراوەوە نوسراوە (ڤۆلتێر) دیاریشە نوسەرێکی عەرەبەو نەیوێراوە ناوی خۆی بنووسێ.

دووەمیشیان (میحنەتی ئەقڵ لەئیسلامدا)، کە نووسەرەکەی بەناوی راستی خۆیەوە نووسیوویەتی لە ساڵی 1982، ئەویش (دکتۆر مستەفا جوحا)یە.

ئێمەیش بۆیە هەردوو لێکۆڵینەوەکەمان لەم کتێبەدا بەو ناونیشانە لێکدا، چونکە هەردووکیان یەك مەبەست دەپێکن‌و لەسەر ئایینی ئیسلام‌و پێغەمبەرەکەی قسە دەکەن.

# کارتێکردنی فارسەکان لەسەر ئیسلام..

نووسینی: ڤۆلتێر

( 1 )

## پێشـــــــــــەکی

ئـەو دیـاردە دووبارەبووانـەی کـە لەزۆربـەی ئایینەکانـدا هەیـە گوایـە حەقیقـەتی موتڵـەقیان پێیە، (ئایینێکی تایبەت) تەنها خۆی بـە ڕاسـت دەزانـێ، جگـە ئـەو هـەموویان هەڵەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا (ئـایین) هـەر ئایینێـك بێـت جگـە وەرگـرتن‌و زیـادکردن نـەبێ چـیدی نیـە، بگـرە تەقەلایەکە لەڕێگای گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، هەر ئایینێك لە ئایینـە مەزنـەکان بـەدەر نیـە لە کارتێکردنە دەرەکیەکان، بۆیە دەبینین ئایینێـك یـان بیروباوەڕێـك بەتـەنها بەرهـەمی تاکـە ئەقڵێك نیە، ئیسلامیش لەمەیاندا بەدەر نیە، ئیسلام کە هات تێکەڵەیەکی ئـایین‌و بیروبـاوەڕە جۆربـەجۆرەکانی دیکـە بـوو، لەوانـە ئایینـەکانی فارسـی کـۆن کـە بابـەتی ئـەم باسـە کورتەیـە، ئەوەی ئاگاداری ئایینەکان‌و کەلتوری کۆنی فارس بێت سەرسووڕماو دەبێ لەو ڕۆڵە گەورەیـەی کـە گێڕاویـەتی لـە کـارتێکردنی لەسـەر ئیسـلام پـێش‌و پـاش پێکهـاتنی[1] لـە هاوشـانی کاریگەریەکانی فارس، سەرچاوەیەکی دیکـەی سـەرەکی هەیـە کـە پێغەمبـەری ئیسلام ئـایینی نوێی لەسەر ڕۆنـا، ئـەویش کەلـەپووری جوولەکەیـەو چیرۆکەکانی‌و مێـژووی‌و ئەفسانەکانی‌و ڕێنماییە ئەخلاقیەکانیەتی، سەرەڕای هەنـدێ ڕێنمـایی‌و رای گرووپـە مەسـیحیە جیاجیاکـان‌و هەندێ بیروباوەڕی عەرەبەکان بەر لە ئیسلام، هەروەها ئەو زیادەیەی کە پێغەمبـەری ئیسـلام خۆی خستیە سەر ئەم تێکەڵەیە..

گرنگترین مەسـەلە کـە پێغەمبـەری ئیسـلام جـەختی لـێکردەوە مەسـەلەی یەکتاپەرسـتی (التوحید) بووە، ئەمەیش ئاساییە بۆ هەرکەسێك مەبەستی حەقیقەت بێت، لەنێو ئەو هەموو بڕە زۆرە خوداوەندو ئایینانە لە خاکی عەرەبدا، هـەروەها کێشـەیەکی گـەورەش وەکـو کێشـەی (خراپە-الشر) مێشکی هەموو تێڕاماوێك لە ژیـانی خـەڵکی ڕەشـۆکی داگیردەکـات بـۆ مەسـەلەی (خوداوەندیەتی) بەشێوەیەکی تایبەت، پێغەمبەری ئیسلامیش بەتەئکید یەکێك بوو لەوانـەی بیری لەم کێشەیە دەکردەوە، گەرچی پێغەمبەری فارسـەکانیش (زەردەشـت) وەکـو پێغەمبـەری ئیسلام هەموو خوداوەنـدەکانی ڕەتکـردەوە جگـە (ئـاهورامزدا) نـەبێت، بەمـەش یەکتاپەرسـت بوو، دیارە شیکردنەوەی زەردەشـت بـۆ (بـەدکاری) بـەدڵی پێغەمبـەری ئیسـلام نـەبوو، چـونکە بـەدکاری‌و چـاکەخوازی خسـتە بەرامبـەر یـەك، هـەروەها چـونکە دوایـی (زەردەشـت) ئـایینی زەردەشتی بوو بە (دووانەیی) واتە دان بە دوو خوداوەندا دەنێت یەکێك خێرو ئەوی دیکـەیان بەدکار، (ئاهورامزدا)و (ئەهریمەن). بێگومان ئەو دووانەییە دواکەوتووەو پێغەمبـەری ئیسـلام پێی رازی نییەو، ئەو بەرگرییێکی توونـدو ڕەقە لە یەکتاپەرستی، لەوانەیە پێغەمبەری ئیسلام شـیکردنەوەکەی زدەردەشـتی بـەدڵ بووایـەو پـەیڕەوی کردبایـە، ئەگـەر پێغەمبـەری ئیسـلام لەماوەیـەکی نـزك لـە پـەیابوونی زەردەشـت ئـەویش پەیابووایـە، کاتێـك بانگەشـەکەی یەکتاپەرستیەکی رووت بوو، دووای ئەوەی شیکردنەوەی پێغەمبەری ئیسـلامی بـەدواداهات بـۆ پەرەپێدانی شیکردنەوەی فـارس بـۆ کێشـەی (بـەدکاری). (ئەلعـەقاد) لـە کتێبـی (خـودا – الله) ئامـاژە بەمـە دەکـات‌و دەڵێـت: "پـێم وایـە زەردەشـت لـەبار بـوو کـە بیروبـاوەڕی مەجووسـی بگەیەنێتـە بـەرزتر لـەو پایەیـە لـە نەزاهەتـداو ئەهریمـەن بهێنێتـە خـوارەوە لـە (خاوەنـدی بەدکاریی)وە، لە پلەی بەرامبەرەوە، بۆ پلـەی مـاردێکی دەرکـراو)"،[2] ئـەم هـەنگاوەش دواجار پێغەمبەری ئیشلام شیکردنەوەی فارسەکانی پێ قبوڵ نەبوو بۆ کێشـەی (بـەدکاری)، بـەڵام لـە مەسەلەکانی دیکە زۆری لێوەرگرتوون، کە دواجار باسی لێوەدەکەین.

( 2 )

## پوختەیەك لە ئایینەكانی فارس

أ- ئایینی فارسی سەرەتا:

فارسەكانیش وەكو زۆربەی میللەتە كۆنەكان، دیاردەكانی سروشتیان پەرستووە. (هیرۆدۆت) دەڵێ: "فارسەكان هەر لەزەووەوە خۆرو مانگو ئەستێرەو ئاو و خاكیان پەرستووە"،[3] و خوداوەندی زۆریان ناسیوەو دیارتریان وەكو (میترا) خوداوەندی خۆر یان رووناكی، گەورەترین خوداوەند لە ئایینی پێش ئایینی زەردەشتی (میترا) خوداوەندی خۆر بووەو (هوما) گای پیرۆز بەرەگەزی ئادەمیزاد وەكو خواردنەوە تا نیعمەتی نەمری پێ ببەخشێ).[4]

فارسەكان خوداوەندیان دابەش دەكرد بەسەر خوداوەندی خێرو خوداوەندی بەدكاریدا، پاشان روویان دەكردە خوداوەندی خێر داوای خێریان دەكرد،و روویان دەكردە خوداوەندی بەدكاری تا لێی دووربن، پاشان ئایینی (مەزدی) پەیابوو، كە دوا هەنگاوە بۆ پەیابوونی (زەردەشت) بەم گۆڕانە فكریە بەرەو (ئاهورامزدا)، گۆڕانی عەقڵ بوو بۆ بیركردنەوە لە رواڵەتەوە بۆ سەرچاوەو، لە دیارەوە بۆ نادیار، لە رووناكیەوە بۆ ئەودیوی رووناكی، بۆ خودی كانی رووناكی كە لەودیوی (میترا)وە جێگیر بووە.[5]

رووناكی (میترا)ی تووڕدایە لای خوداوەندو رواڵەتی رووناكیو پەرستنی لە پەرستنی داپشۆراو رەویەوە، سەرچاوەو ئەسڵ بۆ هەریەكێك لە رووناكیو خێر..[6]و بەئاشكرا بیرۆكەی ململانێ لەنێوان خێرو بەدكاری پەیابوو، هەروەها رۆڵی مرۆڤیش لەم ململانێیە لەرێگەی ئیشەكانیەوەو ئەو دەرهاویشتەیەش كە ئەنجامی ئەم وابەستەیە خولقیە بوو، ئەو بیروباوەڕەش بوو كە زەردەشت تەواوی كردو پەرەی پێسەند.

ب- زەردەشت:

ساڵی 628ی پێش زایین لەدایك بووە..،[7] كاهین بوو، پاشان بووە خاوەنی بزووتنەوەیەكی گەورەی فۆرمالیستی ئایینی فارسی، هەموو خوداوەندێكی پووچ كردەوە، جگە لە (ئاهورامزدا) نەبێت، ئەویش دەیووت دوو هێز لەم جیهانەدا ململانێ دەكەن، خێرو شەڕ..[8]

ململانێ لەرێگەی كردەوەكانی مرۆڤەوە دەبێت ئەگەر خێر بێ یان شەڕ بێ، ئەگەر مرۆڤ چاكەی كرد بەمەش یارمەتی هێزی خێر دەدات، ئەگەر بەدكاریی كرد ئەوا یارمەتی هێزی شەڕی داوە، بۆیە گێتیو مرۆڤ (گۆڕەپانی كوشتارن) لەنێوان هەردوو هێزەكەداو دڵنیاش بوو كە لە كۆتاییدا خێر دەیباتەوەو، لە جیهاندا شەڕ لەناودەباتو لێرەشدا حیسابو سزاش دەبێ، ئەوانەی خێریان كردوە بێگومان پاداشتیان خێر دەبێت، ئەوانەی بەدكاریان كردوە بەدكاریی دەدوورنەوە: پایەداریی خێر دەبێت هەڵبژاردنی مرۆڤ بێت، ئەو بەشی بەنرخ دەهێنێ بۆ ئەوكەسەی بەحەماسەوە ئیش دەكات، لەرێگەی حەقەوە خێری بەرزی دەست دەكەوێت، بەرامبەر بە كارەكانی، ئەی خوداوەندی دانا، ئێستا ئەوە تەواودەكەم لەپێناوی خۆماندا.

ج- مانەوی:

ئایینی شوێن هەڵگرانی (مانی)یە (216-275) یەكێكە لەو ئایینانەی زۆر كاریگەری لەسەر ئیسلام هەبووە، رێنماییەكانی (مانی) بنەماكانی باوەڕی زەردەشت بوو لەژێر كاریگەری (نەسرانیەت)دا، لەگەڵ ئەو زیادانەی كە خستیەسەری لە بیروڕاو تێڕامانەكاندا: ئەوەبوو تێكەڵەیەكی ئایینی نەسرانیو زەردەشتی بوو، وەكو (مامۆستا براون) دەڵێ زەردەشتیەت بە نەسرانی بوون نزیكترە لەوەی نەسرانیەت بەزەردەشتی بوون.[10] و( بوزیەت)یش كاری تێكردبوو. دوای ئەوەی مانی هەڵهات بەرەو رۆژهەڵاتی هندستانو چین لەدەست چەوساندنەوەی فارسەكان، ئایینی (مانەوی) زۆر بەخێرایی بڵاوەی كرد، كە بووە مایەی هەڕەشەكردن بۆ سەر مەسیحیەت. لەگەڵ هاتنی سەدەی چواری زایینی مانەوی وەكو ئاگری نێو پووشوو پەلاش تەشەنەی كرد، ئەوەبوو مەسیحیەكانو بتپەرستەكان یەكیانگرت بۆ وەستانی ئەو هێرشە بۆئەوەی هەست بە رادەی بەربەرەكانیكردنی ئایینی مانەویت بكەن بەرامبەر بە مەسیحیەت، تەنها ئەوە بەسە باسی پیرۆزمەند ئۆگۆستین بكەین، كە بۆ ماوەی نۆ ساڵ بڕوای پێهێنابوو (هەندێك دەڵێن بۆ ماوەی 12 ساڵ درێژەی هەبوو)، بەرلەوەی ببێ بە كریستیان[11] (بیروباوەڕی مانەویت تەنها بڕوای بە یەك خوداو بە پێغەمبەرەكان هەیە، پێغەمبەرانی وەكو (شیتو نوحو ئیبراهیمو بوزاو زەردەشتو عیساو مانیو بڕوابوون بە فریشتەو كتێبی پیرۆزو رۆژی قیامەت.[12] (مانی) خۆی بە (بارقلیت)ی ناوزەد دەكردو، لەلایەن عیساوە نێردراوەو خۆی بەتەواوكەری بوزاو زەردەشتو كریست (مەسیح) دەزانی. شەهرستانی دەڵێ (مانی باسی پێغەمبەرایەتی مووسای نەكردووە..[13] (مانی)یش وەكو زەردەشت بڕوای بەبوونی دوو ئەسڵ بوو، دەبینی كە ژیان شەڕەو خودیش بەندی جەستەیە،

ئەو جەستەیەش شەڕە بۆیە باشتر وایە زوو بەزوو لە ژیانی دنیا قوتار بوونە، ژنهێنانی هەڵوەشانەوەو هانی زاهیدی دا، ڕێنماییەکانی دژواربوون بۆ سەر ڕۆحی جەنگی دەوڵەتی فارس، بەهۆی بیروباوەڕەکانیەوە تووشی چەوساندنەوەی توونـد بوو، تا بەکوژراوی مرد، سەرەڕای ئەوەش ڕێنماییەکانی تا سەدەی سیانزەی زایین ژیان..

د- مەزدەکی:

واتا ئاپینی (مەزدەك) کە لە 467 یان 487 ی میلادی لەدایك بووە، باسی ڕووناکیو تاریکی کردووە، بەڵام بە بانگەشەی سۆشیالیزم ناوبانگی دەرکرد، پێی وابوو هەموو وەکویەك لەدایك بوونو دەشبێت لەژیانیشدا وەهابن، وایدەبینێ کە زۆرینەو شەڕەنگێزیەکان هەڵقوڵاوی ناکۆکیەکانن لەسەر سامانو ژن، بۆیە داوای بڵاوبووەیانی کرد، هاوڕێکانی بە هەڵە لە بانگەشەکەی گەیشتن، بۆیە لەسەر هەموو شتێ پراکتیزەیان کرد، تەنانەت بانگەشەکە بووە هاوواتای لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە، هەزاران کەس بڕوایان بە ئایینەکەی هێنا، بەڵام (قوباد) خۆیو میللەتەکەی چەوساندنەوە، ئەوەبوو کوشتارێکی بۆ سازکردن ساڵی 523 زایین خەریك بوو لە ریشەوە لەناویان بەرێت، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێك دوای ئایینەکەی کەوتن، تەنانەت تا دوای ئیسلامیش (ئەسخەرتی)و (کوڕی حەوقەل) باسی ئەوەیان کردوە، کە دانیشتوانی هەندێ لە گوندەکانی کرمان بەدرێژایی سەردەمی دەوڵەتی ئەمەویەکان مەزدەکی بوون.(14)

هـ- پارسیەکان:

دوای داگیرکردنی وڵاتی فارس لەلایەن ئیسلامەوە، خەریك بوو زەردەشتیەت لەناوبچێت، ژمارەیەکی زۆر کەم لەلایەنگرانی مانەوە، هەندێك لە لایەنگرانی زەردەشت کۆچیان کرد بۆ هیندستانو پێیان دەوترا (پارسیەکان).

(بەڵام هەندێ لە لایەنگرانی زەردەشت لە سەدەی حەوتو هەشتدا کۆچیان کرد بۆ هندستان —بەتایبەتی شاری بۆمبای- لە بارودۆخێکی کەمتر زەحمەتدا)و ناوی خۆیان نا (پارسەکان)، واتە پارسیەکان یان فارسەکانی کۆن، لەهەرکوێ نیشتەجێبوونایە، بە ڕەوشت بەرزیو کەم ئیشیو دەسپاکی لە مامەڵەکردندا دەناسران، هەمیشە جێگای ڕێزو نەوازشی هاووڵاتیەکانیان بوون.(15)

( 3 )

<u>کتێبە پیرۆزەکانیان</u>

أ- ئاوێستا:

کتێبی پیرۆز لەلای لایەنگرانی زەردەشتو (مانی)یش پەیڕەوی دەکرد، (ئاوێستا) وەکو لە کتێبە فارسیو ئەوروپیەکاندا هاتووە، هەندێ ڕاڤەکردنی تیایە پێیان دەوت (زەندی ئاوێستا)،.. بەڵام (زەند) ڕازەکانی پەهلەویە کە لەسەردەمی ساسانەکان نوسراون، لە (azante)یەوە هاتووە، واتا ڕاڤەو ڕوونکردنەوە، بۆ ئەم ڕاڤەکردنە ڕاڤەیەك هەبوو پێیان دەوت (بازەند) واتا دووبارەکردنەوەی ڕاڤە، زمانەکەی زۆر ڕوونتر بوو لە زمانی (زەند)..(16)

کۆبۆچوونێکی زۆر هەیە کە ئەوەی بە ئێمە گەیشتووە بەشێکی بچووکێتی، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردنی مەکەدۆنیو عەرەب، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە لەناوچوونی زۆری بەشەکانی دیکەی (ئاوێستا)، ئەم بەشە بچووکەیش کە ماوەتەوە بریتیە لەم بەشانە:

1- ئەلیزنا، کۆنترین ئەو بەشانەی ئاوێستایە کە ماونەتەوە، بریتین لە هەندێ تەقسی ئایینی تایبەتە بە کاهینەکان (موغەکان)و بریتیشن لە (گاتاکان) کە فەرموودەکانی زەردەشتنو ژمارەیان حەڤدەیە..
2- وەسبەرد، ئەم بەشە 24 فەسڵە کە بریتین لە تەقسە ئایینیەکانو سروود فەفێکان.
3- وەندایـد، بریتیە لە 22 بەش کە فقهیی زەردەشتیەکانو یاسا ئەخلاقیەکانیان ڕاڤەدەکات.
4- یەشت تەلیلە کردنە بەدەم گۆرانیەوە.
5- ووردە ئاوێستا واتا ئاوێستای بچووك بریتیە لە کۆمەڵێ نوێژ.

بێگومان ئاوێستا هەمووی لە یەك کاتدا پەیانەبوو، بگرە بەشەکانی لە ڕۆژگاری جیاجیادا نوسراونەتەوەو وە کۆنترینیان (ئەلیزنا)یە کە بریتیە لە فەرموودەکانی زەردەشت.

ب- کتێبەکانی مانەویەت:

وەکو باسمان کرد ئاوێستا بە لای (مانی)یەوە پیرۆز بووە، سەرەڕای ئاوێستا لایەنگرانی (مانی) کتێبی دیکەی پیرۆزیان هەبووە، کە (مانی) بەدەستی خۆی نوسیبووی، بەڵام زۆربەیان ونبوون. "د.ڕەمسیس عەوەز" لە کتێبەکەیدا -هەرتەقە لە ڕۆژئاوادا —واتا بیدعە لە ئایین- دەڵێ: مانی کتێب گەلێکی زۆری داناوە بەهەردوو زمانی سریانیو فارسی بەڵام ئەم کتێبانە ونبوون" هەروەها نامەیەکی نووسیوە بەناونیشانی نامەی گەوهەری کە بەم وتەیە دست پێدەکا: "منی مانی پەیامبەری یەسوعی مەسیح نێردراو لەلایەنی چاودێری خوداوەندەوە"، مانی لەلای خۆیەوە ئینجیلێکی دانا ناوی لێنا (ئارتن)، گوایە خوا بۆی ناردۆتە خوارەوە، بۆیە مانیەکان لە عیبادەتیان دا پەنا دەبەنە بەر کتێبەکانی دیکەی مامۆستاکەیان..(17)

## ( 4 )

## چۆنیەتی کارتێکردن

أ- تێکەڵبوونی عەرەب لەگەڵ فارسەکان لەسەردەمی جاهیلیەتدا:

عەرەبو فارس بەر لە ئیسلام تێکەڵ بوونو، هەندێ لە کەلتوورو شارستانییەتی فارس گەیشت بە عەرەبەکان، ئەمەیش لەرێگەی (عەرەبی حیرە)وە بوو.

ئەوانە —عەرەبی حیرە- پەیوەندیان لەگەڵ فارسەکان هەبوو، بەتایبەتی بە عەرەبی دوورگەوە، بازرگانی فارس دەهاتە ئەوێو لەبازاڕەکانی ئەوێ کالاّکانیان دەفرۆشت و، بانگەشەیان بۆ فارسەکانو شارشتانیەتی خۆیان دەکرد..[19]

ئەم پەیوەندیە تەنها بازرگانیو سیاسەتی نەگرتەوە، بەڵکو گەیشتە ئایینو ئەدەبیش. (عەرەبی حیرە) پتر ئاقڵو خاوەن شارستانیەت بوون لە عەرەبی دوورگە، چونکە شارستانیو دراوسێی شارستانیەتی فارسی مەزن بوون، زۆریان زمانی فارسیان دەزانی، بێگومان زانینی زمانی فارسی لەلایەن هەندێ خەڵکی (حیرە)وە، هۆیەك بوو بۆ گواستنەوەی هەندێ لە شارستانیەتو ئەدەبیاتیان بۆ عەرەبەکان).[20] سەرباری ئەوەش ئەوەی کە (ئیبن رستە) لە (الاعلاق النفسیە) باسی کردوە، گوایە خەڵکی (حیرە) لەسەردەمی جاهلیەکاندا قورەیشیەکانیان فێری زەندەقەیی کردوە ، هەروەها نووسینیش لەسەردەمی ئیسلامدا،[21] وەکو زانراوە زاراوەی (زەندیقی) لەکۆندا وەکو هاوواتای (بێئایینی) بەواتا باوەکەی نەناسرابوو، بگرە لایەنگرانی (زەند) ، یان لایەنگرانی (مانی) پێناسرابوون، کە دواتر بەدرێژی باسی دێت کە پێغەمبەری ئیسلام بەدوور نەبوو لە کەلتووری فارسی، کە لەنێو عەرەبەکانی بەر لە ئیسلام ئاشنا بوو، سەرەڕای ئەوەش محەمەد بەوە ناسرابوو کە خولیای ئایینی هەبووە، سەرسوڕماو و خاوەن پرسیار بووە.

کەسێکی وەکو ئەو بەلایەوە گران نەبوو زۆر شت سەبارەت بە ئایینی فارسەکان بزانێت، لەرێگەی پرسیارکردنەوە لەو کەسانەی کە تێکەڵی فارسەکان بوون، بگرە هەندێ لە لایەنگرانی ئایینەکەشیان، تەنانەت بەبێ پرسیارکردنیش، چیرۆکە فارسیەکان-دەشبێ بەشێکیان چیرۆکی ئایینی بوون- زۆریش باو بوون وەکو روون دەبێتەوە.

ب- بڵاوبوونەوەی چیرۆکە فارسیەکان:

چیرۆکە فارسیەکان لەنێو ئەوانەی رۆشنبیری فارس تێیاندا بڵاوبوەوە لەنێو عەرەبەکانی (حیرە) میرەکانیانو مێژوویان کاریگەریەکی گەورەی هەبووە لەسەر ئەدەبیاتی عەرەبو ژیانی عەقڵیەتی عەرەب بەگشتی، سەربردەکانی (جوزەیمە ئەلئەبرەشو ئەفسانەکانی زەباو خەوزەقو سەدیرو ئەو چیرۆکانەی دەربارەی سنمار دروستکەری خەوەرنەقو ئەو پەندانەی پێدا گوتراوە، هەردوو رۆژی ئەلنوعمان:

رۆژی خۆشیەکەیو رۆژی بەدبەختیەکەی، ئەم هەمووەو نمونەکانی بەشێکی گەورەی ئەدەبی عەرەبی گرتووەتەوە، هەمووی تایبەتە بە ئەدەبیاتی (حیرە)و ژیانیانەوە..[22]

کەواتە چیرۆکە فارسیەکان لە خاکی دوورگەو لەنێو قورەیشدا بڵاوبوون (بێگومان هەندێ لەو چیرۆکانە ئایینی بوون) لە سەرگوزشتەنامەی کوڕی هیشام —ئیبن هیشام- دا هاتووە کە (نەزەری کوڕی حارس) یەکێك بووە لە شەیتانەکانی قوڕەیش.[23] ئەوکەسەی زۆر ئازاری محەمەد دەداو تەڵەکەی دژایەتی بۆ دنایەوە، هاتووەتە (حیرە) لەوێ فێری فەرموودەکانی شاکانی فارس بووە، هەروەها سەربردەی رۆستەمی ئەسفەندیار، پێغەمبەر لە چی کۆڕو کۆبونەوەیەك دانیشتبایە باسی خوای دەکردو، میللەتەکەی وریادەکردەوە لەوەی کە نەتەوەکانی دیکە تووشی غەزەبو نەفرەتی خوا بوون، پاشان لەو دانشتنە هەڵسابایە (نەزەر) لەدانیشتنەکە جێگای دەگرتەوەو پێی دەووتن ئەی خەڵکی قوڕەیش وەڵا من لەو باشتر قسەتان بۆ دەکەم. پاشان باسی شاکانی فارسو رۆستەمو ئەسفەندیاری بۆ دەکردن، دووایی دەیووت: بە چی محەمەد لە من باشتر قسەتان بۆ دەکات؟ ئیبن هیشام دەڵێ: ئەو دەڵێ —کە دوایی ئاگاداری کردمەوە- وەکو ئەو خودا بۆی ناردونەتەخوارەوە بۆتان دەهێنمەخوارەوە.[24]

ج- زاراوەی زەندیقیەتیو بڵاوبونەوەی ئایینەکانی فارس لەدوورگەی عەرەبدا:

نادیاریەکی گەورە هەیە سەبارەت بە زاراوەی (زەندیقیەتی)و سەرچاوەکەی.. "زاراوەی زەندیقیەتی نەزانراوێکی هاوبەشەو بەسەر چەند واتایەکدا دەسەپێنرێ، لەگەڵ یەکدی جیاوازن سەرەڕای لەیەکچوون لەنێوانیاندا هەیە، بەوکەسانەی دەوترا کە بڕوای بە مانەویت هەبوایەو دوو سەرچاوەی ئەزەلی دنیا دەسەلمێنێ: رووناکی وتارێکی —پاشان واتاکەی زۆر فراوان بوەوە تا وای لێهات بە هەموو کەسێکیان دەوت خاوەن بدعەو بڕوای بەخوا نەبووایە".[25]

"لێرەدا دەبێ ئاگامان لەم خاڵە ترسناکە بێ کە لە مێژووی بیرکردنەوەی ئایینیدا بایەخی خۆی هەیە. چونکە رووبەڕووی وشەی (زەندەق) دەبینەوە لە زمانی فارسیدا، لە رەچەڵەکدا

سەر بە واتاکانی (زەند)ە، پاشان تێدەگەین کە (زەندیقیەتی) هەرگیز واتای لەرێدەرچوون‌و هاوواتای لەرێلادان ناگەیەنێ.. زەندیقیەتی ناوێك بوو لەلای لایەنگرانی (زەند).[26]

ئەحمەد ئەمین لە کتێبەکەیدا (فجر الاسلام) –بەرەبەیانی ئیسلام- دەڵێ: "ئیبن قوتەیبە لە کتێبی (المعارف)دا سەبارەت بە ئایینەکانی عەرەب لە جاهلیەتدا دەڵێ": "نەسرانیەت لە رەبیعەو غەسان‌و هەندێ قەزاعە بوو، لە حمیرو بەنی کینانەو بەنی حارس بەنی کەعب‌و کندە ئایینی جولەکە بوو، مەجوسی لە تەمیم لەوانە زرارەو حاجبی کوڕی زرارە لەوانەش ئەقرەع کوڕی حابسی مەجوسی بوو، زندیقیەتیش لەناو قورەیشیەکاندا کە لە حیرەوە وەریان گرتبوو" دیارە بەم قسەیە کە زەندیقیەتی واتای ئایینێکی تایبەتە لە ئایینەکانی فارسەکان بە قسەی ئەو لە حیرەوە وەریان گرتبوو، وەکو زانیومانە حیرەیش لەلایەن فارسەکانەوە فەرمانڕەوا بوو، ئەمەیش (الجوهری) لە سەحاحدا وتوویە: "زەندیق لە دووانەیەوە هاتووەو بە عەرەب کراوە (کۆ)کەی زەندیقیەکانە (زەنادیقە) زەندیق بوون" دیارە ئەم زەندەقەیە مەزەبێکی تایبەتە وەکو جوولەکەو نەسرانیەت. هەندێك دەڵێ: وشەی زەندیق لە رەچەڵەکدا بە واتای فارسیەو سەر بە (زەند)ە، پاشان بە مانەویت دەوترا، چونکە زەندو هەندێ کتێبی دیکەی پیرۆزیان دەهێناو بەپێی ئاینەکانی خۆیان لە شێوەی تەئویل راڤەیان دەکرد.

بەڵکو زاراوەی (زەندەقە) بەکاردەهات بۆ ئاماژەپێدان بە لایەنگرانی (مانی) یان لایەنگرانی (زەند) تا سەردەمانێکی دوایش، لەدوارۆژەکانی فەرمانڕەوایی (مەهدی)دا لەسەرەتای ساڵی 162 ی کۆچی تا ئەو سەردەمەی راوەدونانی زەندیقەکان توند بوو، لە چوارچێوەی ئەو رێوشوێنەی بەکاریان دەهێنا بۆ دادگاییکردنی زەندیقیەکان‌و بۆئەوەی دڵنیابن لە تۆبەکردنیان (وایان لێ دەکردن تف لە وێنەکەی (مانی) بکەن".[28]

د- قوتابخانەی (جندیسابوور)و بڵاوبوونەوەی زەردەشتیەت لەناو قورەیشدا:

وەکو زانیومانە ئایینی فارسی گەیشتبووە نێو عەرەبەکان، بەتایبەتی ناو قورەیش، دیارە هەندێ لە قورەیشیەکان ئەوانەی شاگەشکە ببوون بە ئایین‌و شارستانیەتی فارس دەیانویست زانیاری‌و نیشانەی زۆریان دەسکەوێت، بازاڕەکانی حیرە ئاڕاستەی بازرگانی عەرەبی بوو، هەروەها قوتابخانەکەی (جندیسابوور) کە سانوری کوڕی ئەردەشێر سەر بە ئایینی زەردەشتی دروستی کردبوو، کابەیەك بوو چینی دەوڵەمەندی قورەیش منداڵانی خۆیان دەنارد بۆ ئەوێ، کەسانی وەکو حارسی کوڕی کلدەو ، نەزەری کوڕی نەزەری کوڕی حارس لە پزیشکانی عەرەب بوون.[29]

(ئەبکار ئەلسەقاف) لە کتێبی (ئایین لە نیمچەدوورگەی عەرەب( الدین فی شبه الجزیرە العربیە) باسی بڵاوبوونەوەی ئایینی فارس دەکات لە دوورگەی عەرەب‌و بەتایبەتی لەناو قورەیشدا: "زەردەشتی وەکو ئایینێکی رەسمی باڵی کێشابوو، خۆی گەیاندبووە نێو خێڵەکانی نیمچەدوورگە کە بەگشتی بۆ مەکە، بەتایبەتی تەوژمی زەردەشتی وەکو ئایینێکی تەوەری‌و بیروباوەڕی فارسی رەگی داکوتا.. تا گەیشتە (پەیامبەری نێردراو)و تێیدا ئەو باوەڕە فارسیە رەگی داکوتا کە لە ئاخری زەمان هاتووەو، لە ئاسمانەوە وەحی بۆ دێت لە رێگەی (رۆح)ەوە یان لەلایەن گەورەی فریشتەکانەوە کە بۆ ئاسمانی بردو هەرکە گەڕایەوە بۆ زەوی مژدەی ئایینێکی هەقی دا.. ئەم تەوژمەش واتا (زەردەشتی) لە هەموو لایەن‌و ناوجەرگەی قورەیشدا جێگیر بوو، ئەم ئایینەی کە بەهۆی کتێبە پیرۆزەکەیەوە ناسرا بە (زەندەقە) و خاوەنەکانیان بە (زەندیقەکان) ناودەبران. لێرەدا بە هۆشی زەمەدا لکا کە لەنێو قورەیشدا (زەندەقە) بڵاوبوەوە دەستی زەمەنیش ئەوە تۆماربکات کە قورەیش بوون بە (زەندیق).[30]

لێرەدا وێنەکە بەتەواوەتی روون دەبێتەوە بۆ رادەی بڵاوبوونەوەی ئایینی فارسی لەنێو قورەیشدا و تا چ رادەیەکیش نزیك‌و کاریگەری بەهێزی هەبوو لەسەر بیرکردنەوەی (محەمەد) وەکو ئایینی جوولەکەو ئایینی عیسایی، قورەیشیش بەدوور نەبوو لە کارتێکردنی ئەم ئایینانە. نەخوێندەواری –لەحاڵەتی سەلماندنی دا- بیانویەك نەبوو بۆ پەکخستنی گوتنی‌و کارتێکردنی‌و زانینی تەوژمەکان‌و ئایینە جۆراوجۆرەکان.

( 5 )

## سەلمانی فارسیو ئەوانەی دیکە
## کە پێغەمبەری ئیسلام لەگەڵیاندا دادەنیشت

سەلمانی فارسی ئەو کەسە بوو کە ئاماژەی بە پێغەمبەر دا بە سەنگەرلێدان لەو جەنگەی کە ناسرا بە شەڕی (خەندەق). سەلمان پایەیەکی گەورەی هەیە لەئیسلامدا، ئەمەیش لەو گوتە بەناوبانگە روون دەبێتەوە کە پێغەمبەری ئیسلام وتوویە: "سەلمان لەئێمەیەو خەڵکی ماڵە".[31] بەڵام ئایە رۆڵی سەلمان درێژەی هەبوو بۆ لایەنە گرنگەکانی دیکە؟ (لووی ماسینیون) لە باسەکەیدا بەناونیشانی (سەلمانی فارسیو سەرەتا روحیەکانی ئیسلام لەئێراندا) کە لە دووتوێی کتێبی (شخصيات قلقه في الاسلام) کەسایەتیە نیگەرانەکانی ئیسلام کە چەند لێکۆڵینەوەی لەخۆگرتووە د.عبدالرحمن بەدەوی نووسیوونی یان وەریگێڕاون. "زانستی شیکردنەوە لە عێراق لەدایك بوو، بەتایبەتی لە کوفە، دوای ئەو راڤەکردنەی کە دەدرێتە پاڵ —ئیبن عەباس- کە هیچی ئەوتۆی لێنەماوەتەوە باوەڕپێکراو و راست بێ" دەبینین تەفسیری زووحاك کوڕی مەزاحیم (کە لە ساڵی 105 ی کۆچی دا مردووە) پێنج ریوایەتی تێدایە، ئێستاش با تەماشای ئەم زووحاکە بکەین، کە لەمەوبەر بینیمان دان بە نزیکی سەلماندا دەنێ لە پێغەمبەرەوە، ئایەتی (103) لە سورەتی (النحل) ئەوە تەفسیر دەکات: "ئێمە ئەوە دەزانین کە خەڵکی فێری دەکات" دەڵێ: (کابرایەکی عەجەم) مامۆستای محەمەد بوو، عەرەب نەبوو، ئەوەی لەم ئایەتەدا هاتووە مەبەستی سەلمانە، دوای (بەیزاوی) ئەمەی وتووە، مێژووی ئیسلامبوونی سەلمان باوەڕپێکراو نیە، تاڕادەیەك کە لایەنگرانی ئەم تەفسیرە ناچاردەبن کە ئەم ئایەتە مەدینەیەو گریمان وا دانراوە مەکەیە) زووحاك پێی وایە کەواتە سەلمان یارمەتی پێغەمبەری داوە بۆ ناسینی کتێبە ئایینیەکانی پێشوو کە بۆی هاتوونەتەخوارەوە. ئەمەیش لەلایەنی مێژووییەوە زۆر شیاوە، لەم حاڵەتەشدا هەندێ سەرەتایی دیوە کە شایستەی تێڕامانە لەلای ئەوانەی وا هەست دەکەن کە (محەمەد) کە خودی خۆی ویستوویەتی بەشداری ویژدانی نموونەیی پێغەمبەرە پێشینەکان بکات بە گێڕانەوەو روایەت کردنیان (سورەتی تەها 30، سورەتی تحریم 10 ، 4، بەسەرەتاکانی مەزهەبی شیعە.[32] ئەمەیش تەواوی ئایەتەکەیە: (ولقد نعلم انهم يقولون انما يعلمه بشر لسان الذي يلحدون اليه وهذا لسان عربي مبين) سورەتی (نحل - مێشەنگوین) ئایەتی (103) کەواتە گومان هەیە لەو رۆڵەی کە سەلمان دیویەتی لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلامدا، ئەگەر بێتو راست بێ بەتەئکید کە سەلمان سەرچاوەی سەرەکی زۆر بیروباوەڕی فارسەکان بووە کە لە پێکهاتەی ئیسلام دەوریان هەبووە. هەندێك دەڵێن مەبەستی ئایەتەکە کەسێکی دیکە بووە.

(قورتووبی) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: لەسەر ناوی ئەوەی کە گوایە پێغەمبەری فێرکردووە ناکۆکی هەیە: وتراوە دەڵێن کوڕی (فاکیهە کوڕی موغیرە)و ناوی (جەبرە)، نەسرانی بووە و ئیسلام بووە، (سەعلەبی) لە دەمی (عەکریمە)و (قەتادە) دەگێڕێتەوە، کوڕێکی نەوەی موعیرەیەو ناوی (یەعیشە)و کتێبی عەجەمی دەخوێندەوە، (مەهدەوی) لە زمانی عیکریمەوە دەڵێ: نەوەیەکی هۆزی عامیرەو کوڕی لوئەیەو ناوی (یەعیشە). (عەبدوڵلای کوڕی موسلیمی حەزرەمی) دەڵێ: دوو کوڕی خزمەتکاری هەبوون هەردووکیان نەسرانی بوون ،خەڵکی عەین تەمر بوون، یەکێکیان ناوی (یەسارە) بوو ئەوی دی ناوی جەبربوو. (مارودی)و (قوشەیری)و سەعلەبیش وایانگوتووە، بەڵام (سەعلەبی) وتوویە، بەیەکێکیان دەوترا (نەبت)و بە (ئەبوفوکەیهە) بانگ دەکرا، ئەویدیکەیان ناوی جەبرە بوو، ئیشیان مشتوماڵ کردنی شمشێر بوو، کتێبیان بۆ ئەوان دەخوێندەوە، سەعلەبی دەڵێ تەوراتو ئینجیلیان دەخوێندەوە، ماوردیو مەهدەویش دەڵێن: تەورات. پێغەمبەر بەلایاندا رەت بوو و گوێی لە خوێندنەوەکەیان بوو، کافرەکان دەیانووت لێیانەوە فێر دەبوو، خودا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوەو بەدرۆی خستنەوە، وتراوە: مەبەستیان سەلمانی فارسی بووە خوای لێ رازی بێ، (زەحاك) وتوویە، نەسرانیەك لە مەکە هەبوو ناوی (بەلعام) بوو، کوڕێك بوو تەوراتی دەخوێندەوە. ئیبن عەباسیش وتوویە، (قوتبی) دەڵێ: پیاوێك لە مەکە هەبوو نەسرانی بوو، پێیان دەوت ئەبو مەیسەرە بە رۆمی قسەی دەکرد، لەوانەیە پێغەمبەر لەگەڵی دانیشتبێ، کافرەکان دەیانووت: محەمەد لێوەی فێردەبوو، بۆی دەهاتە خوارەوە. روایەتێکی دیکە هەیە کە عەداس خزمەتکاری عوتبەی کوڕی رەبیعە بوو. وتراوە: (عابس) خزمەتکاری (حویەتب کوڕێ عەبدل عوزی)و (یەسار ئەبو فوکەیهە مەولا کوڕی حەزرەمی) بوو ئیسلام ببوون، خوایزانێ ئەگەر بێتو ئەو تەفسیرە بکەین کە دەڵێ کەسێکی دیکەیە جگە (سەلمان) کە ئایەتەکە مەبەستێتی. بەهەرحاڵ ئێمە ئەنجامی ئەم ئایەتە بۆمان دەردەکەوێ دەنگوباسی کۆڕو دانیشتنەکانی پێغەمبەر باو بوو لەگەڵ ژمارەیەك لە (عەجەمەکان) ،کە

**پیاوەتیەکی زۆریان هەیە بەسەریەوە بەناساندنیان بە ژمارەیەك لەو بیروباوەڕانەی کە رۆڵیان هەبوو لە پێکهاتەی ئایینی ئیسلام.**

( 6 )

کارتێکردنەکان

محەمەد چەند مەسەلەیەکی زۆری وەرگرت لە ئایینەکانی فارسەوە، بەو مەسەلە بنەڕەتیانە دادەنرێت کە محەمەد باوەڕەکەی لەسەر دامەزراند.

- بارقلیت:

محەمەد لەبارەی خۆیەوە وتوویە کە ئەو لەلایەن عیساوە مژدەی پێغەمبەرایەتی پێدراوە.. ئەمەیش قسەیەکە لایەنگرانی (مانی) لەمەوبەر دەیانووتەوە: "بانگەوازێکە فیقهی مانۆیی سەبارەت بە (مانی) بانگەشەی بۆ کردوە بۆ بەرگریکردنو پاراستنیو بەسەر لایەنگرانی دا سەپاندویەتی دانی پیا بنێن، بگرە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم دانپیانانە بەشێوەیەك دایرشتەوەو خستیە سەر نوێژەکانی، ئەگەر داچەمیەوە بۆ سوجدەبردن بۆئەوەیە نوێژەکەی بە تەحیەو سەلام بۆ ئەو پێغەمبەرە تەواوبکات کە دەڵێت (پیرۆزە رێ پیشاندەرمان بارقلیت پێغەمبەری رووناکی).[33]

- بارقلیت:

لە زەردەشت دەگێڕنەوە (خەڵکی ئایینەکەی زۆر لەوە دەگێڕنەوە کە چەندین موعجیزەو رادەبەدەرو عادەتو ئاماژە هاوئاهەنگی لەدایکبوونی بووە، هەر لەمناڵیەوە حەزی لە بیرکردنەوەو گۆشەگیری بووە. لەوکاتەدا حەوت خەونی (روئیا)ی بینی. پاشان پەیامەکەی خۆی ئاشکراکرد دەڵێ: ئەو پێغەمبەری خودایەو ناردویەتی بۆئەوەی ئایین لە کوفر پاك کاتەوەو حەق پیشاندەر بێت، ئەوەبوو ساڵانێك خەڵکی بۆ حەق بانگەشە دەکرد، بەڵام ژمارەیەکی کەم بەدەنگی بانگەشەکەیەوە هاتن. ئەوەبوو وەحی بۆ نارد تا کۆچ بکات بۆ بەڵخ..).[34] لە کتێبی (الدین فی الهند والصین و ایران) واتا (ئایین لە هندستانو چینو ئێران).

ژنە نوسەرەکەی دەربارەی باری زەردەشت قسە دەکات لەسەرەتای بانگەشەکەیداو ئەو قسەیەی دەیهێنێتەوە بەشێکە لە (ئاوێستا): "سەبارەت ئەم پێغەمبەرایەتیو پەیامو وەحیەی هاتووەتەخوارەوە بەشێکە لە (گاتەکان) فەرموودەی فیقهی، دەربارەی ئەم پێغەمبەرە نێردراوە قسە دەکات (زەردەشت هەر لەسەردەمی مناڵیو لاوێتی خووی دایە بیرکردنەوەو گۆشەگیری، تا لەبەرەبەیانی لاوێتی دەرچوو گەیشتە ئاوابوونی لاویەتی، بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا بیابانی تی دەکرد) تا تەمەنی چل ساڵان لە ئەشکەوتی چیای (سبالان) خۆی حەشارداو خەڵوەتی کرد، کە یەکەم سەرەتاکانی پێغەمبەرایەتیەکەیو پەیامەکەی لە تەمەنی چل ساڵیدا بوو، بە خەون، دواجار بە گوتارو پاشان (ئیسراو میعراج) بۆ ئاسمان".[35]

لە باسی (فراس السواح) رێنمایی گەشتیاران بۆ زەردەشت. "دوای ئەوەی پەیامی بۆ هات زەردەشت دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی لە زێدی خۆیو لەناو میللەتەکەی خۆیدا بۆ ماوەی دە ساڵ، بەڵام نەیتوانی خەڵکێکی زۆر بۆ ئەو ئایینە نوێیە رابکێشێ، خەڵکی سادە هەڵوێستیان بە گومان بوو. چونکە لافی پێغەمبەرایەتی دەداو لەئاسمانەوە وەحی بۆ هاتووەتەخوارەوە، بەڵام میرەکان هەڵوێستیان دوژمنایەتی بوو بەرامبەری ، چونکە هەڕەشەی ئەشکەنجەی ئەو دنیای لێدەکردنو بەڵێنی دەدا بە خەڵکی سادە کە نەمرییان بۆ دەستبهێنێ، کە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی خەڵك لە باوەڕی تەقلیدی دا، هەرکە پێغەمبەرەکە لە میللەتو خێڵەکەی بێئومێد بوو بڕیاری دا زێدی خۆی بەجێبهێڵێ، رووی کردە مەملەکەتی خوارزم کە نزیك بوو لەوێ، پاشاکەی (فشتاسبا) بەجوانی پێشوازی لێکرد ، پاشان خۆیو ژنەکەی چوونە سەر ئایینی زەردەشتیو کاری کرد بۆ بڵاوبوونەوەی لە وڵاتەکەیدا".

ئایا سەرگوزشتەی زەردەشت سەرچاوەی ئیلهامی پێغەمبەری ئیسلام بوو لە ژیانو هەڵسوکەوتەکانیدا؟

دوایین پێغەمبەر:

پێغەمبەری ئیسلام دەربارەی خۆی وتوویە ئەو دوایین پێغەمبەرانە. زەردەشت وتوویە:

"ئەی خەڵكینە من پێغەمبەری خودام بۆ ئێوە. خودا لەكۆتایی زەمانە منی ناردوە بۆ ئێوە تا رێگاتان پێ نیشان دەم، ویستی بە من كۆتایی بە ژیانی ئەم دنیایە بهێنێو هاتووم هەقم لەگەڵ خۆما هێناوە، تا ئایین لە خڵتوخەوش پاك بكەمەوە، وەكو مژدەهێنەرو ئاگاداری كەرەوەیەك بۆ ئەم كۆتاییە نزیكە هاتووم..".[36]

پاشان (مانی)یش هەمان مەسەلەی دووبارەكردوەتەوەو خۆی بە دوایین پێغەمبەران داناوە.

## یەكتاپەرستی:

پێغەمبەری ئیسلام داوای یەكتاپەرستی كردوەو نەفرەتی لە هەموو خوداوەندە زەیفەكانی دیكە كردووە (فلا الـه الا الله) (زەردەشت)یش داوای یەكتاپەرستی كردوەو رقی لە هەموو خوداوەندەكانی دیكە بووەتەوە (جگە لە ئاهورامزدا خودایەكی دیكە نیە).

## ناوەكانی خوا:

پێغەمبەری ئیسلام دەڵێ خودا چەندین ناوی هەیە، هەروەها (زەردەشت)یش وای وتووە زەردەشت داوای كردوە ئەو ناوانەی فێركاتو پێ وتووە: "ئەمە نهێنی لێپرساوە"، بەڵام ناوەكانی دیكە یەكەم ناو (واهب الانعام) ناوی دووەم (الملكین)و سێیەم (الكامل) ناوی چوارەم (القدس)[37] ناوی پێنجەم (الشریف)و ناوی شەشەم (الحكمە) ناوی حەوتەم (الحكیم) ناوی هەشتەم (الخبرة) ناوی نۆیەم (الخبیر)و دەیەم (الغني)و یانزە (المغنی) و دوانزە (السید)و سیانزە (المنعم)و چواردە (الطیب)و پانزە (القهار)و شانزە (محق الحق)و حەڤدە (البصر)و (هەژدە (الشافی)و نۆزدە (الخلاق)و بیست (مزدا) یان (العلیم بكل شيء".[38]

## ئیسراو میعراج:

پێغەمبەری ئیسلام دەڵێ چووە بۆ ئاسمان، ئەم چیرۆكە لە سەرگوزشتەی (زەردەشت)یش دا هاتووە كە دەڵێ: "فریشتە لە دەستی زەردەشتی گرتوو و بەرەو ئاسمان بردیو، لە حزوری ئاهورامزداو زینەوەری رۆحانی كە ناویان (ئالامیشا سبنتا) بوو ئامادەبوو، لەوێ پەیامی لەخوداوەوە وەرگرت كە بیگەیەنێتە میللەتەكەیو هەموو مرۆڤایەتی".[39]

لاپەڕەكانی (گاتا) تۆمارێكی دیكەی ئەم بیروباوەڕەیە (بیروباوەڕی چوون بۆ ئاسمان) بیروباوەڕێك كە گاتا بە چەند دێڕێك تۆماری كردوەو دەڵێ زەردەشت خۆی ئەم روداوەی گێڕاوەتەوەو دەڵێ: "ئەی خەڵكینە من پێغەمبەری خودام بۆ ئێوە.. ئەو خۆی قسەی لەگەڵدا كردم، بە وەحی قسەم لەگەڵ دەكات لە رێگای مەلائیكەتێكەوەو هەڵیگرتم بۆ لای ئەو و گەورەی فریشتەكان هەڵیگرتمو منی بردە لای.. لەوێ خوداوەند دەركەوتو شەرعیەتی پێناساندمو تێی گەیاندم كە ئایینی حەق چییە ئەم كتێبەشی دامێ بۆ ئێوە.."[40]

ئیدی نازانین چیرۆكی (ئەسراو میعراج)ی پێغەمبەری ئیسلام تەنها (خەون)ەو هیچی دیكە، یان لافو گەزافەو لە چیرۆكەكانی كۆنی هاوشێوەی وەریگرتووە؟ تەنانەت لە دیدی هەندێ لە موسڵمانەكانیشەوە رووداوێكی واقیعیانە نیە. "بڕوانە راڤەكردنی (ئیبن عەرەبی)و قسەكانی (عائیشە) كە هەرگیز لەشی پێغەمبەر لێی دوورنەكەوتووەتەوە".

## هەندێ لە پەرستنەكان:

پێغەمبەری ئیسلام رۆژانە پێنج نوێژی بەسەرا سەپاندوون، نوێژی بەیانی، نیوەڕۆ، عەسر، خۆراوا (مغریب)و عیشا لە ئایینی زەردەشتیدا "زەردەشت داوای ئیمانداران كردووە رۆژانە پێنج جار نوێژ بكەن، فەجرو نیوەڕۆ و عەسرو مەغریبو نیوەشەو".[41]

لە ئایینی مانەویشدا: نوێژ لە ئایینی مانەوی فەرزێكەو لەكاتی دیاریكراودا ئەنجامدەدرێت بە جووڵانەوەی دیاریكراوی جەستە وەكو هەڵسانو نوشتانەوەو كڕنوش بردن، چوار جار نوێژ لە رۆژێكدا، نوێژی یەكەم لە تاریكیو روون دا و دووەم نوێژی عەسرو نوێژی خۆرئاوا لە دوای خۆرئاوابوون، دوای ئەویش نوێژی عیشا دێتو هەموو نوێژێكیش لە دوانزە ركات پێك دێت، هەر كاتو سوجدەیەك شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو خوێندنی مەسحەفیش بەشێوەیەكی تایبەتیو لەهجەیەكی تایبەتو ئاوازێكی تایبەت بێ..[42]

ئیسلامەكان قیبلەیەكیان هەیە ئەویش كابەیە. نوێژكەر لە ئایینی زەردەشتیو مانەویش دا قیبلەیان هەیە ئەویش سەرچاوەی رووناكیو خۆر یان مانگە، ئیسلام دەبێ پێش نوێژ دەستنوێژ بگرێ، هەروەها زەردەشتیش، دەستنوێژ بەر لە نوێژ كردن بریتیە لە دەموچاو

شۆرین‌و هەردوو دەست‌و هەردوو پێ. هەروەها مانەویش پێش نوێژ دەستنوێژ دەگرن، پێغەمبەری ئیسلام باسی سی رۆژ رۆژوی فەرز کردوە لەساڵێکدا، مانەویش رۆژوی فەرز کردووە "رۆژو لە ئاینی مانەویدا سی رۆژە لە هەموو ساڵێکداو حەوت رۆژ لە مانگێکدا، یاسای رۆژویش وایە دەبێ لە خۆرکەوتندا بەرۆژوبێ‌و لە خۆرئاوابوونیشدا رۆژوەکە بشکێنێ".[43]

قیامەت‌و رێگاو پاداشت‌و سزاو کتێبی مرۆڤ، ئەو شتانەن کە لە قورئان دا بەدورودرێژی باسی هاتووە، لە ئایینی زەردەشتیش دا مرۆڤ ژیانێکی دیکەی هەیە جیاوازە لە ژیانی (دنیا) مرۆڤ رۆحێکەو دوای مردنی دەمێنێ، پاشان دەگەڕێتەوەو لەگەڵ جەستەیدا یەکدەگرێتەوە دوای ئەوەی لێی جیابووەوە (رۆحەکان دوای ئەوەی جەستە بەجێدەهێڵێت دوای مردن، لەنێوان دنیاو ئەو دنیا دەمێننەوەو بە تاسەو پەرۆشیەوە چاوەڕێی رۆژی قیامەت دەبن تا لەگەڵ جەستەکاندا یەکبگرنەوە تا لە خاکەوە زیندوودەبنەوە"[44]

مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا سەرپشك کراوە لەنێوان کاری چاکەو کاری خراپەدا لە ژیانی ئەودنیاش پاداشت وەردەگرێ، مرۆڤ هەموو کردەوەکانی پارێزراوە "مرۆڤ مەلائیکەتی هەیە کە چاك‌و خراپەکانی تۆماردەکات، مرۆڤ خۆی دەبینێتەوە کردەوەو بیروباوەڕی تۆمارکراو لەو کتێبەی کە بۆ قەڵەمی پارێزەرەکان مەلائیکە تۆمارکراوە،[45] کردەوەی مرۆڤیش حیساب دەکرێت لە ژیانی یەکەمی بە چاکەو خراپیەوە.

(رۆح دوای ئەوەی لە جەستە جیادەبێتەوە بەرامبەر بە (میترا) کە دادوەری جیهانی ئەودنیایە دەوەستێ (هەر ئەویش سەرۆکی تیمی ئاهوارایە کە لەگەڵ ئالامیشا سبنتا گروپی ئاسمانی پیرۆز پێکدەهێنن) کە لەسەرئەوەی لێی دەپێچێتەوە کەچی پێشکەش کردوە لەژیانی دنیادا بۆ خێری یاریدەدەرەکەی (سرواشاد راشنۆ) کە کردەوەکانی مردوەکە کێشانە دەکەن بە تەرازوی حیساب، چاکەکانی دەخنە تایەکی تەرازوەکەوەو خراپەکانیش دەخەنە تایەکی دیکەوە. لێرەدا نە قوربانی‌و نە قسەکانی‌و نە نوێژکردنە شێوەکاریەکانی فریای مرۆڤ ناکەون جگە لە بیروباوەڕو گوفتارو کردەوە چاکەکانی نەبێت، ئەوەی تای تەرازوی خێری قورستر بوو دەچێ بۆ بەهەشت‌و هەرکەسێکیش تای تەرازوی خراپەی قورس بوو جێگای هەڵدێری دۆزەخە،[46] پاشان (سیرات) دێت ئەو پردەی کە رۆح پێیدا رەت دەبێت، ئەم پردە لەسەر دۆزەخ دروستکراوەو بەرەو بەهەشت دەڕوا، لەبەردەم رۆحی چاکەخوازدا فراوان دەبێت‌و بەدڵنیاییەوە بەسەریدا رەت دەبێت، لەبەردەم رۆحی خراپەکاریشدا تەسك دەبێتەوەو بۆ ناو دۆزەخ بەردەبێتەوە. ئەو پردی سیراتە لەسەر هەڵدێری دۆزەخ دروستکراوە، هەڵدێرێکی توناوتوون‌و تاریك‌و تنك‌و بەسەریەوە ئاگر کڵپە دەکات، بەڵام، کەواتە ئەو پردی سیراتەی لەسەر هەڵدیڕی دۆزەخ دروستکراوەو بەهەشتی داڵدەکۆتای دێت (برۆدۆس) یان (فردوس)[47] "پاشان رۆح دەچێ تا لەو رێگەی چارەنووسە بپەڕێتەوە کە بریتیە لە پردێك لەبەردەم رۆحێکی چاکەخوازدا فراوان دەبێت‌و لەسەرخۆ بەسەریدا تێپەڕدەبێت تا دەگاتە ئەو بەرەکەی دیکە بەرەو دەروازەی بەهەشت، بەڵام لەبەردەم رۆحی خراپەکاندا تەسك دەبێ‌و هەڵدەنووتێ‌و بەردەبێتەوە نێوی, ئاگری دۆزەخ".[48]

مەهدی چاوەڕوانکراو (المهدی المنتظر):

باوەڕی مەهدی چاوەڕوانکراو یەکێکە لە بیروباوەڕە باوەکانی ئیسلام کە لە سونەتەکانی (مەرموزی)و کەسانی دیکە هاتووە "لە ئەبی سەعیدی خدری دەگێڕنەوە کە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) مەهدی لە منە تەوێڵ بەرزو لووت بەران پۆزو دنیا پڕ دەکات لە دادپەروەری دوای ئەوەی پڕ بوو لە زوڵم‌و زۆرداریی‌و حەوت ساڵی هەیە" ئەمەیش لە ئایینی زەردەشتیش دا هەیە، لە (الملل والنحل)ی شەهرستانی دا هاتووە: "لە کتێبی زەندی ئاوێستا زەردەشتی پێ ئاگادارکراوەتەوەو دەڵێ: لە ئاخر زەماندا پیاوێك پەیا دەبێ ناوی (ئاشیز رێگا) یە واتا (پیاوی جیهان) جیهان بە ئایین‌و دادپەروەری دەڕازێنێەوە، پاشان لەسەردەمی ئەودا (بەتیارە) پەیا دەبێ ئافاتێك بەرپادەکات لەکاروبارو مەملەکەتی ئەو بۆ ماوەی بیست ساڵ، پاشا ئەوە (ئاشیز رێگا) بۆ جیهان دەردەکەوێت، دادپەروەری دەژێنێتەوەو زۆرداری لەناودەبات، یاسا گۆڕاوەکان دەگەڕێنێتەوە دۆخی جاران‌و مەملەکەت دەبات بەڕێوەو کاروبار هەڵدەسوڕێنێ، ئایین‌و حەق سەردەخات‌و لەسەردەمی ئەودا ئاسایش‌و ئارامی بەرقەرار دەبێ‌و ئاژاوەو مەینەتیەکان لەناودەچن‌و هێوردەبنەوە".[49]

شێواندنی ئینجیل:

پێغەمبەری ئیسلام وتوویە جولەکەو نەسرانیەکان کتێبەکانی خۆیان شێواندوە. (مانی)یش هەمان شتی وتووە سەبارەت بە ئینجیلەکان. (مانی) دان بە چوار ئینجیلە سەرەکیەکەی کریستیان دا نانێ، گوایە شێواندویانە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی جولەکە.[50]

## مەسەلەی لەخاچدانی کریست:

قورئان رووداوی لەخاچدانی کریست (مەسیح) رەتدەکاتەوە، ئەوەی روویدا لە لەخاچدانی کریست راست نیە، بەڵام (وای بۆچوون)..

(مانی)یش هەمان شتی وتووە: "شەماس مەنسی ئەلقەمەسی لە راڤەکردنی ئەم خاڵەدا لە ئایینی مانییەکان دەڵێ (کریست لەنێو جوولەکەکاندا وێنەو سێبەری لەبەرکردبوو (واتە شێوە)ی جەستەیەکی بنیادەم نەك جەستەیەکی راستەقینە بێت. بەڵام خوداوەندی تاریکی جولەکەکانی فریودا تا لەخاچی بدەن، کاتێ کە جەستەی نەبووبێ بۆیە ئازارەکان کاریان تێی نەکردووە، بەڵام جوولەکەکان وایانزانی لەخاچدراوە".[51]

## کارتێکردنەکانی دیکە لەسەر جولەکەو کریستیانەکان:

کارتێکردنی ئایینی فارسەکان بەتەنها لەسەر ئیسلام نەبوو بگرە پێشتر کارتێکردنی هەبووە لەسەر ئایینی جوولەکەو کریستیان کە شوێنی باسکردن نیە.

## ئایینی جوولەکە:

نوسەرێکی کریستیان سەبارەت سەردەمی دوای بەتاڵان بردنی ژنانی جوولەکە (سەبی) دەڵێ: "سەرسوڕماو نابین کاتێ دەبینین دوای پرۆسەی (سەبی) کردن ئایینی جوولەکە کەوتە ژێر کارتێکردنی ئایینی زەردەشتیەوە، ئەگەرچی شوێنەواری ئەم ئایینە بە ئایینی جوولەکەوە دیار نەبوو تا دوای دوو سەدە، لەو ماوەیەدا نوسینەکانی خەون لە ئەدەبی عیبری پەیابوو، لە دووتوێیاندا شوێنەواری روون‌و ئاشکرا هەڵدەگرن، کە شتێکی شاراوە نیە لە بیروباوەڕی زەردەشتی دا سەبارەت بە ئاسمان‌و دۆزەخ، لەبارەی بوون لە دوای مردن‌و دەربارەی کۆتایی جیهان، هەروەها بیروباوەڕی کەهنووتی فریشتەیی‌و دووانەی خێرو شەڕو لەژێر رکێفی دوو هێزی دژبەیەك پەیابوو، هەریەك لەو دووانە رابەرو فەرمانەدەی خۆی هەبووە، سەرۆکی فریشتەکان میکائیل بۆ خێرو ئیبلیس بۆ شەڕ، ئەم بیروباوەڕانە ئەویش بیرۆکەی مەلەکوتی (ئەڵمسیا)یە دەخرێتە سەر کە رۆژێك لە رۆژان لە وشکایی بەرقەرار دەبێت".[52]

## نمونەی.. شەیتان:

عبریەکان شەیتانیان بەشێوەیەکی تەواو نەناسیوەو وەکو کانگای شەڕخوازی لەم جیهانەدا، جگە دوای دوورخستنەوەیان بۆ بابل نەبێ‌و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ خەڵکی دیکەی خاوەن ئایینە جیاوازەکان. عەباس مەحمود ئەلعەقاد لە کتێبی (ئیبلیس)دا دەڵێ: "لە بەراوردەکاندا دەردەکەوێت کە بیروباوەڕ هێزی شەڕ کەنارگیر دەکات‌و لە (کەسایەتی شەیتان)دا کۆی دەکاتەوە تا لە پاکیزەیی خوداوەند بەرەوپێش بچێت ، نکوولی لەوە دەکات کە خراپەی لێ‌بوەشێتەوە کە لە شەیتان دەوەشێتەوە، بۆیە عبریەکانی پێشین هەستیان بەوە نەکردوە کە شەیتان کەنارگیر بکەن یان شەڕەنگێزی بدەنە پاڵی، چونکە لەخواوەندیش رەچاوی ئەو کردەوەیانەیان دەکرد وەکو کردەوەکانی شەیتان، بۆیە لەلای ئەوان هەندێ جار کردەوەیەك دەدرایە پاڵ شەیتان‌و جارێکی دیکە دەدرایە پاڵ خوداوەند، هەروەکو لە مەسەلەی سەرژمێری گەل روویدا لەسەردەمی داوودا، ئەوجارەی کە ناوی شەیتان هات وەکو ناوی کەس، دەیانووت ئەو داوودی تەفرەداوە بۆ سەرژمێریکردنی گەل ، وەکو لە ئەسحاحی بیست‌ویەك‌و لە سفر رۆژانی یەکەمدا هاتووە، بەڵام حیکایەتخوانەکان ئەم چیرۆکە بەهەمان شێوە لە سفری سمۆئیلی دووەمیش دەگێڕنەوە: "خوا لە ئیسرائیلیەکان تووڕەیەو داوودی ناردەسەریان‌و پێی وت برۆ ئیسرائیل‌و یەهودا سەرژمێر بکە".[53]

لە کتێبی (خودا)ش هی هەمان نوسەر هاتووە: "جوولەکەکان پێش (سەبی)یان پێش نیشتەجێ بوون باسی (شەیتانەکانیان) نەدەکرد کەچی لەنێوان هەردوو رووباردا دەربارەی شەیتان دەدوان‌و بە (ئەهریمەن) ناویان دەبرد، کە نوێنەری شەڕو گەندەڵیە لەلای مەجووسەکان".[54]

## کریستیان (مەسیحیەت):

ئایینی کریستیش کەوتە ژێر کاریگەری ئایینەکانی فارسەوە، چ بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەرێگەی وەرگرتنی راستەوخۆوە، یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەرێگەی وەرگرتن لە جوولەکەوە ، کە لە بنەڕەتدا لەژێر کاریگەری ئایینی فارس بوو. (ژاك دۆشن جێلمان)

وەرگێڕی سرودەکانی زەردەشتی لەسەر ئایینی جولەکە ، باس دەکا کە ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ بانگەشەی کریستیان، دەڵێ: "پەرەسەندنی بیروباوەڕەکان لە فەلەستین دەربارەی خەونە لاهوتیەکان، مەملەکەتی خودا، دوا حیساب، قەیامەت (هەڵسانەوە)، مرۆڤ کوڕی مرۆڤ، میری ئەم جیهانە، یان میری تاریکی، دڵسۆز خاکێکی بەتوانا بوو بۆ پێشوازیکردنیو ڕاڤەکردنی پەیامی ژیانو وتەو مەرگی یەسوع".[55]

<u>نموونە.. فریودانی کریست لەلایەن شەیتانەوە:</u>

لە هەرسێ ئینجیلەکەدا ئەو چیرۆکە هاتووە گوایە شەیتان کریستی خستووەتە بەر تاقیکردنەوەو هەوڵیداوە گومان بخاتە دەرونیەوە "پاشان ئیبلیس بردی بۆ چیایەکی زۆر بەرزو لەوێ هەموو مەملەکەتەکانی دنیاو سەروەریەکانی پیشانداو پێی وت: ئەم هەمووەت دەدەمێ ئەگەر کڕنوشم بۆ بەریو، یەسوع (کریست)یش وتی: بڕۆ شەیتان! نوسراوە: دەبێ تەنها بۆ خوداوەند کڕنوش بەریت جگە ئەو کەسی دیکە نیە" (مەتی 4 : 8 – 10).

ئەم ئەفسانەیە لەسەربوردەی زەردەشتیش دا بەرچاومان دەکەوێت "هەرکە بووە لاو شەیتان هات بۆئەوەی تاقی بکاتەوەو دەسەڵاتی زەوی خستە بەردەستی بەرامبەر ئەوەی واز لە ئەرکی داهاتووی بهێنێ، بەڵام زەردەشت لێی تووڕەبوو و دەریکرد".[56]

( 7 )

<u>سەرسوڕمانی پێغەمبەری ئیسلام لەبارەی مەجووسەوە !!</u>

ئەو شتە زانراوانەی کە لە ئیسلامدا هەیە کە خەڵکی خاوەن کتێب بەمەبەست نەسرانیە، بەڵام سەبارەت بە مەجوسەکان دەقێك نیە ئاماژە بەوە بدات کە ئەهلی کیتابن، بەڵام وادیارە پێغەمبەری ئیسلام توشی سەرسوڕمان دەبوو سەبارەت بەم مەسەلەیە.

چونکە خۆی زۆر لەژێر کارتێکردنی ئایینی فارس بوو،و زۆریشی لێوەرگرتبوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبینی کە لەگەڵ بیروباوەڕەکەی ئەودا ناگونجێو، لە هیچ کتێبێکی دیکەدا نەهاتووەو ، پشتی پێبەستبێو بینیبێتی کە هاتووەتەخوارەوە. پێغەمبەری ئیسلام زۆری لە ئایینی فارسی وەرگرتووەو مەسەلەکانی دیکەی ڕەتکردوەتەوە، ئەوەبوو دۆزیەوە، بەڵام چارەسەرێك جێگای حەپەسانو سەرسوڕمانەو لەگەڵ یەکدی ناکۆکن، ئەویش ئەوەیە کە بەراشکاوی دانیان پیانانێ ئەهلی کیتابن، بەڵام وەکو ئەهلی کیتاب مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات ! پێغەمبەری ئیسلام ئەمەی روون نەکردوەتەوە کە بۆچی مامەڵەی ئەهلی کیتابیان لەگەڵ دەکرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا وا نیین؟!

هیچ وەڵامێك نابینین جگە جۆرە سوپاس گوزارێك بۆئەوەی کە لە ئایینەکەیان وەرگرتووە، ئەمیش کەم نیە! پێم وایە دوو مەسەلە هەیە کە وایان لە پێغەمبەری ئیسلام کرد ، دوودڵ بێت لەبارەی دانپیانان بە فارسەکاندا کە ئەهلی کیتابن:

مەسەلەی یەکەم: مەسەلەی ململانێی نێوان خێرو شەڕ لەجیهاندا ، کە ئەمیش بەردی بناغەیە لە ئایینی فارسی دا، بەڵام پێغەمبەری ئیسلام ئەمەی پێ قبووڵ نەبوو و نەیکردە ڕاڤەکردنێك بۆ بوونی شەڕ لەجیهاندا، ئەمەش بیرێکی چەسپاوە لە ئایینی فارسداو هیچ سودێکی نیە ئەگەر بڵێی فارسەکان ئایینی خۆیان شێواند!!

مەسەلەی دووەم: جیابوونەوەی پێغەمبەرانی فارس – زەردەشتو مانی- لە زنجیرەی پێغەمبەرە عیبریەکان.

ئەم نەزانراوەیەی هەڵوێستی پێغەمبەری ئیسلامو سەرسوڕمانی لەبارەی مەجووسەوە بەردەوام بوو تا ئەوەی دوای خۆی هات.

یەکەم: بارودۆخی مەجوسەکان کاتی ژیانی پێغەمبەر لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە: "عەلی کوڕی عەبدوڵڵا لە زمانی (سوفیان) بۆمان دەگێڕێتەوە ، کە دەڵێ لە عومەرم بیست ئەیووت لەگەڵ جابر کوڕی زێدو عمروی کوڕی ئەوس ، دانیشتبووم پێی وتن دەربارەی ساڵی حەفتای حەج قسەی بۆ دەکردن ساڵی حەجی (موسعەب کوڕی ئەلزوبێر) لەخەڵکی بەسرا لەلای قالدرمەی زمزەم کاتێ نوسەری جوزئی کوڕی مەعاویەی مامی ئەحنەف بووم لە عومەری کوڕی خەتابەوە نوسراوێکمان بۆ هات ، ساڵێك بەر لە مردنی دەڵێ :جیاوازی بکەن لەنێوان هەر شتێ لە مەجوسەکان حەرامە، عومەر قەت سەرانەی لە مەجوسیەکان وەرنەدەگرت، تا عبدول ڕەحمان کوڕی عۆف شایەتی دا کە پێغەمبەر (د.خ) لە مەجوسە کۆچەرەکانی وەردەگرت"..

لە موتئشدا هاتووە:

"جەعفەری کوڕی محەمەد لە زمانی باوکیەوە گێڕاویەتیەوە: عومەر دەیووت: نازانم چی لە مەجوسەکان بکەم؟

عبدولرەحمان کوڕی عۆف وتی: شایەتی دەدەم لە پێغەمبەر (د.خ)م بیستووە: وەکو ئەهلی کیتاب مامەڵەیان لەگەڵ بکەن"..

دووەم: تێکەڵبوونی مەسەلەکە لەلای ئەوانەی دوای پێغەمبەری ئیسلام هاتن دەربارەی مەجووس، دوای پێغەمبەری ئیسلام هاتن دەربارەی مەجووس دوای ئەوەی دیتمان کە عومەر هاوڕێیەکی گەورەی بووە نەیدەزانی چۆن مامەڵە بکات لەگەڵ مەجووسەکاندا، ئەمەیش هەڵوێستێکە دیارە درێژەپێدانی سەرسوڕمانی پێغەمبەر ئیسلام خۆیەتی. کە هەڵوێستێکی لەرزۆکی هەبووە سەبارەت بەو مەسەلەیە.

هەروەها جیاوازیش دەبینین لە رای هەندێ فەقیهەکان سەبارەت بە ژن خواستنی لە مەجووسەکان حەڵاڵ کردبوو، چونکە رازین بەسەرنەدان لەسەر ئایینەکەیان وەکو جوولەکەو نەسرانیەکان". [57]

لە هەندێ کتێبی مێژوودا هەواڵێك هەیە کە (حوزەیفە) کچێکی مەجووسی مارەکردوە، ئەگەرچی بە ریوایەتی جیاجیا هاتووە. دەبینین (شەهرستانی) کەوتووەتە هەمان سەرسوڕمانەوە لەهەمان مەسەلەدا، هیچ ڕێگاچارەیەکی لەبەرامبەردا نیە ، جگە ئەوە نەبێ کە چاوی لە پێغەمبەری ئیسلام کردو چارەسەری مامناوەندی گرتەبەر، دەبینین لە کتێبەکەی لەژێر ناوی مەجووسەکان ئاوەها پۆلێنی دەکات (ئەوانەی هەمان شێوە کتابیان هەیە).

( 8 )

## کۆتایی

کەواتە ئیسلام زۆر کەوتبووە ژێر کارتێکردنی ئایینەکانی فارسەوە، بۆیە دەبینین لەیەکچوونێکی زۆر هەیە ، لەزۆربەی کاروبارو بیروباوەڕەکاندا، بگرە هەندێ لە بیروباوەڕەکان کوتومت وەکو یەکن، وەکو مەسەلەکانی ئەودنیا، قیامەت، زیندووبوونەوەو لێپرسینەوە، پاداشتو سزاو سیرات، رۆحی فارسی ئاشکراو دیار بوو لە زۆربەی بیروباوەڕەکاندا، بگرە ئایینی زەردەشتی بەوە جیادەکرێتەوە لە ئایینی ئیسلام ئاشکراو مەنتقیە لە هەندێ مەسەلەی باوەڕیدا، بەئاشکرا دەبینین لە هەردوو باوەڕەکەدا وەکویەکن، وەکو وتنی ئازاد بەئیرادەو بەهەڵبژاردن. کەچی لەزەردەشتیەتدا بیرۆکەی ئازادی ئیرادەی مرۆڤ بوون ، ئاشکرایە.

دواجاریش بەرپرسیاریەتی لەو کردەوانەی کە لێی دەوەشێتەوە، لەئیسلامدا لەم بابەتەدا ناڕوونیو ناکۆکی دیار بەدی دەکەین. ئێمە وا تێدەگەین لە هەندێ ئایەتی قورئاندا کە مرۆڤ بەئازادی خۆی کردەوەکانی هەڵدەبژێرێ، لە هەندێ ئایەتی دیکە تەماشا دەکەین خوا خۆی بڕیاری هەندێ کاروباری داوەو ویستی گەڕانەوەی بۆ نیە، ئەوەی لە دەوربەمان روودەدات تەنها جێبەجێکردنی ویستی خوداوەندەو مرۆڤ هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نیە، بۆئەوەی نەچیتە تانو پۆی زۆر شتەوە ، هەندێ ئایەت دەهێنێتەوە کە ناکۆکن لەگەڵ وتەی ئازادی مرۆڤ لەهەڵبژاردندا.

(ان الذين كفروا سواء عليهم انذرتهم ام لم تنذرهم يؤمنون، ختم الله على قلوبهم وعلى سمعهم وعلى ابصارهم غشاوة ولهم عذاب عظيم) (البقرة 7 ، 6)، واتا: ئەوانەی خوانەناسن ئەگەرچی ئاگادارت کردبنەوە یان ئاگادارت نەکردبنەوە، ئەوانە بێباوەڕن، خودا دڵو گوێو بینایی بە لێڵایی مۆرکردونو ئەوانە ئەشکەنجەی مەزن دەدرێن".

(فمن يرد الله ان يهديه يشرح صدره للاسم، ومن يرد الله ان يضله يجعل صدره ضيقا حرجا كأنما يصعد في السماء كذلك يجعل الله الرجس على الذين لا يؤمنون) (الانعام 125).

واتە: هەرکەسێ خوا بیەوێ ڕێی نیشان بدات، سنگی فراوان دەکاتەوە بۆ ئیسلام، هەرکەسێکیش خوا بیەوێ ڕێی لێ وونکات، سنگی تەسك دەکاتو سەری لێتێکدەدات وەك بڵێی بۆ ئاسمان بڕوا. هەروەها خودا گوناح دەداتە مل ئەوانەی باوەڕیان نیە.

(ولو شاء الله يجعلكم امة واحدة ولكن يضل من يشاء ويهدي من يشاء ولتسئلن عما كنتم تعملون) (النحل 93).

واتە: ئەگەر خوا بیویستایە ئێوەی دەکردە یەك نەتەوە، بەڵام بیەوێ کێ سەرلێبشێوێنێ سەری لێدەشوێنێنێو بیەوێ ڕێ بە کێ نیشان بدات ڕێگای نیشان دەدات، دەبا لە خۆیان بپرسن ئەوان چیان دەکرد.

(من يهده الله فهو المهتد ومن يضلل فلن تجد له وليا مرشدا) (سورتی الكهف 16).

واتە: "کێ خوا ڕێی نیشان بدات، ئەوە ڕێنیشاندەرە ڕێ لە کێش ون کات ئەو کەسە خاوەنو ڕێپیشاندەر نادۆزێتەوە".

ئەوەی شاراوە نیە ئەم جۆرە ناکۆکیە دەبێتە هۆکاری جیاوازیەکی گەورە لە سەدەکانی یەکەمی مێژووی ئیسلامدا، بووە هۆی پەیابوونی گروپی ئایینی جیاجیا.

مەسەلەیەکی دیکە هەیە کە زەردەشت پێی ناسراوە، ئەویش ئەوەیە شوێنەواری هیچ توندوتیژیەك لە بانگەشەکەیدا نیە، وەکو ئەوەی لە ئیسلامدا هەیە، زەردەشت هەرگیز شمشێری هەڵنەگرتووە، چۆن کەسێك شمشێر هەڵدەگرێت ئەگەر بانگەشەکەی بۆ خێرخوازیو سەرکەوتنی بێت، ئەمەیش پێچەوانەی سیستەمی ئیسلام بوو کە پەنای بردە بەر شمشێرو بە خوێن مێژووی ئیسلامی سوورکرد، سەرجەم مێژووی کوشتنو خوێنڕشتنە، کەچی ڕێڕەوی ئیسلام بەرەو توندوتیژی چوو، کاریگەریشی هەبوو لەسەر مێژووی دوایی ئەم بانگەشەیە. کەچی دەبینین بانگەشەی زەردەشت کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنگرەکانی، وەکو (پارسییەکان) بوونە لایەنگری زەردەشت.

"نەتەوەیەکی ڕەوشت بەرزو ئەدەبی بەرزیان هەیە، ئەوان شایەتێکی زیندوون لەسەر چاکەی ئایینی زەردەشتی کە چ کاریگەریەکی مەزنی هەیە بۆ ڕێكوپێك کردنی مرۆڤ و بەشاریستانیکردنی".(59).

***********************************

پەراوێزو ژێدەرەکان

1- بەر لە پێکهاتن (التكوين): ئەودەمەی ئایینی فارس گەیشتە دوورگەی عەرەبو ناسینی لەلایەن پێغەمبەری ئیسلامو کەوتنە ژێر کاریگەری.

دوای پێکهاتن (التكوين): سەردەمی کارتێکردنی فارس بۆ بەشیعەبوونو تەسەوفو بانگەشەی سۆشیالیزمی لەلای ئەبوزەڕی غەفاریو هەندێ لە رایەکانی موعتەزیلە (المعتزلە)ۆ ئەوانی دیکە. هەندێ پێیان وایە کارتێکردنی فارسەکان کاتی پێکهاتن (التكوين) ئەو رۆڵەی کە سەلمانی فارسی دەیبینێ لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلام.

2- (الله) لە نووسینی عەباس مەحمود ئەلعەقاد 1954 دار الهلال.

3- ئەدەبی فارسی کۆن، باوڵ هۆرن، د.حسێن موجیب میسری کردویە بەعەرەبی، لاپەڕە (102) کتێبخانەی ئەنگلۆ، 1982.

4- چیرۆکی شارستانیەت، ویل دیورانت بە (425) (الهيئه المصريه العامه للكتاب - 2001).

5- (میترا) لە دەقە ئەسڵەکەیدا.

6- (الدين فى الهند والصين وايران) ابكار السقاف ل (248 ، 249) چاپخانەی العصور الجديده، 2000.

7- توێژەر (فيراس السواح) لە باسەکەیدا بەناونیشانی شەیتانو زەردەشت پێغەمبەری یەکتاپەرستیو پێغەمبەری دوانەیی، سێ بەراورد دەهێنێتەوە کە هەرسێکیان راستی لەدایکبوونی زەردەشت دەردەخەن، یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوانزەهەمی پێش زایین، دووەم مێژوویەکی دیکە لە ئاوێستادا هاتووە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایینو دوامێژوو 900ی پێش زایین، ئەم مێژووە زۆر سەلمێنراوە لای توێژەرەکان.

8- لە قۆناغێکی درەنگی دوای زەردەشت (ئاهورامزدا) بووە خوداوەندی چاکەو (ئەهریمەن)یش خوداوەندی خراپە، ئەم هەنگاوەش گواستنەوە بوو لە یەکتاپەرستیەوە بۆ دووانەیی.

9- تەرنیمەکانی زەردەشت، وەرگێڕانی (گاتاکان)و ئامادەکردنی ژاك دۆشن جیلمانو د.فیلیپ عطية کردوویە بەعەرەبی (گاتا 51) ل (145) (الهيئه المصريه العامه للكتاب، 1993).

10- (فجر الاسلام - بەرەبەیانی ئیسلام) ئەحمەد ئەمین، ل (162) (الهيئه المصريه العامه للكتاب، 1996).

11- (الهرطقة فى الغرب) د. رمسيس عوض 53، دار السينا للنشر، 1997.

12- الدين فى الهند والصين وايران، ل (314).

13- (الملل والنحل) الشهرستانى، ج (ل44) چاپخانەی مستەفا ئەلبابی حەڵەبی، 1976.

14- فجر الاسلام، 171.

15- (اديان العالم) حبيب سعيد. دار التأليف والنشر للكنيسه السقفيه بالقاهره.

16- الادب الفارسى القديم، ل 95.

17- الهرطقة فى الغرب.

18- مـانی کتێبـی زۆری دانـاوەو نامـەی زۆریشـی نووسـیوەو ئایینەکـەی خـۆی تیـا روون کردوەتەوە، زۆربەی سەرچاوە رۆژئاوایی‌و رۆژهەڵاتیـەکان نـاوی ئـەم کتێبـەیان هێنـاوەو، ئەم سەرچاوانە ئاماژەیان بەو بابەتە گرنگانـە کـردووە لـەم کتێبانـەدا. لـە کتێبـی (سـفر الاسرار) واتە (سفری نهێنیەکان) زۆر لـەو بابەتانـەی بـاس کـردوە ، دەروازەی باسـکردنی دیسانەوە کتێبـی ئەسڵەکان لەوانەیـە هاوشـێوەی نامـەی (عفریتـەکان) بێـت ، کـە باسـی جەنگی شەیتانەکان دەکات لە جەنگی ئاسمان‌و چیرۆکی دیکە لـە چـیرۆکی قارەمانـەکان‌و کتێبی براگماتیایان کتێبـی (ئەسڵ) کـە لەوانەیـە تەواوکـەری کتێبـی (ئەسڵەکان) بێـت، (ئینجیل زیندوو) یان بەتەنها (ئینجیل) کە بریتیە لە بیستودوو بەش، ژمارەی ئـەلفـو بێی سریانی، کە بریتیە لە فەلسەفەی ئایینی راستەقینە کە بـۆ خـاوەن ئـیرادەی چـاك هاتووەتەخوارەوە دڵسۆزی خوداوەندی، ئینجیل کتێبێکی دیکە کرا بە پاشکۆی دەربـارەی مەزهـەبی جنسـتیکیزم ئـەویش (گەنجینـەی ژیـان)ە. (مـانی لـە رێنماییـەکانی خۆیـدا بنـەمای رەوشـت‌و فـەرزەکانی ئـایین دیـاری دەکـات بـۆ باوەڕپێکـەرانی‌و گـوێگرانی، هـەر لەسەردەمێکی زووەوە هەموو کتێبەکانی ژیانی وەرگێڕدرانە سـەر زمـانی پەهلـەوی، ئـەو کتێبانـەی دیکـە کـە (مـانی) داینـاون بـەزمانی پالـەوی باشـوری رۆژهـەڵاتی کتێبـی (شـاپورخان)ەو ئینجیـل لـەنێو دەقـەکانی (کورفـان)، کتێبـی (کفلایـا) رێنماییـەکانی پێغەمبەرەکەیـە دوای مردنـی، ئێسـتا بەشـێکی زۆری لەبەردەسـتدایە بـەزمانی قبتـی، لەوانە لە گریکیەوە وەرگێڕدرابێت، کتێبی زۆری (مانی)و وتارەکانیمان لەبەردەستە ، کە خۆی لە بۆنەکاندا نووسیویەتی، ئەم وتارانـەی ئاڕاسـتەی شـاگردە چاکەکانی یـان گروپـە مانەویـەکان دەکـرد لەسـەردەم وڵاتـە جۆربەجۆرەکانـدا، لەمـەدائن‌و بابـل‌و میسـینورەی ئەهوازو ئەرمەنستان، بـەم جـۆرە بانگەشـەی مانـەویزم لـەکاتی ژیـانی دامەزرێنەرەکـەی دەریدەخات‌و هەروەها هەنـدێ لـەو وتارانـەی بـە زمـانی قبتـی لەسـەر گـەڵای بـەردی لـە میسر دۆزراونەتـەوە ، لەشـوێنێکی دیکە نوسـەر نـاوی دوا کتێبـی مـانی بـاس دەکـات کـە ناوی (ئەرونج)ە، "وێنەیە کی زۆر خورافی لەسەر کتێبی مانی (ئـەرونـج) گێڕدراوەتـەوە، لەشوێنێکی دیکە (ئالفرێك) پێی وابوو کتێبی (ئەرونج) کە بـەناوبانگ بـووە ، کۆپیـەکی بەوێنـەی رازاوەی ئینجیـل بێـت.. ئێـران لەسـەردەمی ساسـانیەکان نوسـینی ئەرسـەر کریستین، یەحیا خەشاب کردویە بەعەرەبی، 1998".

19- فجر الاسلام، ل 30.

20- سەرچاوەی پێشوو.

21- سەرچاوەی پێشوو.

22- سەرچاوەی پێشوو.

23- لە رۆژی بەدر بە دیل گیرا پێغەمبەری ئیسلام فەرمانی دا بە کوشتنی.

24- فجر الاسلام، 107.

25- من تأريخ الالحاد فى الاسلام، د.عبدالرحمن بدوى.

26- الدين فى الهند والصين وايران.

27- فجر الاسلام.

28- من تأريخ الالحاد فى الاسلام.

29- الدين فى شبه الجزيره العربيه.. ابكار السقاف.

30- سەرچاوەی پێشوو.

31- لە سەرگوزشتەی ئیبن هیشام دا هاتووە: کە لـە رۆژی شـەڕی خەنـدەق کۆچـەریەکان (المهاجرين) وتوویانە: سەلمان لەئێمەیە، ئەنسارەکانیش وتوویانە: سـەلمان لەئێمەیـە، پێغەمبەریش وتوویە (سەلمان لەئێمەیە لە خانەوادەی ئێمەیە).

32- الشخصيات قلقه فى الاسلام، د.عبدالرحمن بدوى.

33- الدين فى الهند والصين وايران.

34- فجر الاسلام.

35- الدين فى الهند والصين وايران.

36- سەرچاوەی پێشوو.

37- بەم شێوەیە لە دەقەکەدا هاتووە، مەبەستیش (القدوس)ە.

38- (الله) عباس محمود العقاد.

39- ميلاد الشيطان.

40- الدين في الهند والصين وايران.

41- ميلاد الشيطان.

42- الدين في الهند والصين وايران.

43- ميلاد الشيطان.

44- الدين في الهند والصين وايران.

45- ميلاد الشيطان.

46- الدين في الهند والصين وايران.

47- الدين في الهند والصين وايران.
48- ميلاد الشيطان.
49- الملل والنحل.
50- الهرطقة في الغرب.
51- سه رجاوه ی بيشوو.
52- اديان العالم.
53- ابليس، عباس العقاد 1958 دار الهلال.
54- (الله) عباس العقاد.
55- ترانيم زرادشت.
56- ميلاد الشيطان.

**له پەراوێزی توانج لەسەر ئەم چیرۆکە هاتووە: "رووبەڕووبوونەوە لەنێوان رزگارکەرو شەیتانا لە ئەدەبیاتی ئایینی بوزاییو کریستیانیشدا هاتووە، کاتی بوزا لە دانیشتنێکی دواتێڕاماندا دانیشتبوو کە بەرەو زانیاریەکی موتڵەقی دەبرد دەوری ئەو درەختەیان دا کە مامۆستا لەژێری دانیشتبوو هەوڵیاندا بیترسێننو ترس بخەنە دڵیەوە بەهەموو رێبازێک، بەڵام خۆی تێک نەداو لەتێڕامانی خۆی بەردەوام بوو، پاشان (مارا) خۆی بۆی هاتو بەهەموو چەکێك دەسدرێژی لێی کرد، بەڵام دەبوونە چرۆی گوڵو لەدەوری سەری بەئاسمانەوە هەڵدەواسران، تا بەیانی بووە ئەملاوئەولای بوزا روناك بووەوەو بوو بە عیرفانو بەئەقڵو رۆحی گەورەی حەقیقەتی دەبڕی. هەروەها لە ئینجلیی (مەتی)یشدا دەخوێنینەوە کە ئیبلیس یەسوعی برد بۆ دەشتایی دوای ئەوەی رۆحی قودسی بۆ هاتەخوارەوە تا تاقی بکاتەوە، دوای چل رۆژ، ئینجا ئیبلیس بردی بۆ شاخێکی بەرزو لەوێوە هەموو مەملەکەتەکانی دنیاو سەروەریەکانی پێی نیشانداو پێی وت، ئەم هەمووەت دەدەمێ ئەگەر کڕنوشم بۆ بەریت، یەسووع پێی وت: بڕۆ شەیتان: چونکە نوسراوە: تەنها بۆ خودا کڕنوش دەبرێت هەر ئەویش دەپەرسترێت" (مەتی** 4 : 7 – 12).

57- فقه السنة.
58- قصة الحضارة **(چیرۆکی شارستانیەت)**

مەتینەتیـــــی
ئەقڵی ئیـــــسلام

نووسینی: مستەفا جوحا، 1982

بەشی یەکەم

## مەکە لە مێژووی راستەقینەیدا

570 – 632 زایین

ئیسلام بەناموٚیی پەیابوو، هەر بە ناموٚییش دەگەڕێتەوە، هەروەکو چوٚن پـەیابوو.. خوٚش بەحاڵی ناموٚکان..

(محەمەد کوڕی عەبدوڵلا)..

★★★

هەموو وڵاتێکی ئازاد مەشق بە روٚڵەکانی خوٚی دەکات لەسـەر بیرکردنـەوەو، هانیـان دەدات بوٚ توێژینەوەو گەڕان، ئازادیان دەکات بوٚئەوەی هەرکەسە ببێتـە خـاوەن ئـەو رایـەی کـە خـوٚی پیٚی راستە، هەر ماموٚستایەكو پابەندی رایـەکانی خـوٚی بێـت، یـان عـەودالێیان بێـت ئەمـەیش قوتابیانی وشكوبرینگ دروست دەکاتو دەوڵەتێکیش کە لەسـەر سیـستمێکی فێرکـردن بـڕواو، ئەمەیش بنەمای نەتەوەیەکە ئازادی بیرکردنەوە پشتگوێ بخات کە بوٚ گەشەسەندن پێویستە..

سدنی هکسن

ماموٚستای زانستی ئاژەڵ

لە زانکوٚی مانچستەر

## هەتیوی مەکە

محەمـەد هـەتیووی مەککـەی وشـكوبرینگ هـیچ رووەكو دارخورمـای لـیٚشێن نـەدەبوو، هەژارو کەم سەرچاوە، (ئەوساش نەوتی نەبوو) کـەم ئـاو و بگـرە هـەر ئاویشی نـەبووە، گـڕە و گـەرماو ژیـان تیـای سـەخت بـوو، پشـتی بـەدەرەوە قـایم بـوو بـوٚ بەرەنگاربوونـەوەی مەترسـی برسیەتیو مەرگ، وەکو زوٚربـەی منـداڵان لـەو بیابانـە دووره پشـتگوێ خـراوە پـەروەردە بـوو، هێشـتا لـە سـکی دایکـی بـوو کـە بـاوکی مـرد، ئامینـە خـەم بـاری قـورس کـرد ، دوای مردنـی مێردەکەی عەبدوڵلا مەمکانی وشکیان کرد، (سوٚیبە) ژنی (ئەبوو لەهـەب) بـوٚ چـەند روٚژێـك مەمکی پیٚدا (بەم شیردانەش محەمەد بووە برای شیریی (مەسـروح – کـوڕی سـوٚیبە) ، بـەر لـە هـەردوو بـرا (مەسـروحو محەمـەد) هـەمزە لەهـەمان مـەمك شـیری خواردبـوو، (سـوٚیبە)یـش



www.dengekan.com

سپاردیە (حەلیمەی سەعدیە) لە بیابان ، بۆئەوەی لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی بۆ ماوەی دوو ساڵ شیری دەداتێ ، کە تەمەنی بووە شەش ساڵان گەڕاندیانەوە بۆ دایکی، دایکیشی لە مەککەوە بردی بۆ مەدینە، بۆ سەردانی گۆڕی باوکیو خاڵۆکانی (لە خێڵی زەهرە)، ئامینە ساڵی 576ی زایین مرد، کاتێ کە محەمەد تەمەنی هەشت ساڵ بوو، دایکی ئەیمەن منداڵەکەی هەڵگرتو بردی بۆ لای باپیرەی (عەبدول موتەلیب)، ئەویش گرتیەخۆیو بەخێوی کرد تا ئەویش گەیشتە عەبدوڵڵای کوڕی ، کاتێ کە تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، دوای مردنی باپیرەی(ئەبو تالیب) باوکی (عەلی) گرتیەخۆی.

کەواتە لە منداڵیی محەمەددا چوار ژن هەبووە (وەکو دایك)، لەوانەیە زیاتریشو دوو پیاویش (دوو باوك) جگە باوکی راستەقینەی، سێ برای شیریی هەبوو، یەکێك لەوانەش مامەی برای باوکی بوو، مێژوونووسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە (ئەبوتالیب) برازاکەی بەسۆزەوە لەئامێزگرت، بەڕادەیەك کە مەترسیدار بوو "لە دەستی تاوانکار لێی دەترسا یان لە رووداوێکی ناگەهان، لە سروشی ئەم ترسەیشەوە حیسابی بۆ هەر شتێکی چاوەڕوانکراو دەکرد، زۆرجار منداڵەکەی لە خەو هەڵدەسانو (عەلی) کوڕی دەخستە جێگاکەی، بۆئەوەی زیاتر دڵنیابێ، ئاماژەیش بۆ وەسوەسە هەمیشەییەکانیو وریایی رادەبەدەری دەکا".

"ئەبوتالیب بەبێ محەمەد هەڵینەدەکرد، کاتێ بەدەم بانگەوازی سەفەری سەر پشتی حوشتری کاروانەکانەوە دەچوو بەرێگای شام، بۆیە دەیخستە تەك خۆی، ئەگەرچیش ئەو سەفەرە زۆر دوورودرێژبووایە".. بۆچی؟

ئایا محەمەد نەخۆشییەکی نائاسایی پێوەدیار بوو؟ دەبێ مەسەلەکە نهێنیەکی تیابووبێ.

محەمەد بەچیەوە دەینالاند؟ لە کەبتێکی زۆر سەخت؟ یان هەستی بە پشتگوێخستن دەکرد ،یان مەسەلەکە بێباوكو بێبەشبوون بوو؟ ئایا ئەبووتالیب سەرنجی ئەوەی نەدابوو کە برازاکەی حەزی بەتەنیاییو دوورەپەرێزیەو ، شوێنێك سەرنجی رادەکێشاو حەزی بە دانیشتنە لەگەڵ خەڵکانێکدا؟

هەرکەسێك وەکو (محەمەد) منداڵیەکی ئاڵۆزی هەبێت تووشی جۆرەها نالەباری دەروونیو شڵەژان دەبێو، تووشی ترسو واهیمە دەبێو نیگەرانو لە کەسوکاری نامۆ دەبێت.

لەوانەیە محەمەد ئەقڵو رەوشتی لایاندابێت، لەژێر کاریگەری خەمۆکی و بێئومێدییەکی قووڵدا، کە لە ناخیدا رەگیان داکوتابوو، هەروەها ترس لە کۆمەڵ، کۆمەڵی مەکیی، کە تەوژمو مەزەبە جۆراوجۆرو ناتەباکان داگیریان کردبوو، وەکو چۆن بازرگانو پارەدارو وەبەرهێنانو کرپارەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو، ئەوانەی کە مەککەیان کردبووە پایتەختی دوورگەی عەرەبی ئەوساکە، هەروەها مەڵبەندێکی سەرەکی کە هەموو گوندەکان لێی کۆدەبوونەوە، گەرچی مەکە دەکەوتە ناوەڕاست رێگای بازرگانی نێوان یەمەن ، کە خاوەنی خێروبەرەکەت بوو ، وڵاتی شامیش کە بازاڕێکی ساغکردنەوەی گەورە بوو.

بێگومان محەمەدی منداڵە دەوڵەمەندەکانی یەمەنو شامی دیبوو، بە چاو دەیبینی یەمەنیەکانو شامیەکانماڵو کاڵا دەگۆڕنەوە، کەچی چینی هەژاری مەکەیش کە خۆی لەوان بوو، پتر هەژارو کلۆڵو بەدبەخت دەبوون. ئەمە سەرەڕای ئەو مەرگەساتەی بەهۆی مردنی دایكو باوکیو عەبدولموتەلیبی باپیرەیەوە تووشی هاتبوو، بۆیە خولیای دوورەپەرێزیی بەهێزکردبوو، لەوانەیشە لەدەروونیدا رق رەگی داکوتابێ بەرامبەر بەو کۆمەڵگایەی کە هیچ سۆزو بەزەیەکی نەبوو بەرامبەریو، هیچ دەستپێشخەریەکی نەکرد بۆ یارمەتیدانی ئەو چەوساوەو بێدەسەڵاتانەی کە هەمیشە لەژیاندا چاوەڕێی زریانێك بوون لەو دەردەسەریەی تیایندا رزگاریان کات.

ئەبوتالیب برازاکەی لەخەو هەڵدەسان هەرکە ویستبای سەفەر بکات، ئەمەیش مەسەلەیەکی ترسناك بوو ، لەوانە منداڵە بێباوکە بێبەشبووەکە نەخۆشیەکی دەروونی هەبووبێ، مامی پێی وابوو ئافاتێکەو هەڕەشە لە سەلامەتی منداڵە بێتاوانەکە دەکا ، کە هەر لە سەردەمی بەرمەمکەییەوە تووشی نەگبەتیو کارەسات بووبوو، نامانەوێ پەلەبکەین لە حوکمدان ، کە گوایە محەمەد نەخۆشی دەروونی هەبووە، گەرچی رواڵەتەکان یان هەندێك ئاماژە بەوە دەدەن.

<u>تۆوی شۆڕش</u>

کۆمەڵگای مەکەیی داتەپیوو گەلێ چین وخەڵکی تیابوو، وێنەیەکی تاریك، وێنەیەکی بێ چوار چێوە، محەمەدی منداڵ زۆر لەو وێنەیە رامابوو، ئەو جگە لە مشتێ خەڵك هیچی نەدەبینی: (ئەو خەڵکەش) دەوڵەمەندەکانی مەککە بوون، پارەدارێکی زۆرو خاوەن زەوی پانوبەرینو ژمارەیەکی زۆری حوشتر بوون، دانیشتوانی گەڕەکە خواپێداوەکانی مەکە لە لەگەنی زیو و زێڕ خواردنیان دەخوارد، بەهەزاران سەر حوشتریان هەبوو، لە ژووری بەرزو کۆشكو تەلار نیشتەجێ بوونو جلوبەرگی ئاوریشمی یەمەنییان لەبەردەکردو، لەسەر نوێنی بەرز دەنووستن، فەرشیان بەناوەخنو نەرمونۆڵ بوو،و قەرەوێڵەی نایاب، دەستیان بەسەر

پارەوپولی هەتیوان‌و بێدەسەڵاتەکاندا دەگرت، جەختیان لە قەرزارەکان دەکرد کە ژن‌و کچەکانیان داوێن پیسی بکەن بۆئەوەی قەرزەکانیان بدەنەوە. بەڵام (بەدبەختەکان) زۆرینەی خەڵکی مەکە بوون.

محەممەد نەیدەتوانی سەیریان بکات، ئەوانە چەوساندنەوەو زۆرداری پلیشاندبوونیەوە، بریتی بوون لە هەرچی‌وپەرچیەکان‌و خوێڕییەکانی عەرەب‌و دزەکانی دوورگەکەو چەتەکانی بەدکاریی، خواردنیان گەڵاو پوازو بەری درەخت بوو و ، گژوگیایان بە کاڵیی دەخوارد، لەوانەیە لە خوری‌و خوێن خواردنیان دروست کردبێ یان ئێسقانیان شکاندبی‌و گۆشتەکەیان لێکردوەتەوەو کوڵاندویانە.

وێنەیەکی ترسناك بوو، برسیەتی دڵی ئەوانەی هەڵدەدڕی کە نەیاندەویست سواڵ‌و سیقە بکەن، برسیەتی پەلاماری ماڵی دەستەوسانەکانی دەدا. دەیکردنە نێچیر، ئایا مەرگ باشتر نیە لە سەرشۆڕی‌و برسیەتی‌و بێبەشی، کاتێ بەدبەختەکان ڕێگا نادۆزنەوە بۆ شۆڕش‌و رزگاربوون؟.

وێنە تاریکەکەی مەکەی داپۆشیبوو، محەممەد دەترسا، رۆڵەکانی چینەکەی خۆی بۆگەنیان لێدێت لەبەر خۆنەشۆرین، ئەسپێ لە قژەکانیاندا گەمەی دەکردو، لە جەستەیاندا بەکەیفی خۆیان دەهاتن‌و دەچوون.

محەممەدی مێردمنداڵ دەیەوێ چارەسەرێك بدۆزێتەوە، سەری سوورماوە لەم دیاردەیەو دۆزینەوەی نهێنییەکانی، گرفتەکە تەشەنەدەسەنێ، محەممەد ئەقڵی دەشڵەژێت‌و ناتوانێ هیچ بکات، (ئەبوتالیب) نەیدەزانی کە ئەم جۆرە فاکتەرانە ئەگەر لە منداڵێکی بەدبەختی وەکو محەممەددا کۆبێتەوە رەوشت‌و ئەقڵ‌و کەسایەتی دەگۆڕن، بۆیە هەمیشە لە برازا نیگەرانە خاوەن خواستەکەی دەترسا، لەوەی کە رووداوێکی لێ رووبدات، بۆیە بۆ هەرکوێیەك رۆیشتبا لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، لە محەممەدیشدا شۆڕشێك دژ بە واقیع هەبوو.

## لە کلینیکیەکەی فرۆیدا

(ئەبووتالیب) چاودێری جووڵانەوەکانی برازاکەی دەکردو دەیبینی هەندێکیان وڕێنەیان تیایەو هەندێکیان خەمی تیایەو لە هەندێکیشیان یاخیبوون‌و خواست‌و تووڕەیی‌و رقبوونەوە هەیە، وەك بڵێی (ئەبووتالیب) لە وەزعی ئەم منداڵە سەیرو ترسناکەی دەپرسی، ئەگەربێتو ئەقڵی تووشی هەلوەسەو لادان بووبێت. ئەمەیان کێشەیەکی مرۆڤایەتیە، بۆچی لێی بێدەنگ نەبین، ئەمە لە ژیانی سیاسی‌و فیکری‌و ئەدەبی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌و سۆزناکی‌و زانستیدا رەگی داکوتاوە؟

ئەم کێشەیە دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە محەممەد تێماندایە کە بڕوای پێ بکەین یان بڕوای پێنەکەین، ئەم کابرایە خۆی دەمێکە بە شورەیەك لە فریشتەی خواو پێغەمبەرانی‌و ئەقڵمان‌و ناخمانی گورێچە داوە، هەروەها مێژوو و کەلەپووری داگیرکردووەو قۆرخی کردون، تائێستاش داگیری دەکات‌و قۆرخی دەکات، کە ناشیرینترین شێوەی داگیرکردن‌و قۆرخ کردنە.

روخسەت لە (ئەبووتالیب)ی سەرسوڕماو دەخوازین کە ترسی لە برازاکەی هەیە، با لەگەڵیدا لێی بکۆڵینەوە، گەرچی دوای سەدان ساڵ لەبارەی ئەوەی کە لەبارەی برازاکەیەوە بەمێشکیدا دەهات، دەبا (محەممەد)ی لاوی هەڵکەوتووی ئاڵۆز ببەین بۆ کلینیکیەکەی (سیگمۆند فرۆید)، تا رێنماییمان بکات، چونکە ئەو زانایەکی گەورەی دەروونناسیە، بەڵکو سەروسیمای ئەم مەسەلەیەمان بۆ ئاشکراکات.

## محەممەد لە کلینیکیەکەی فرۆیدا

(سیگمۆند فرۆید) چی دەڵێ:

بلیمەتی هێمن‌و لەسەرخۆ بلیمەتێکی دەروون‌و ئەقڵ‌و هەست شێواو دەخاتە ژێر چاودێری توێکاری دەروونیەوە، هەندێ پرسیار لە (ئەبووتالیب) دەکات لەبارەی لەدایکبوونی محەممەدو مردنی دایك‌و باوکی‌و شیرەخۆرەیی‌و پەروەردەو جووڵانەوەکانی‌و خواردن‌و خواردنەوەو خەوتن‌و تووڕەبوونی‌و دڵخۆشی‌و پەیوەندیەکانی لە برادەرە نێرو مێیەکانیدا. (ئەبووتالیب)ی نەدرکێنەر بەراشکاوی هیچ دەرنابڕێت، (فرۆید) بەیانەکەی خۆیمان بۆ دەخوێنێتەوە:

"فێگرتن (Epilpsy) خوویەکی تووڕەیی کتوپڕ، دەرهاویشتەکانی جیاوازو توندوتیژی لە تاکەکاندا جیاوازە، بە پلە دەبێتە دوو جۆرەوە.. هەریەك لەو دوو جۆرەش رواڵەتی

تایبەتی خۆی هەیە، جۆری یەکەمیان پێی دەوترێت (فیگرتنی گەورە) بەم خولانەی خوارەوە تیدەپەڕێت:

بەر لە نۆرە تووڕەییەکە سەرەتاکەی زۆر شێوەی هەیە، وەکو سەرەگێژکەو سڕبوونی چوارپەلو، ترسو واهیمەی تارمایی بینینو دەنگی ترسێنەر، ئەم سەرەتایانە چەند دەقیقەیەك دەخایەنێت، پاشان گرژیو توونـدبوونی نائیرادەی ماسوولکەکانی جەستەو ئەنجامیش نەخۆشەکە دەکەوێت، ئەنجامیش هەندێ شوێنی سەرو جەستەی بریندار دەبێت".

(ئەبوتالیب) قسەکەی پێدەبڕێتو دەڵێ: ئەی نوژداری ئەقڵ تۆ لەگەڵمان بووی..

فرۆیدیش لەسەری دەڕوات:

"ئەم گرژیە (Convtsion) لەسەرەتادا لەجۆری (زۆر شڵەژان)دایە، پاشان دوای سێ چرکە دەبێتە شڵەژانی لەرزۆك ، ئەم حاڵەتە گرژیەش دەرهاویشتەی دیکەی لەگەڵدا دێت ، وەکو: گێڕبوونی کاجێرەو زمان گەستنو چاو زەق بوونو گۆڕانی رەنگی دەموچاو و شڵەژانی پرۆسەی هەناسەدانو جووڵانەوەی دڵو کەف چاندن، لیك هاتن، ئەم نۆرەیە پێنج خولەك دەخایەنێت، پاشان نەخۆشەکە دەگەڕێتەوە حاڵەتی جاران ، هەندێ جاریش خەوێکی قووڵی لێدەکەوێت، هەرکە بەئاگادێتەوە، هەست بە ماندوبوونو هیلاکی دەکاتو هیچی بیرناکەوێتەوە لەوەی کە لەکاتی نۆرەکە روویداوە..".

(ئەبووتالیب) لە بێدەنگی هیچی تری بۆ نامێنێتەوە.

فرۆید لەسەری دەڕوات:

"بەڵام جۆری دووەم پێی دەڵێن (فیگرتنی بچووك Epile tifrom) دەرکەوتەکانی سووکترە لە دەرکەوتەکانی جۆری یەکەمو نۆرەی ئەم جۆرە کەمترە لە نۆرەی فیگرتنی گەورەو هیچ نیشانەیەك لەپێشەوەی نیەو هیچ گرژبوونێکی بەدواوە نیەو گرنگترین نیشانەکانیشی لەدەستدانی هۆش بۆ ماوەیەکی کورتو لەبیرچوونەوە بۆ ماوەی چەند چریکەیەك یان خولەکێك، هەندێ جاریش نەخۆشەکە بەردەبێتەوە سەرزەوی، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەتوانێ لەنگەری خۆی بگرێت، هیچ نیشانەیەکی دیکەمان بۆ دەرناکەوێت تەنها سووڕانی چاوەکانیو ملی خواردەبێتەوەو هەرچیەکی بەدەستەوە بێت لێی بەردەبێتەوە، لە قسەکردن دەوەستێ بێئەوەی رستەکەیشی تەواوبکات. تووشبوو لەم حاڵەتەدا کە ئاگای لە ترسناکی نیە، زۆرجار لەکاتی پەڕینەوەی رێگادا دەوەستێ یان دەکەوێت، لەکاتی وەستاندا لە پەیژەی تراموایو رەنگی زەرد هەڵدەگەڕێتو، هیچ دەستپێکی دەربڕینی لێدیاری ناداتو لەپڕیشا بەئاگادێتەوەو هەستی تەواوی دەگەڕێتەوە".

(ئەبوتالیب) بێدەنگی دەشکێنیو دەڵێ: لە رستەکاندا ئەی نوژدار، تراموای وشەیەکی نامۆیە بە ئێمە.

" بەڵام هەندێ لەو تووشبوانە دەتوانن لە کارەکانیان بەردەوام بن لەو خاڵەوە کە لێی وەستان، بێئەوەی هەست بە بیرچوونەوەکەیان بکەنو رستە ناتەواوەکە تەواودەکەن، یان لە رۆیشتن بەردەوام دەبن وەك بڵێی هیچیان لێ روو نەدابێ، هەندێ لەم نۆرە فیگرتنە بچووکانە دەبنە نۆرەی جۆری گەورە، بەڵام لەم حاڵەتەدا تووشبوو دووچاری هەردوو جۆرەکە نابێت".

ببورە فرۆید:

ئەگەر (ئەبوتالیب) لە برازاکەی بترسێت لە هەر شتێکی چاوەڕوانکراودا، ئەی نابێ کە فیگرتنی بچووك نالێین گەورە کوتوپڕ تووشی محەمەد دەبوو، (ئەبووتالیب)ی نیگەران دەکردو بیری لە برازاکەی دەکردەوە؟

فرۆید لە خوێندنەوەی بەیانەکەیدا بەردەوام دەبێت:

"هۆیەکانی ئەم نەخۆشیە لە گەوهەردا ئۆرگانیە وەکو توێژەرەکان دەڵێن.. دەرکەوتووە ئەم نۆرە فیگرتنانە زیاد دەبێ بەهۆی نیگەرانی گشتیەوە کە بۆردومانە ئاسمانیەکان لەکاتی جەنگدا دەیاننایەوە".

(ئەبوتالیب) بەسەرسووڕمانەوە گوێ دەگرێت، ئەبوتالیب ورتەورتی لێوەدێت: نابێ محەمەد تووشی لێدانی سەر بووبێت لەو رۆژانەی کە لەلای (حەلیمەی سەعدیە) بووە؟ بۆ نا؟!

لەگەڵ زانای دەروونناس بەردەوام دەبین، با جۆرەها رواڵەتەکانی لادانی دروونی (الشذوذ النفسي) بخەینە بەرچاو:

فرۆید راڤە دەکاتو پۆلێن دەکاتو شیدەکاتەوە:

1- نیواستنیا (Nervous Breakdown) ماندووبونی دەروونی:

ئەمیش جۆرێکە لە نەخۆشیەکانی دەروونو لە هەندێ رووەوە لە حاڵەتی نیگەرانی دەروونی دەچێت، بەڵام نیشانەکانی هەندێ خەسڵەتیان تیایە جیای دەکاتەوە لە حاڵەتی

نیگەرانیو دەیکاتە نەخۆشیەکی تایبەت بە خۆی و، گرنگترین نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە، هەمیشە بە ماندووبوونێکی زۆر دەکات، دەبینین نەخۆشەکە هەمیشە گازندەی ماندووبون دەکات لە هەر ئیشێك کە دەیکات، زۆرجار لە دەرچوونی نەخۆشەکەوە لە نوێنەکەی دەست پیدەکات ، تا دەگاتە چوونە نێو جێگاوە لە ئێوارەدا، بگرە دواجاریش ناتوانێ خەوێکی هێمن بخەوێت، دواجاریش هەست بە ماندووبونی لەشی زیاتر دەکات، تا وا هەست دەکا کە لەشی نەخۆشەکە نەوەك دەروونی، هەروەها نەخۆشەکە هەست بە دڵتەنگیو بێزاریی دەکاتو نایەوێ لە هیچ ئیشێك بەشداری بکات، بەئاسانی تووشی بێزاری دەبێ تەنانەت لە ئاسانترین ئیشوکاردا، ناتوانێ بەردەوام بیر لە بابەتێکی دیاریکراو بکاتەوە.

ئەم نەخۆشیەش خاوەنەکەی تووشی بێئومێدیەکی قورس دەکات، لەوانەیە حەز بە خۆکوشتن بکات. زۆربەی خەڵکی چینی چەوساوەی مەککە، پێیان باشتر بوو دەرگا لەسەرخۆیان داخەن تا لەبرساندا دەمرن.. دوای ئەوەی هیچ هیواو ئومێدێکیان نەدەما، ئەنجامی تێکشکان کە مێشك ماندوو دەکاتو دڵو ئەقڵ دادەڕزێنێ.

2- هستیریا (Hystaria):

ئەوەیش رواڵەتێکە لە رواڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کەسایەتی، ئەم نەخۆشیەش تووشی لاوان دەبێ بەتایبەتی لەلای مێینەکان. کەسایەتی هستیری خەسڵەتەکانی جیاوازە لە کەسایەتی ئاسایی، دیارترین ئەم خەسڵەتانەش، دەروون وروژاندن، ناوەندی خودیەتیو کەم توانا لەبڕیاردانو کۆنترۆڵکردنی هەڵوێستەکانو راکردن لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی، ناکامڵ بوونی ئەقڵو جەستەیی، حەزی زیاتر بەسۆزە نەك ئەقڵو ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی هەست نەك بۆ دەسەڵاتی لۆژیك، ئەم خەسڵەتانەش نەخۆش لە قۆناغەکانی یەکەمی ژیانی درکیان پێدەکات، بەڵام بەرەبەرەش دەبێتە بەشێك لە رەوشتیو تەواوکەری کەسایەتیەکەی.

خەڵکێکی زۆری (مەکە) ئەو سەردەمانە تووشی نەخۆشی هستیریا بوونو ، مێژوونووسەکان ئاوڕیان لێی نەداوەتەوە ، تائێستاش رۆژهەڵاتیەکان بڕوایان بە چارەسەری میتافیزیکی هەیە وەکو دوعاو نوشتەو سەردانی گۆڕی قەدیسو پێغەمبەرەکانو خاوەن کەرامەتو مەزاری پیاوچاکانو ئیمامەکان، چونکە پزیشکی دەروونی لەکاتی محەمەددا نەزانراو بووە، مێژوونووسو توێژەرەکان گوێیان نەداوە کە رۆڵەکانی چینی رەوشت روون لە (مەکە) چییان بەسەر هاتووە، هەروەها خەڵکی جگە لە (مەکە)یش بەهۆی برسیەتیو ئەشکەنجەدانو چەوساندنەوەو نیگەرانیو ترسو بێبەشبوونو زۆرداریو زەبروزەنگەوە تووشی ببوون. پیاوێك زۆری لێدەکرێت ژنەکەی یان کچەکەی بۆ داوێن پیسی بۆ پەیداکردنی پێویستیەك یان بۆ دانەوەی قەرزێك لەسەریەتی کە گرفتێکی بنەڕەتیە بەکار بهێنێ، کە دەبێتە هۆی نەك هستیریا بگرە دژوارتر لە هستیریاش، بۆ نموونە بۆ تۆڵەسەندنەوەیەکی هار و شێتانە، یان بەچەکەوە پەلاماردانی ئەوکەسانەی کە خاوەن ماڵو سەڵتەنەتن. بۆیە عەرەبەکان بیابانیان پڕکرد لە شانازیکردن بە هێزو تفاقی خۆیانەوە.. هەستی دەکرد ئیدی سەربەستەو سەربەرزەو ئازاو کەڵەمێردە. تەنانەت عەرەبەکان نەیاندەویست شانازی بە رێنماییەکانی مەلیکەکانیانەوە بکەن.. بگرە لۆمەی هەر مەلیکێکیان دەکرد کە مەحرەمەکانیان نەپارێزێت، یان بەخۆشەویستیو کەرامەتەوە لەگەڵیاندا نەجووڵایەتەوە.

3- رەوشتی سیکوپاتی (Psychpathic):

کەسایەتی سیکوپاتی کەسایەتیەکی نەخۆشە، هەروەکو کەسایەتی هستیری وایە، جیاوازیش لەنێوان هەردوو کەسایەتیەکەش تەنها لە جۆری لادانە رەوشتیەکەیەو، رادەی ئەم لادانە کە چەند زیان بە تاکەکەسەکانی کۆمەڵگا دەگەیەنێت، چونکە رەوشتی سیکوپاتی زۆرجار خاوەنەکەی پاڵ دەنێت بۆئەوەی ئازاری کەسانی دیکە بدات، بەڵام رەوشتی هستیری تەنها زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت..جیاوازییش لەنێوان نەخۆشی هستیریا، یان نەخۆشی سیکوپاتیو نەخۆشی ئەقڵیو دەروونیەکانی دیکە تەنها جیاوازیە لە پلەی ململانێ ئەقڵیەکەداو، ئەو لێدانە دەروونیانە کە چ شوێنەوارێك لە ژیانی تاکەکەس بەجێدەهێڵن، سەرباری ئەوەش ئامادەبوونی دەروونی رەچەڵەکی رادەی تێکەڵ بوونی ئەم فاکتەرە لەگەڵ فاکتەرە دەرەکیەکانی ئەو ململانێ ئەقڵیە.

4- شیزوفرینیا:

نەخۆشیەکە لە نەخۆشیە دەروونیەکانو زۆرجاریش نیشانەکانی لە تەمەنی نێوان چواردەو سی دا دەردەکەوێ، ئەمەیش لە پیاواندا زیاترە لەوەی لە ژنان، دانیشتوانی شارەکان پتر دووچاری دەبن لەوەی دانیشتوانی گوند، چونکە ژیانی شار ئاڵۆزترە لە ژیانی لادێ، هەروەها داخوازیو توانی تاکەکەس بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیا دەژی زۆر ئاسانترە لە لادێ لە هی شار.

رەوشتی شیزوفرینیا بریتیە لەو حاڵەتانەی کە گرنگترین خەسڵەتەکانی، هەڵسوکەوتی نامۆ، هەڵێنجان بێئەوەی لەگەڵ ئەقڵدا یەکبگرێتەوەو وڕێنەی مەزنایەتیو چەوساندنەوە،

بیرکردنەوەو وریایی پچڕ پچڕو واهیمەو شڵەژانی هەست.. (ئەبوتالیب) هەناسەیەك هەڵدەکێشێ، بەڵێ محەمەد خاوەنی هەڵسوکەوتێکی نامۆ بوو، وڕێنەی دەکرد، بیرکردنەوەو ئاگایی پچڕ پچڕ بوو، ئەبوتالیب ئەمەی وتو بێدەنگ بوو.

5- شێت بوونی خولی (Manic-deprssive psycg sis):

نەخۆشیەکە لە نەخۆشیەکانی ئەقڵ، دوو رواڵەتی هەیە: ورووژانو هەڵچوون یان خەمۆکیو دڵتەنگبوون، هەندێجاریش ئەو رواڵەتە کە بەدوای یەکدا دێن، لە هەندێ جاریشدا رەچاودەکرێت یەکێکیان لەویتر زیاتر دیار دەبێ، ئەم نەخۆشیە لە کەسی تووشبوودا تەتەروفێکی دیار لە هەموو هەڵسوکەوتو رەوشتی دا بەدەردەکەوێت، لە حاڵەتی چالاکی لەشیو ئەقڵی زیادا بەدی دەکرێت، لەئەنجامدانی ئیشی لاواز بێ خواردنو خواردنەوەو خەو و ئیسراحەتەدا، هەروەها حەزدەکات بە دەنگی بەرز گۆرانی بڵێ تا دەنگی دەنووسێت.

بەڵام رواڵەتی دیکەی ئەم نەخۆشیە، لە نیشانەانیدا ناکۆکە لەگەڵ ئەوی دیکە ، دەبینین نەخۆشەکە حەزی بە جوڵانەوە نیە ، تەنانەت چەندین سەعات لەشوێنێکدا بەسەر دەبات، خەمۆکیو خەمبارو واق وڕماو و بیرکردنەوەی پچڕ پچڕو خەیاڵاتی دابەش دەبێ ، لە بەدبەختی خۆی دەگرێتو هەست بە کەمی پلەوپایەی خۆی دەکاتو، رۆڵی پڕوپووچی خۆی لە کۆمەڵدا، بەچاویلکەیەکی رەشەوە سەیری ژیان دەکات، کینە لەدڵو بێزار، کەم باوەڕ بە برادەرو دەوروبەرەکەی خۆی، خۆی تاوانبار دەکات بەوەی تاوانو گوناحی کردوە و، سات ناساتێ رچاوی سزادان دەکات . هەندێ جار زۆر دینداری دەکات یان هەندێجار خەمەکانی نوقمی بادەنۆشی دەکات ، بۆئەوەی لەو دڵتەنگیە رابکات، کەم لەم جۆرە نەخۆشانە دڵتەنگیو بێزاریی وایان لێدەکات کە چۆن رزگاریان بێ لێی ئەویش لەرێگەی خۆکوشتنەوە.

کەژاوەی پێغەمبەرایەتی دەڕوات:

لەبەر دەرگاکە فرۆید وەستاوەو دەڵێ:

گرفتی ئەم کابرایە سەیرو نامۆیەو زۆریش زەحمەتە، لەدایك بوو بۆئەوەی لەسەرەوەبێ، ژیا بۆئەوەی لەسەرەوەبێ، مرد بۆئەوەی لەسەرەوەبێ، نەخۆشیەکەی کوشندەیە، شوێنەواری خراپە بەجێدەهێڵێ لەسەر کۆمەڵ، کۆسپ دەخاتە رێگای سەربەستیو لۆژیك دەتاسێنێ، هەرکەسێك باوەڕی پێبکات تووشی خەمۆکی دەبێ، لە زۆر حاڵەتدا ئەم کابرایە خۆی بەتەنها بەرپرسیاری کێشەکەی نیە، بێگومان لێرەدا گروپێك هەیە، گروپێك لە سوودوەرگران، ئەو شێتیایەتیەی تووشی بوو بەسەریاندا زاڵ دەبێ، دەبێ ئەم لەگەڵیدا بێن، ئەگەر بڕیارتان دا جارێکی دیکە بێنەوە بۆ ئێرە.

ترسناکترین شت لەم مەسەلەیەدا ئەم بلیمەتە-شێتەیە، ئەو لافی پێغەمبەرایەتی لێدا ، لەکۆمەڵگایەکدا کە زۆر پێویستی بە پێغەمبەرێك هەبوو، ئەو خۆی وەکو پێغەمبەرێك تەرخان دەکات، نەك وەکو بەر لەو هاتن، بگرە (کۆتایی پێغەمبەران بوو) ئەوپەڕی پلەی شێتایەتی ئەوەیە کە نەخۆشەکە خۆی بە بەشەرەفترین خەڵقەندەو باشتریانو مەزنێکی موتڵەق لەقەڵەم بداتو، خۆی بکاتە سەروەسیەتیانو سەرزەنشتکارو ئاگای لە هەموو بەرو دوایەك هەیە، نەگبەتی مرۆڤو مرۆڤایەتیش لەم نەخۆشەدا خۆیەتی. بۆیە محەمەد لەکاتی بوونماندا لەخزمەتی (فرۆید) مایەوە، زەین سەرگەردان وەکو بڵێی بوونی نەبووبێ..

**محەمەدی نامۆ:**

هەرچەندە توێژەرەوەکان هەوڵیان داو هەوڵبدەن ناتوانن مێژووی کۆمەڵگای مەککی کۆمەڵایەتیو دەروونی بشارنەوە. لەو ماوەیەی نێوان لەدایکبوونی محەمەدو بانگەشەکەی دا (کە نزیکەی ماوەی چل ساڵە) دەبێ ئەوەی شاراوەتەوەو پشتگوێ خراوە ئاشکرابکرێتو تیشك بخرێتە سەر ئەو واقیعە تاڵە، کە جۆرێکی زۆری نەخۆشی دەروونی ئەقڵی تیا بوو، زۆرجار دەبووە هۆی مردن، بێئەوەی یەکێك لە رۆڵەکانی ئەو کۆمەڵگا داتەپیوە کە شەریعەتو یاسای بەتواناو خاوەنی دەسەڵاتو چەوسێنەرەکان بەرێوەی دەبرد، ئەو نیلەی کۆیلایەتیە بشکێنێ، یان سنوورێك بۆ ئەو چەوساندنەوە کەمەرشکێنە رادەبەدەرە دابنێت.

بۆیە بێگومان (ئەبوتالیب) ترسی لە برازاکەی (محەمەد) هەبوو، یان لە دەسەڵاتدارەکان ، ئەوانەی بەزەییان بە رەشورووتەکاندا نەدەهاتەوە، یان لەو ناوەندە نەزانو بەدبەختو خەمبارو برسیو دابڕاوە لە کۆمەڵگاو جوڵانەوەکانی، کە لەژێر باری وەسوەسە دەیناڵاندو خۆی دابووە دەستی نەخۆشیو واهیمەو خورافاتەوە، یان لەو نەخۆشیەی کە محەمەد تووشی بووبوو، لەوانەیە لەبەر ئەو هەموو هۆیانە بووبێ باسمان کرد، بەهەرحاڵ (ئەبوتالیب) ناچاربوو هەرچۆنێك بێ برازاکەی بەکاربهێنێ، ئەگەر بۆ شوانی مێگەل بێ، بێئەوەی سەرنجی ئەوە بدات لە برازاکەی لەوەی کە هەر لە منداڵیەوە لێی دیاری دابوو، یان بۆ سەفەرکردن بۆ شام لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ هەڵکەندن لە کاروانەکانی قوریش بۆئەوەی بەئارەقی ناوچەوانی پارو رۆژانەی خۆی بەدەست بهێنێ، "ئەی برازاکەم مـن پیاوێکی بێپارەوپوولم، هیچمان نیە دەستمان بگرێتو پشتمان بگرێتو بازرگانیشمان نیە"

ئەمە ئەو وشانە بوو کە محەمەد لە مامەکەیەوە دەیبیست، کە نە زەوی هەیە بۆ کشتوکاڵو نە دارخورماو حوشترو نە پارەو نە هیچی تر..

ئایا (ئەبوتالیب) توانی محەمەد لەو ناوەندە هەژارو کلۆڵە دەربێنێ؟ بێگومان محەمەد لە سەفەرەکانی مامی بۆ شام لەزۆربەیاندا هاوسەفەری بوو، ئەمەیش یارمەتی دا بۆئەوەی بەرگری ئەو نەخۆشیە ئەقڵیو دەروونیانە بکات کە رۆڵەکانی ناوەندەکەی پێوەی دەیاناڵاند، بەڵام جۆرێك لەنامۆبوون (Alienation) هاوڕێی ئەم لاوە بوو، لەوانەیە نامۆبوونی پێکهاتەیی بووبێ (Developmental Alienation)، لەلای ئەوانەیە کە لەژیانی تاکەکەسی خۆیاندا هەست بە سەرگەردانی دەکەن، ئەو ژیانە پڕیەتی لە جۆرە پەیوندو بەستنەوەیەك بەشێوەیەك رێنادات سەرلەنوێ بگەرێتەوە. ئەمەیش ئەنجامی نەشونماکردنی ژیان دێت، بەتایبەتی لەلای خوێندکارەکان، ئەو نەشونمایە واتای دەرکەوتنی شتی نوێو ونبوونی شتو مەسەلەکانی دیکە کە لە قۆناغەکانی پێشووی ژیاندا تێپەڕین.

محەمەدیش لەوەتەی (عەبدول موتەلیب)ی باپیرەی بردیە لای خۆی، لەلایەك ژیانی تێکچوو و نیگەران بوو بەچارەنووسو، لەلایەکی دیکەوە وەرزی میتافیزیکیان لەگەڵ گروپێك لە مەککییەکان کە دوور لە ژاوەژاوی مەککەو هەراوهوریای کۆدەبوونەوە، بۆ ئاسوودەکردنی دەروونی ماندوو گرانباری خەمو ئازارەکان.

**پیاوە نامۆکە و بوحێرا:**

چونکە محەمەد لە جووتە چاوە سەرگەردانەکەیو دەموچاوە پڕ لە خەمو خەفەتەکەیدا (رەتکردنەوەیەکی کەونی) (Comsic Alienation) شاردبووەوە، ئەو قوتابخانەیەش ناساندنی بە زانای کتێبیو ، هاوڕێ لە هەژاریو کلۆڵیو تاڵی دا بوو، ئەویش راهیب (بوحێرا) بوو، کاتێ لە گەڵ مامی دا دەچوون بۆ شام، نوسەرانی سەربوردەکەیو مێژوونووسە ئیسلامەکان ئەوە رەتدەکەنەوە کە هیچ پەیوەندیەك لەنێوان ئەو و محەمەددا هەبووبێت، جگە ئەو تاقە سەردانە نەبێت ، کە هەردووکیان یەکتریان دیو راهیبەکەش پێشبینیەکی مەزنی بۆ محەمەد کردبوو، لە کوێ راهیبێکی دانیشتووی کوختێکی هەرە دوور لە مەککەوە بزانێ ئایندە بۆ محەمەدێکی منداڵ چی شاردۆتەوە کە لەمەوبەر چاوی پێ نەکەوتووە؟

– زانستی غەیب؟

– نەخێر

ئایا دێرەکەی راهیب (بوحێرا) کاروانسەراو رێپێڵگەی خەڵکی مەککە نەبوو؟

ئایا خەڵکی مەککە لەبارەی محەمەدی مێردمنداڵەوە قسەیان بۆی نەکردبوو؟ دەربارەی رەوشتی شازو نامۆبوونەکەیو پەیوەندی بە هەژارەکانی مەککەو رەشو ڕووتەکانیەوەو، ئەو کۆبوونەوانەش کە لە ئەشکەوتی (حەرا) گرێی دەدان؟ ئایا کۆچبەرە قوڕەیشیەکان نامەیان لە قەشە (وەرەقە کوڕی نەوفەل)[*]ەوە ، کە ئەسقەفی مەککە بوو بۆ راهیب (بوحێرا) نەبردبوو،

* دەربارەی قەشە وەرەقە کوڕی نەوفەل لەگەڵ ژنێکی عەرەبی مەندائی دا قسەم بۆی دەکرد، بە
چپەوە پێیێ وتم کە ئەو وەرەقەیەی تۆ باسی دەکەیت بە رچەڵەك (سووبیە)، ئەو و هەندێ لە مەککیەکان بوون بە نەسرانی، تا پەنا بەرنە بەر ئەهلی کتاب لەسەر بتپەرستەکان، دواى

هەروەها نامەش لە راهیبەکەوە بۆ قەشەکە؟ مێژوونووسەکان مەوداکەیان کورتکردەوەو بەڵگەکانیان قوت دا، بۆ رازیکردنی خەلیفەکانو میرەکانو خەڵکی رەشۆکی وەکو رێزێك بۆ وەحیەکە.

ناکۆکیەکانی نێوان مەسیحیەتو نەسرانیەت لەسەرەمەرگدا بوو، لەو سەردەمەدا لەسەر خاکی جەزیرە، دەبێ وەرەقە چی وتبێ بە راهیبەکە؟ دەبێ هەردووکیان رێنەکەوتبن بۆ یەکخستنی کریستەکانو نەسرانیەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی حوکمدانی ئەو گروپانەی ، کە کۆدەبوونەوە بۆ تەماشاکردنی جیابوونەوەی هەندێ لە سەرۆکی کڵێسەو دێرەکان لە کڵێسەی یەکگرتووی دایك؟ ئایا نامەکانی نێوان ئەشکەوتی (حەڕا)و دیری (بوحێرا) ، لە بەسراو شام لەژێر ناڵی ئەسپەکانی داگیرکەری ئیسلامدا وون بوون؟ ئایا وەحی زریان بوو یان بوومەلەرزە بوو، یان تەوەفانێکی مەزن بوو؟

ئەمانە پرسیارنو ئەمڕۆ لەسەر کەلاوەی ئەقڵێکی لەچاڵنراوی داپۆشراودا بەخەبەردێنەوەو دەوەستن، بێزاربووین لە گریان لەسەر شوێنەوارو بتپەرستیدا، بەتەنها محەمەد نامۆ نیە، بگرە هەمووومان نامۆین، هەموومان بێواقیعینو بێ راکێشانو بووینە زەویەکی پوشوپەڵاش، رووەكو درەختمان وشکی کردو شکا، ئیدی بۆچی لە زریانو گەردەلوولەکان بترسین؟ دەبێ ئەم پرسیارانە پەلاماری مۆڵگەکانی مێژوو وکونە تاریکەکانی بداتو ئەو بێدەنگیە ترسناکە تێکبشکێنن.

## لەپڕێکا (محەمەد) ژن دێنێ:

مێژوونووسەکان لەپڕێکا (خەدیجەی کچی خوەیلد)یان دا بە مێرد بە محەمەد، کاتێ تەمەنی بیستوپێنج ساڵ بوو، کاتێ خەدیجە دڵی بە تەوژمێکی توندوتیژی خۆشەویستی پێچایەوە، ئەویش تەمەنی چل ساڵ بوو کاتێ بۆ یەکەمجار هەستی بە گەرموگوڕی

بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەسەرجەم جەزیرەدا، هەموو (مەندائیەکان) بوون بە ئیسلام تا خۆیان لەسەر بڕینو ئەشکەنجە رزگار بکەن. بەڵام دکتۆر ئەسەد رۆستەم دەڵێ (مەندائیەکان) لە کڵێسەی ئۆرشلیم هاتبوونو بڵاوەیان لێکردو وەکو موبەشیرو مامۆستا، دڵسۆز کوڕی یوسفەو هەڵگەراوە بۆڵس بوو لە ئایین، (ئەبیونی) وشەیەکی عبریە (واتای هەژارەکان) ە.. (ئەنتوان سەعادە) دەڵێ: محەمەد لە نوێژکردن رووی دەکردە ئۆرشەلیم، بەڵام هەرکە دیتی جوولەکەکان ناچنە ئایینەکەیەوەو رەتیان کردەوەو هەروەکو رەتکردنەوەی مەسیحیەکان بۆ سەربەخۆیی بانگەشەکەیو راستی پێغەمبەرایەتیەکەی، دوای ئەوە پاشگەزبوەوەو قیبلەی ئۆرشەلیمی گۆڕیو (مەککە)ی کرد بە قیبلەی نوێ.



خۆشەویستی کرد.. ئەم سێیەم پیاو بوو لەژیانیدا، بەڵام پیاوێکی دەگمەنو یەکەم کە رۆچووە نێو دەمارەکانیەوە ، لەنێوان مژۆڵەکانی پێڵوەکانیەوەو لەسەر پەردەی تەمومژەوە بۆ نێو دڵی شۆڕبوەوە. محەمەد کەمتر هەستی بەو بەهایە نەدەکرد ، کە لەسەرشانی سۆزی راستەقینەی هەڵیگرتبوو، لەدەستی گرت وەکو چۆن گوڵێك ئاورنگ دەگرێتەخۆیو بەسەریدا نوشتایەوە ، وەکو چۆن پێڵو بەسەر چاودا دەچەمێتەوە.

بەبێ سەرەتا محەمەد خەدیجەی خواست، هۆکاری ئابووری پاڵنەری ئەم ژنخواستنە (سەرکەوتووە) بوو و لەدوورەوە هانی دا.. مێژوونووسەکان ئاوهایان ویست ، چونکە خوا ویستی کوڕێکی بیستوپێنج ساڵە ، ژنێك بخوازێ لە پەنجاکانی تەمەنیەتی، وەکو دەڵێن سێ کچیشی هەبوو لە مێردی یەکەمی، هەندێك دەیاندەنە پاڵ محەمەد.(*)

## ژنهێنانی بازرگانی:

چیرۆکی ئەم ژنهێنانە (بازرگانیە) یەکەمیان قسەی (ئەبوو تالیب)ە بۆ محەمەد: "کوڕی برام، من پیاوێکم بێ پارەو پولو زەمانە زۆر تەقەزای داوین هیچ پارەو بازرگانیەکمان نیە، ئەم ژنەش کەسوکارەکەی رێی لێدەگرن بچێت بۆ شامو ، خەدیجەش خەڵکی تر دەنێرێت بە پارەوپولەکەی بازرگانی بکەنو خێریان دەس دەکەوێت، ئەگەر بڕۆی بۆ لای تۆی لەلا لە خەڵکی تر باشترە، بە دەستپاکیو پاکیزەیی تۆ بزانێت، گەرچی حەزناکەم بچی بۆ شامو لە جولەکەکان لێت دەترسێم، بیستوومە کە فلان کەسی بەکرێگرتووە بە دوو نۆبەرە، ئێمە بەوە رازین کە داویەتی ئایا دەتەوێت من تەواوی کەم"

* خەدیجە دنیادیتە بوو، پیاوی زۆر بینیبوو، دوو جار شووی کردبوو، جارێکیان بە عەتیق کوڕی عائید مەخزومیو ئەبی هالە کوڕی زرارە تەمیمیو ئەمانە لە ئەشرافی قورەیش بوون..
کچەکانی خەدیجە:
1– زەینەب: ئەبو عاس کوڕی رەبیعە کوڕی عەبید ئەلعزی خواستی کە پورزای خۆی بوو،
2– کوڕێکی لێ بوو ناوی نا (محەمەد)و بە منداڵی مرد، هەرکە محەمەد بوو بە پێغەمبەر
3– ئیسلام بوو و خۆیو خوشکەکانی بڕوایان بە محەمەد هێنا.
4- روقیە: ژنی عوتبەی کوڕی ئەبوولەهەبی کوڕی عەبدول موتەلیب بوو بەر لە ئیسلام،
5- هەرکە محەمەد بوو بە پێغەمبەر ئەبولەهەب فەرمانی دا تەڵاقی بدات، دواجار عوسمان
6- خواستی، ئەمەیش پێش کۆچکردنی یەکەم بوو.
7- ئوم کلثوم ژنی عوتەیبەی کوڕی ئەبولەهەب بوو، دوای ئیسلام بوونی وازی لە مێردەکەی هێنا.

محەممەد وتی: مامە چۆنت پێخۆشە با وابێ: "... دوو هێل دەکێشین بەژێر (خەڵکی تر دەنێریت بە پارەو پولەکەی بازرگانی بکەن‌و خێریان دەست دەکەویت)و دوو هێڵیش لەژێر (کاتێ بەدەستپاکی‌و پاکیزەیی تۆ بزانێت)"

دەپرسین:

یەکەم: ئایا ئەبووتالیب بەوەی دەزانی کە محەممەد نەخشەی چی بۆ کێشراوە؟

دووەم: کێ دەستپاکی‌وو پاکیزەیی محەممەدی بە خەدیجە گەیاندوە؟

سێیەم: چۆن زانرا کە محەممەد دەستپاک‌و پاکیزەیە؟

بازرگانی‌و دەسکەوت‌و تەماحی خواستنی خەدیجەی ژنە دەوڵەمەندی لە بەرزایی هەڵنیشتوو، مێژوونووسەکان ئەم هەمووەیان کرد بە خۆشەویستیەکی مەزنی سەرکێش..

کۆتایی چیرۆکەکەش ئەوەیە کاتێ ئەو رۆژەی کاروانەکە لە سەفەری هاوینەی لە شامەوە دەگەڕایەوە بۆ (ئوم ئەلقورا) کاروانچیەکان خۆشیەکی خەوناوی دایگرتن، هەرکە گەیشتنە (مرژەهران) کە لە نزیک مەککەیەو ملیان درێژکردەوە بۆ بینینی نیشانە دیارەکانی، کە لەدوورەوە دەرکەوتن‌و بەتاسەو پەرۆشیەوە بانگی دەکردن.

"بەڵام لەنێو ئەواندا بەتەنها محەممەد بەسەرخۆیدا هەڵکوڕماو سۆزەکانی خۆی شاردەوە، کاتێ ئەو کاروانەی وروژاندو نزیک دەبوەوە لە رێگای گەڕانەوەیدا بۆ مەککە، بێهودە بوو هەوڵ و تەقەلای هاورێکەی کە هەوڵیدەدا فریوی بدات بۆ روانینە (ئوم ئەلقورا) یان بەو قسەوباسەوە خەریکی بکات کە لەوێ چی چاوەڕێیەتی، لە رێزی خانمێکی دەوڵەمەندو دڵباشان کە هەڵیبژاردوە بۆئەوەی سامانەکەی لە بازرگانی بەکاربهێنێ لە شام‌و، بەڵێنی پێداوە دووقاتی ئەوەی بداتێ کە لەمەوبەر داویەتی بە کەسێکی دیکە "..

زەماوەندی محەممەدو خەدیجەیان کرد بە ئەفسانەیەکی رۆمانسی "هەراوهوریای کەژاوەکە تێکەڵ بە بانگهەڵدانی پێشوازی کەران‌و بۆڕەبۆڕی ئاسودەی حوشتر دەبوو لە ئاسمانی مەککەدا".

محەممەد بە سواری حوشترەکەی چوو بۆ ماڵی خەدیجە دوای ئەوەی سوورێکی بە دەوری ماڵە کۆنەکەدا خوارد.

خەدیجەیش لە ماڵەکەی خۆی بوو، لە باڵەخانەکەیەوە بە پەرۆشیەکی بەنیگەرانی ئامێزەوە رێگاکەی دەکرد، (میسەرە)ی خزمەتکاریشی بەلای چەپیەوە بوو، سەبارەت بە سەفەرە سەیرەکەی لەگەڵ محەممەد گوێی پڕ دەکرد، دواجاریش بەدیارکەوت بە بەژنێک‌و سەروچاوە میرخاسەکەیەوە لە خانووەکەی نزیک دەبووەوە، ئاژنگی نا.. تا لەبەردەرگا پێشوازی بکات‌و، پیرۆزبایی لێبکات بەبۆنەی گەڕانەوەیەوە بەسەلامەتی، بەدەنگێکی خۆش‌و نەرمونیانەوە. ئەویش بەسوپاسەوە رووخساری خۆی بۆ بەرزکردەوە، هەرکە چاوەکان بەیەکگەیشتن دواجاریش نەوی کردنەوە، ئیدی دەستی کرد بە باسکردنی سەفەرەکەی خۆی‌و قازانجی بازرگانیەکەی‌و چی شتی خۆشی لە شامەوە هێناوە..

ژنەکە بە واق وڕماوی گوێی لێدەگرت، تەنانەت کە خوا فێری لێکردو رۆیشت، ئەو لە شوێنەکەی وەستابوو چاوی تێبڕیبوو تا لە پێچی رێگاکەدا ون بوو.. ماڵی خەدیجە بە گڕی خۆشەویستی دەسووتا، هەموو شتێ لەو باڵەخانەیەدا گۆڕا، بگرە لە سەرجەم گەرەکە خواپێداوەکەش، خەدیجە خەوی لێنەدەکەوت، ئەو کوڕی تەمەن بیست‌وپێنج ساڵە بوو ئەویش ژنی تەمەن چل ساڵە، هەر نە ئێستا، ئەو باڵەخانەو سامان‌و دەوڵەمەندی‌و دەسەڵات‌و بازرگانی هەیە. تۆ بڵێی بە دەنگی سۆزی بێوەژنێکی پیری تەمەن چل ساڵەوە بچێت، چونکە ئەو تا ئەوکاتە گوێی بە کیژۆڵەکانی (مەکە)و گوڵەکانی بەنی هاشمی ناسکۆڵە نەدەدا..؟

بەڵێ! محەممەد بە دەنگی ئەو سۆزەوە چوو و دەشڵێن: خەدیجە تەمەنی چل ساڵ بوو، بەڵام دوو کوڕیشی لێ بوو: قاسم‌و عەبدوڵلا، هەردووکیان بە منداڵی مردن، هەروەها (فاتیمە)ی کچیشی لێ بوو.

دیارە لێرەدا خەدیجە تەمەنی چل ساڵ نەبوو وەکو دەیانووت، بەهەرحاڵ ئەمە ژنهێنانی بازرگانی بوو. (نەفیسەی کچی مونیە) کە برادەری خەدیجە بوو هاتە لای محەممەدو لێی پرسی: بۆچی وازت لە دنیا هێناوەو لاویەتی خۆت لە بێبەشیدا لەناودەبەیت؟ ئایا ناکرێت ژنێک بدۆزیتەوە تا نازت بکێشێ‌و ببێتە هاودەمت‌و تەنیایت بڕەوێنێتەوە؟"

محەممەد دەستی بە گریان کرد، چونکە گلدانەوەی فرمێسکەکەی هیچ سوودێکی نەبوو، بە نەفیسەی وت:

- هیچم نیە تا ژنی پێ بهێنم.

ئەویش یەکسەر وتی:

- ئەگەر داوای جوانی‌و سامان‌و ناموس‌و لێهاتوویی بکەیت، تۆ بڵێی بەدەنگتەوە نەیەت؟

ئەوسا محەممەد تێگەیشت کە مەبەستی خەدیجەیە. دوای بێنەوبەرە لەنێوان محەممەدو نەفیسەو خەدیجەدا کە ماوەیەکی کورتی خایاند، محەممەد لەگەڵ هەردوو مامەکەیدا

(ئەبوتالیبو هەمزە.. هەردوو کوڕی عەبدول موتەلیب) هات بۆ ماڵی خەدیجە، چونکە هەموو شتێ بەپەلە ئامادەکرابوو بۆ زەماوەندی بازرگانی؟

ئەبوتالیب وتی:

– دوای، محەمەد، هیچ لاوێك نیە لەنێو لاوانی قورەیشدا کە هاوتای محەمەد بێ لە شەرەفو میرخاسیو چاکەو ئاقڵی دا، ئەگەر مەسەلەی ماڵو سامانیش بێت ئەوا سێبەرێکی لەناوچوو رووتەیەکی گەڕاوەیە، حەزی لە خەدیجەی کیژی خوەیلدە، ئەویش هەروەها..

بۆچی گەنجێکی بیستوپێنج ساڵە حەزی لە بێوەژنێکە کە خاوەنی دوو مێرد بووەو منداڵی هەبووە؟

بگرە پرسیارەکە پێشترە: بۆچی محەمەد تا ئەودەمە لە ژنهێنان دواکەوت بوو؟ ئەبووتالیب مەدحی میراتیو وەرگرتەی کرد لەلای برازاکەیدا، لەلایەن شەرەفو میرخاسیەوە، کە دوو خەسڵەتی سروشتی بوون لە قورەیشدا ، خێڵی گەورەو بەهێزتر، ئەمەیش مەحکومکردنێکی موتڵەقە، مەعقولە لەنێو کوڕانی ئەم خێڵەدا شەریفو میرخاسی تیا نەبووبێ؟ یان قورەیش لەوەتەی محەمەد بە پێغەمبەر نێردرابوو هەروا بووە؟ ئایا کەس نەبوو لە پیاوانی قورەیش رووبەڕووی محەمەد بێتەوە؟

ئەمەیش پۆستۆلاتیسەو نامەوێ بەدەستبەستراوی لێی بوەستم، بۆچی چاوی لێ بنووقێنین؟ ئەمەیش جگە لە چوارگۆشەیەکی بچووك نەبێت هیچی دیکە نیەو، ویستیان بیکەنە لغاوەی ئەقڵ. ماوەی چواردە سەدەیە ئەقڵ لەو چوارگۆشەیەدا دەخوسێنن، ئەو گۆشە بچووکە (بڕوایەکی کوێرانە)یە، بەردەوام بوون لە دروستکردنی عەرشە لەرزۆکەکەیانو گۆڕو – تەلارەکانیان، پڕوپووچیو جەهالەتی خۆیان بەسەر ئێمەدا راگەیاند، وەکو ئایینو بیروباوەڕو شەریعەتو نوشتانەوە بۆ عەرشو گۆڕو کۆشکەکانیان کرد بە زانست، چونکە کردیان بە فەرزو ئەرکی سەرشان.

لە رۆژی زەماوەندی محەمەدو خەدیجەدا ئەبووتالیب (پیاوی زیرەکی واقیع بین لە بیرکردنەوەدا) بەراوردی لەنێوان ئەقڵی محەمەدو سامانی خەدیجەدا کرد، بۆئەوەی ئەقڵ زاڵ نەبێ بەسەر ساماندا لەو شەوی هەلەدا، (ئەبووتالیب) سۆزی زاڵکرد بەسەر ئەقڵو ساماندا، وتی: "حەزی لە خەدیجەی کیژی خوەیلدە، خەدیجەش هەروەهایە" سامانی خەدیجە هەبوو، لەوانەشە لە باوکیەوە بۆی مابێتەوە، یان لە هەردوو مێردە پێشینەکەی، یان لە بازرگانیە بەربڵاوەکەی، گرنگ ئەوەیە کە هەیەو لەخشتەبەرو کاریگەرە، خەدیجە (ژنێکی دەوڵەمەندی خاوەن بازرگانیەکی گەورە) ئەقڵی محەمەدو چاکەخوازیەکەی بابەتی پرسیارەکەمانە، ئەقڵ لە کۆمەڵگاوە بەدەست دێتو بایەخدان بە زانستیش، چاکەخوازی وەرزشێکی دەروونیەو، ئەو کەسانە بەکاری دەهێنن کە سۆزیان جێگیرەو زاهیدنو رازین بەوەی هەیانەو ، بڕوایان بەوە هەیە کە باوەڕیان پێیەتی، ئەمەیش مرۆڤ لەو کەسەوە فێردەبێ کە هاوڕێیەتیو بیروڕای لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە، دەشبێ فەزیلەو ئەقڵ لە مامۆستایەك یان پەروەرکارێکەوە فێربێت، کە خاوەن فەزیلەتو مەعریفە بێت.. بێگومان محەمەدیش خاوەن ئەقڵو فەزڵ بوو، بەڵگەش بۆ ئەوە زماوەندکردنی لەگەڵ ئەو ژنە پایەبەرزە پرشنگدارەو خاوەن سەروەتو سامانێکی زۆرو زەوەندە بوو.

مامی خەدیجەش (عەمرۆ کوڕی ئەسەد کوڕی عەبدل عزی کوڕی قوسەی) لە محەمەد رازی بوو و، خەدیجەی لێ مارە کرد بە شیربایی بیست (بەکرە). "هەرکە گرێبەستەکە تەواوبوو، قوربانی سەربڕانو دەفلێدرانو دەرگای ماڵەکەی خەدیجە خرایە سەر پشت بۆ کەسوکارو برادەران، لەنێو ئەوانیشدا (حەلیمە) بوو، کە لە بیابانی بەنی سەعدەوە هاتبوو تا زەماوەندی ئەو کوڕەی ببینێ کە شیری داوەتێ، پاشانیش لەنیوەڕۆدا گەڕایەوەو چل سەر مەڕی لەتەك بوو، کە دیاری بوو لە بووکە بەخشندەکەوە بوو، بۆ ئەو ژنەی کە شیری داوەتە محەمەد مێردە خۆشەویستەکەی.

کەواتە محەمەد ئەقڵو فەزڵو پیاوەتیو گەنجێتی خۆی پێشکەش کرد، خەدیجەش لەبری ئەوە سەروەتو سامانو حوشترو مەڕو باڵەخانەو لەشو حیکمەتی خۆی دایێ.

<u>شەوی بووكو زاوا:</u>

بێگومان زەماوەندێکی نەبەرابەر بوو، چی تیا بڵێین؟ لەسەرمانە کە بڵێین: خودا خۆی ئاوهای ویست، خودا ئاوها فەرمانی دابوو..

چاوی محەمەد فرمێسکی لێ دەڕژێ ، هەرکە (ئامینە)ی دایکی بیردەکەوێتەوە، کەچی دەستێکی نەرمونیان بە سۆزێکی رادەبەدرەوە دەستی بەسەردا دەهێنێ. لە خەدیجەدا قەرەبوویەکی جوان دەبینێتەوە بۆ ئەو بێبەش بوونە تووندوتیژەی کە ساڵانێکی دوورودرێژبوو..

محەمەد لە (خەدیجە)دا (ئامینە)ی دایکی دەبینی! ئایا لەو شەوەدا هەستی بە هەڵە نەکردووە؟ شەرمی نەنواند؟ ئەوی بووك‌وزاوایيە چۆن بوو؟ لەوانەیە ئەو شەوە خوا جبرائیلی ناردبێتە خوارەوە تا دەستێکی فریشتانە بە جەستەی محەمەددا بهێنێ‌و، گرێی دەروونی‌و سێکسیی‌و لە هەست بە گوناهکردن رزگاری بکات، ئەسڵەن پرۆژەکە پرۆژەی خوایە، کە وایشە خوا بە پەیمانە بەرامبەر بە محەمەدو خەدیجە تا سەر ئێسقان، نوشستی محەمەد لە شەوی زاواییدا نوشستی خوایەو خوایش نوشستی ناهێنێ..

با بگەڕێینەوە لای فرۆید، چونکە رایەکی لەباری هەیە لەم بارەیەوە: "هەستکردن بە گوناه زۆربەی نەخۆشیە دەروونیە ناسراوەکان لەسەرەتاوە سەرهەڵدەدەن، ئەمەیش هۆیەکی شاراوەیە بۆ شەرمکردن‌و لاوازیی بڕوابوون بە خۆ و ڕقبوونەوە لە خۆو گومان‌و سڵەمینەوەو گەورەکردنی شتی پڕوپووچ‌و هەستکردن بە بودەڵەیی خودو کەمی‌و خەمۆکی‌و ترس بە هەموو جۆرەکانیەوە، شتێك نیە کە پاڵ بەم کابرایەوە بنێت بۆ شەرمکردن‌و ترس‌و سڵەمینەوەو گومان‌و خەمۆکی ، وەکو ئەو هەستەی کە ئەو ژنەی سێکسی لەگەڵدا دەکات، لە دایکی دەچوو ، یان وەکو دایکی وابوو (Oedipus complex). ئال قورەیش‌و ئال قوسەی‌و حەلیمەی سەعدیە کە چل سەر مەڕیان پێ‌ی دا، وەکو پاداشتێك‌و زۆربەی ئەو سوودمەندانەی لەم زەماوەندە بازرگانی‌و گرێبەستەدا، نەیاندەزانی کە محەمەد لەو شەوەدا دایکی خۆی هاتەبەرچاوی‌و نەیتوانی سێکس بکات‌و دەسەپاچە بوو، یان دەستی بەسەر خەدیجەو دڵیدا گرت تا کوڕی مەخزومی‌و کوڕی تەمیمی لە بیرچوەوە ، کە هەردووکیان لە سەرانی عەرەب‌و شەریفەکانیان بوون.

لێرەدا لە خراپترین حاڵەتدا خوایەکی بەرپرسیار هەیە لە سەرکەوتنی ئەو شەوەو شکستهێنانی، جبرائیل لە نووسینگەکەی خۆیەتی، چاوەڕێی فەرمانە لە خوداوەندەوە.. مەلیك، زیندو، سەروەسیەت (الملك، الحي، القيوم) خەدیجە شارەزایەکی تەواوی هەیەو شتی خۆش‌و بەلەزەت لە عەمبارەکەیدا هەیە، کە محەمەد لە شامەوە هێناویەتی، وەکو چەقالەو گوێزو هەنگوین‌و مێوژ، محەمەد لەم شتە بەتامانە دەخوات تا خوا دەرویەکی لێ‌دەکاتەوە، خوێنی پەردەی کچێنی لەسەر دەرپێکەی خەدیجە مەرجی گرێبەستی زەماوەند نیە، چونکە ئەو دوو جار بێوەژن کەوتووەو منداڵی هەیە، کەواتە خەدیجە دەرپێکەی لەسەر دەرگای بنەماڵەی قورەیش‌و بنەماڵەی قوسەیی‌و برادەرو سودمەندەکان هەڵناواسێت‌و، پرسیاری سووریەتی لێ‌ناکەن‌و، پرسیاری دەرپێشی لێ‌ناکەن‌و دێن بۆ پیرۆزباییکردنی تانان بخۆن‌و بخۆنەوە، بەلای باسی پەردەی کچێنی‌و شەرەفی ئازیزدا نایەن، زەماوەندی گەڕەکە خواپێداوەکە زەماوەندی خواو جبرایلی نێردراویەتی‌و، کەسیش جورئەتی ئەوەی نیە پرسیاری ئەوە بکات.

(مەکە) زەماوەندی بووك‌و زاوا بەختەوەرەکەیان بە لاوە گرنگ نەبوو، جگە ئەوەی کە زەماوەندێکە لەنێوان محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عەبدول موتەلیب کوڕی هاشمی قورەیشی‌و خەدیجەی کیژی خوەیلد کوڕی ئەسەد کوڕی عەبدول عەزی کوڕی قوسەیی..

بنت ئەلشاتی و شایەتێکی ناهەق:

خاتوو عائیشەی کچی رەحمان (بنت ئەلشاتی) دەڵێ:

"بەلام ئەوەنەی پێ ناچێت کە مێژوو دوای دەساڵێك رۆژی زەماوەندە بەناوبانگەکە لەنێو رۆژە نەمرەکانی خۆی لە قۆناغو سەردەمەکاندا تۆمار دەکات، کە ماوەیەك لێگەڕا ئەم بووك‌وزاوایە خۆشترین ژیانی ژن‌ومێردایەتی کە (مەککە) بەچاوی خۆی بینیبووی بەسەربەرن‌و ، لەسەرەخۆ بۆنی خۆشەویستیەکی ساف‌و قووڵ بنۆشن‌و هەتاهەتایە دەبێتە وێردی زەمانە..

"ماوەی پانزە ساڵ لەو خۆشیە بەردەوام بوون بەدڵنەوایی‌و ئاسوودەییەوە، خوا ئەو نیعمەتەی بۆ تەواوکردن‌و کوڕو کچی پێ‌بەخشین".. نازانم (بنت ئەلشاتی) ئەمەی چۆن زانی، ئایا کیژە نوسەرەکەمان پێمان دەڵێ ئەم قسەیەی لەکوێوە هێنا و چۆن بۆی رێکەوت ئەم خەیاڵە سەرکێشە بەرجەستەبکات؟!

گریمان خاتوو عائیشەی کچی رەحمان (بنت ئەلشاتی) برایەکی هەبوو ژنێکی خۆشویست لە خۆی پانزە ساڵ گەورەتربوو، وەکو خەدیجەی کچی خوەیلدیش بێوەژن نەبوو، ئایا ئەم خاتوونە نوسەرە بەم خۆشەویستیە رازی دەبێت‌و ، براکەی هان دەدات ئەم ژنە بخوازێت ، یان ئەوەتا دنیا بەسەر براکەیدا دەڕوخێنێ‌و نایەڵێ بحەوێتەوە، تاوەکو براکەی پاشگەزدەبێتەوە؟!

خانمەکەم ئێمە پێشەکی وەڵامەکە دەزانین.. بەلام ئێمە پرسیاری زۆرت لێناکەین، بەلام تەنها مەسەلەیەکت پێ‌دەڵێین خانمەکەم ئەویش ئەمەیە:

تۆ لە کتێبی (ژنانی پێغەمبەر) ئەمە دەڵێ‌ی:

"کاتێ ژن‌و ژنخوازی لەنێوان دوو ئازیزترین‌و بەوەفاترین برادەر (محەمەدو ئەبوبەکر راگەیەنرا مەککە سەرسوڕماو نەبوو، بگرە زۆر ئاسایی پێشوازی لە هەواڵەکە کرد، هەروەکو

چۆن ئاسایی مەسەلەیەکی باو و رەچاوکراو پێشوازی دەکات. هیچ پیاوێکی دوژمنـی پێغەمبـەر مەسـەلەکەی بـەجێ قسـەوباس نـەدەزانی، بگـرە بـە مێشـکی گـەورەترین دوژمنـەکانو نەیارەکانیدا نەدەهات ، کە مەسەلەی زەماوەندی محەمەد (د.خ) لەگەڵ عائیشە بکاتـە تـوانجو بریندارکردنو تاوانبارکردنی، گەرچی ئـەوان رێگایـەکیان نەهێشـتبووەوە کە نەیگرنەبـەر، بـۆ تانەولۆمەکردن ئەگەر بوختانو درۆش بووایە.

دەبوایە چییان بووتایە؟

ئایا نکووڵیان لەوە بکردبایە کە کیژۆڵەیەکی تەمـەن حـەوت ساڵانی وەکو عائیشە مارەی دەبـڕن؟ بـەڵام دەڵـێ بەرلـەوەی مارەبکرێـت لـە (محەمـەد کوڕی عەبـدوڵڵا) بـۆ (جـوبیر کـوڕی موتەعەم کوڕی عودەی) داواکرابوو ، بەڵام (ئەبوبەکر) نەیتوانی گفت بدات بە (خەولەی کچی حەکیم) تا لە بەڵێنەکەی خۆی بۆ (ئەبو جوبیر) پەشـیمان بـووەوە، ئایا دەتـوانن نکـووڵی لـەوە بکەن بەشوودانی کیژۆڵەیەکی لە تەمەنی ئەودا بە کابرایەکی پیری تەمەن پەنجاوسێ ساڵە؟ چ سـەیرێك لەمـەدا هەیـەو ، ئـەمیش یەکـەم کیژۆڵـە نیـە لـەو شـەوەدا بـە مێـرد دەدرێـت بـە کابرایەکی لەو تەمەنەی ئەو و دوا کیژۆڵـەش نابێـت؟ عەبـدول موتـەلیبی پیرەمێـرد (هالـە)ی ئامۆزای (ئامینـە)ی خواست لـەو رۆژەی کـە منـداڵترین کـوڕی عەبـدوڵڵا بـوو (ئامینـە کچـی وەهەب)یان بۆ مارەکرد ، کە خزمی هالە بوو، (عومەری کوڕی خـەتاب)یـش کچـی عـەلی کـوڕی ئەبی تالیب مارەدەکات ، کـە ئـەو لـە تەمـەنی باوکیشی گـەورەتر بـووە ، عومـەریش پێشنیاز دەکات بۆ ئەبوبەکر کە کچە گەنجەکەی (حەفصە) مارەبکات، کـە جیـاوازی تەمـەن لـەنێوانیان وەکو جیاوازی محەمەدو عائیشە وا بوو.

بانـدێك نەخشـە بـۆ خۆیـان دەکێشـن چـۆنیان بـوێ، پرسـیارەکەمان ئـەی خـانمی نوسـەر دەربارەی ئـەو کیـژە منداڵەیـە کـە فڕێیـان دایـە باوەشـی محەمـەدێکی پیرەمێـردەوە، هـەروەکو خـۆت دەڵـێی، ئێمـە لـە چارەنووسـی ئـەو خانمـە منداڵـە دەپرسـینو لـەبارەی ئاینـدەیو ئازارەکـانیو نەخۆشـیە دەروونیەکانیـەوە ، کـە هۆیـەکانی ئـەم بەمێرددانـە زۆرداریـە بـە زەبروزەنگە بوو. دواجاریش دەڵێی:

ویستی خوا بوو، وا نیە؟!!

بەڵام ئەو کارەساتەی کە تووشی ئێمەی موسڵمانان بـوو لـەوێوە دەسـتپێکرد، لەو ژنهێنانـە زۆرداریەو ژنهێنانی دیکەی زۆرداری لەپێشیدا هەبووەو، ژنهێنانی لەم شێوە دڵتەزێنو فاسقەی بەدواداهات، پاشان هی تر تا دوانزەهەمین ، ئەم ژنهێنانەش بە فەرمایشتەی خواو ویستی ئـەو بـوو. بەڕاسـتی کارەسـاتە، دەرهاویشـتەی کوێرانـە، تـەوقێك لـە گـەردن، قفـڵ لـە هـەردوو لێـو، خواستی خواو پێغەمبەرە!

رای ئەم خانمە ئەدیبە چی دەبێ ئەگەر پیاوێکی تەمەن لە شەست یان لە پەنجاکانو قازی شەرعیە لە ئەزهەرو هاتو خوازبێنی کیژە دە ساڵانەکەی یان دوانزە ساڵانەکەی کـردو نـاڵێین حەوت ساڵان؟ ئایا خانمی نوسەر تۆ رازی دەبیت؟

وەڵامەکـەتمان لـە هـەمان کتێبـی خـۆت بەدەسـتکەوت، کـە تـۆ خـۆت تـوانج لـە هەنـدێ رۆژهەڵاتناس دەدەیتو دەیانخەینە بەردەم خوێنەر. خانمی نوسەر (بنت ئەلشاتی) دەڵێ:

"بەڵام هەندێ لە رۆژهەڵاتناسەکان دێن دوای هەزارو سێسەد ساڵ لەو ژنهێنانەو جیـاوازی نێـوان سـەردەمو ناوچـەکە دەسـڕنەوەو قسـەی زیـاد دەکـەن، هـەروەکو وەسـفی دەکـەن (کۆبوونەوەیەکی سەیر لەنێوان مێردێکی پیرو کیژە منـداڵێکی نـەفامو سـەروعەزر نەشـۆردا)و بەچاوی ئەشقەوە پێوانەی ژنهێنانێك دەکەن کە لە (مەکە) روویداوە، پێش کـۆچ (واتـا کـۆچی محەمـەد بـۆ مەکـە) لەگـەڵ ئـەوەی کـە ئیمـڕۆ لـە رۆژئـاوای پێشـکەوتوو روودەدات، ئەمـەیش تەمەنێکە لەم کاتەی ئێمەدا بە درەنگ لەقەڵەم دەدرێت لە دوورگەی عەرەبیدا، بگرە لە لادێی میسرو زۆربەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتیش "عائیشـە منـاڵ بـوو، بـەڵام وەکـو ژنـانی عـەرەب زوو پـێگیریی بـوو، بۆیـە لـە دوای سـاڵەکانی بیسـتدا پیردەبـن. بـەڵام ئـەم ژنهێنانـە زۆربـەی مێژوونووسـەکانی سـەرقاڵ کردبـوو، لـە روانگـەی کۆمەڵگایـەکی هاوچـەرخەوە سـەیری ئـەم ژنهێنانـەیان دەکـرد کـە تیـا دەژیـان، پێیـان وانـەبوو ئـەم جـۆرە ژنهێنانـە هێشـتا دابـونـەریتی ئاسـیایەو بیریـان لـەوەش نـەکردبووەوە کـە ئـەم جـۆرە ژنهێنانـە هێشـتا بـاوە لـە رۆژهـەڵاتی ئەوروپادا، تا ئەم ساڵانەی دواییەش لە ئیسپانیاو پورتوگال ئاسایی بـوو و ئـەمڕۆش نائاسایی نیە لە هەندێ ناوچە شاخاویە دوورەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا..

ئەگەر خاتوو (بنت ئەلشاتی) ببینـێ کـە چـۆن لەگـەڵ خۆیـدا ناکۆکـە، دەیـەوێ ئـەم ژنـە نوسـەرە دابونـەریتی کـۆن بەسـەرمان بسـەپێنێ گوایـە مەسـەلەیەکە لـە خـواوە بەسـەرماندا سەپێنراوە.

تائێستاش موسڵمانەکان پابەندی هەر شتێکن کە محەمـەد فـەرمانی پێکردبـێو کردبێتـی، هـەموو شـتێکی بـە بـەهاو گـران لەپێناویـدا دەبەخشـن لـەرێگای تاریـكو ترسـناکیدا، بـەڵام زەماوەنـدێك وەکـو ئـەوەی خەدیجـەو محەمـەد، ئـەمڕۆ هەڵوێسـتی جیاوازیـان هەیـە لـەوەی رابردوو، هەرگیز ئێستا پێیان قبـوڵ نیـە بـۆ کچـەکانی خۆیـان، بـۆ ئەمـەیش هەقیانـە، بـەڵام

محەمەد لەلای ئەوان لە گوناھ بەدوورەو پاكوبێگەردە لە كردەوەی ناشیرین، چ كۆمەڵگایەك بنیات بنێین ئەگەر موسڵمان بووین‌و منداڵەكانیشمان وەكو عائیشە چۆن شووی كرد بە پێغەمبەر ئاوها بەشوویان بدەین؟ خواستنی عائیشە لەلایەن محەمەدەوە تەنها كارەسات نەبوو، كە پێغەمبەر و خەلیلەكانی بۆیان بەجێهێشتووین.

## محەمەد دەستدرێژی سێكسی دەكاتە سەر عائیشە:

محەمەد بەزۆر سێكسی لەگەڵ عائیشەی كیژە منداڵدا كرد، تا رزگاری بێ لەو گرێ دەروونی‌و سێكسیانەی كە تووشی هاتبوو، لەكاتێكدا كە خەدیجە ژن بوو هەروەها لە مردنیشیدا، بەپێی بارودۆخی گونجاو لەلایەك‌و سەرچاوەكان لەلایەكی دیكەوە، هەندێ تیشك دەخەینە سەر ئەو پرۆسەی نێچیركردنەو، ئەو بارودۆخەش كە شان بەشانی بوو، بێگومان محەمەد لە خەدیجەی مۆتەكە رزگاری بوو، هەركە ئەو خانمە گیانی دایە دەستەوە، بەڵام بووە قوربانی تاسەو پەرۆشی بۆ كونكردنی پەردەی كچێنی‌و مارەكردنی كچێكی بە ژن نەكراو، مەسەلەی دووەمیش ئاسانتر نیە لە مەسەلەی یەكەم.

(پێغەمبەر) ئاڵۆزی سێكسی بیری لەوە نەكردبوەوە، كە ئەو كچە كچێكی لاو و پێگەییوو بێت، چونكە ئەو گرێی دەروونی هەبوو، دەترسا كچێكی تەواو بخوازێت یان جنسی لەگەڵدا بكات، چونكە حەتمەن دەپەشۆكێ‌و، هەركە سەیری هەردوو سمتە پڕو سنگە بەرزەكەی بكات دەشڵەژێت، پێی وابوو خەوتن لەگەڵ كچێكی پڕ لە گەرم‌وگوڕی‌و ژیاندا كارێكی مەحاڵە، چونكە بەهێزەو ئەمیش لاوازو بێهێزە، كچەكە بەجورئەتەو ئەمیش دوودڵە، كچەكە دڵنیایەو ئەمیش نیگەران‌و سۆزو هەست پچڕ پچڕە، هەستكردن بە دەسەپاچەیی خۆی لەخۆیدا دەسەپاچەییە، بەڵام هەستكردن بە هێز خۆی لەخۆیدا بەهێزیە، كەواتە چار چیە؟ دەبێ لێرەدا چارەیەك هەبێ‌و، بۆئەوەی چارەكە داواكراوبێت، دەبێ قوربانیەك هەبێ، قوربانیەكەش هەیە، ئەویش عائیشەی كچی ئەبووبەكرە، كیژە منداڵە تووتی ئاساكە (Verbalism) كە هیچ شك نابات جگە رازی بوون‌و خۆبەدەستەوەدان نەبێ، هەموو مەرجەكانی (محەمەد)ی تیدایە: ئەو كیژێكی منداڵەو هێشتا خۆشەویستی نەچووەتە دڵیەوەو بەبێ ئیرادە (Involuntary)و بەسزمان‌و لاوازو خاوەن لەشێكی هاواركەرو داواكەر نیە، ئەمەیش سەرەڕای ئەوەی (ئەبوبەكر) باوكی عائیشە خاوەن سامان‌و دەسەڵات بوو، محەمەد نەیدەتوانی دەستبەرداریان بێت. محەمەد لەبیریەتی كە عائیشە دەهات‌و لەسەر ئەژنۆكانی دادەنیشت‌و گەمەی بە مووی ریشەكەی دەكرد، هەركاتێ محەمەد بهاتبایە بۆ ماڵی برادەرەكەی (ئەبوو بەكر) بانگی عائیشەی دەكرد تا ماچی بكات. ئەویش بە لەنجەو نازەوە دڵی خۆش دەكرد، عائیشەش وەكو هەموو منداڵەكانی دیكە بە غەریزەی منداڵیەتی حەزی لەوەبوو، محەمەد لەگەڵ عائیشەی منداڵدا رۆژانی هەرزەكاری خۆی بیردەكەوتەوەو هەستە كپكراوەكانی رادەپەڕین‌و تاسەو پەرۆشی بۆ ئەو رۆژانە داگیریان دەكرد، سۆز ونجڕ ونجڕی دەكرد بۆ ژنێك كە كەس لەمەوبەر نەیناسیوە، دەستەكانی محەمەد لەسەر رانەكانی‌و سنگ‌و سكی عائیشەن، سەری عائیشە لەنێو هەردوو دەستی محەمەددان، سەروچاوی عائیشە گڕدەگرێت، هەروەها سەروچاوی محەمەدیش، (پێغەمبەر) لەبارەی گرفتەكەی خۆی لە خۆی دەپرسێت، كەچی عائیشە جۆشی دەداو دەیورووژێنێ (Arouse).

وێنەی بە نازی عائیشە لەبەرچاوی محەمەد لانەدەچوو، چۆن لەبەرچاوی لاچێت، كاتێ ئەو لەگەڵیدا بڕوابەخۆبوون‌و لەزەتی بۆ دەگەڕێنێتەوە، دوای تێڕامان‌و بیركردنەوە (پێغەمبەر) سووربوو لەسەرئەوەی بەزۆر جنس بكات ئیغتیسابی عائیشە بكات ، تا لەو گرێیانەی ، كە دەستیان بەسەر توانای سێكسیدا گرتووە رزگاری ببێت، تۆ بڵێی چارەسەری دۆزیبێتەوە، بەڵێ، محەمەد هەموو گرفتە دەروونیەكانی چارەسەر كردو، كەڵەمێردی بیابانی خۆی گەڕانەوە، ئیدی لەم ژنەوە دەچوو بۆ ئەو ژنیدیكە.

دوای (خەدیجە)و (سۆدە)و عائیشە، (حەفسەی كچی عومەری كوڕی خەتاب)ی خواست (دەرخكەری قورئان)، پاشان (زەینەب كچی خەزێمە) دایكی لێقەوماوان، پاشان (ئوم سەلمە كچی زاد الركب، پاشان (زەینەب كچی جەحش) ژنە شەریفە شۆخەكە، پاشان (جوێریە كچی حارس) ئاغای بنەماڵەی موستەلەق، پاشان (ئوم حەبیبە) كچی ئەبی سوفیان، پاشان (سەفیەی كچی حویەیی)، پاشان (ماریەی قبتی) ئوم ئیبراهیم، پاشان (مەیمونە كچی حارس) دوایەمین ژنانی پێغەمبەر.

قسەمان زۆر كردو پەلی لێ بوەوە، ئەوەی كە دەبوو لەم مەسەلەیەدا بووترایە كە محەمەد لەكاتی هاتووچۆكردنی لەنێوان ئەو ژنانەدا خۆی لەو گرێ‌و قەیرانە سۆزیانە رزگاركرد كە پێوەیان دەینالاند، ئەم چاكەیەش دەگەڕێتەوە بۆ عائیشە (دایكی ئیمانداران، كە باوك‌و دایكی ئەبوبەكرو ئوم رۆمان پێشكەشیان كرد بە محەمەد ، وەكو چارەسەرێكی مەزن، ئەویش پیاوەتی‌و بلیمەتی پێی بەخشی..

## خواو سێکسو پێغەمبەرایەتی:

خوا لەگەڵ محەمـەدە، لەگـەڵ ژنـەکانی محەمـەدە، خـوا هەقـە، هـەقیش لەگـەڵ محەمـەدە، هەق لەگەڵ ژنـەکانی محەمـەدە، سـێکس لەکوێیـە؟ بۆچـی (مەقوقسی) قبتـی ماریـەو سـیرینی نارد بۆ محەمەد؟ بۆچی محەمەد عەباکەی خۆی فڕێدایـە سـەر ژنـە دیلێکـی وەکو (سـەفیە)؟ بۆچـی محەمـەد دەسـتی گـرت بەسـەر ژنـە دیلێکـی وەکـو (جوێریـە)دا و مـارەی کـرد؟ بۆچـی محەمەد نامە بۆ (نەجاشی) دەنووسێو داوای لـێدەکات (ئوم حبیبـە)ی لـێ مـارە بکات؟ ئێستا خوا ئەمەی ویست، یان خواستی سێکسە؟ ئـەو شـەبەقەی کـە لـەنێوان کۆتو گرێکانـدا دەربـاز بـوو؟ دیـارە محەمـەد داوای کۆتایهێنـانی سـەرکوتکردنو چەوساندنەوەی دەکـرد لـەلای پیـاو و سـەرداریەتی غـەریزەی بـەتینو تـاو بەسـەر ئەقڵداو، بانگەشـەی دەکـرد بـۆ زیندووکردنـەوەی توانا خەیاڵیەکانی مرۆڤ، لەبەرامبەر توانا لۆژیکیەکانیداو، تامو چێژی خۆشەویستیو جوانی بکاتـە ئامـانجی بـەرزی ژیـانی مـرۆڤ. مـارەکردنی ئـەم ژمـارە زۆرە ژنـە لەلایـەن محەمـەدەوە، دەکرێت ببێتە بنەمایەك بۆ بەشێکی فەلسەفەی هیربەرت مارکۆز.. کە بانگەشەی ئەوە دەکات کۆتو حەرامکردن بۆ سێکس نەمێنێو داوای سەروەری سێکس دەکات، چونکە ئـەو سروشـتی مرۆڤایـەتی لـە رەهەنـدی سێکسـی بـەئاڵۆش کۆدەکاتـەوە.. ئـەوەی جێـی سەرسـووڕمانە کـە مێژوونووسەکان لافی ئـەوە لـێدەدەن کـە لـە ژیـانی محەمـەددا هـەر لـە منداڵیـەوە تـا دەیـەی چـوارەمی تەمـەنی رووداوی کۆمەڵایـەتی نیـە مایـەی توێژینـەوەو پرسـیارکردن بـێ، جگـە مارەکردنی خەدیجەو ئاشکراکردنی خۆی وەکو پێغەمبەری خوا نـەبێ، مەسـەلەکان لـەلای ئـەم مێژوونووسانە کوتوپڕ روویان دا: وەحی لەخواوە دابەزی بـۆ محەمـەدو خـەڵکی بـە کاروبـاری خۆیانەوە سەرقاڵ بوونو ئاگایان لە مەسەلەکانی خۆیان نیە، هەروەکو بروسکە لـەپڕ فـەرمان لە خواوە دەهات، خودا فەرمانی پێکرد کە خەدیجە بخوازێو کردی.

ئیسلامی بۆ ناردەخوارەوەو داوای لـێکرد بە خەڵکی رابگەیەنێ ئیسلام بوو و راشیگەیاند، هەروەها فەرمانیشی پێکرد کە دوای خەدیجە دە ژنێکی دیکەو کیژۆڵەیەکی منداڵ بخوازێت ، پێغەمبەرەکە فەرمانەکانی بەجێهێنا، هەمووشی لەکاتی خۆیدا بوو، بە ئیتاعەوەو بێئەوەی هیچ ئاخۆ داخێكو بێزارییەك دەربڕێت، بۆی نەبوو بێزار بێتو داوای لێبوردن بکات، چونکە ئەو پێغەمبەرەو (خوا ناردوویەتی وەکو رەحمەتێك بۆ هەموو خەڵکی).. موسەلەمات (Postulates) موسەلەماتە، دیوارێکی ئەستوورەو لەنێوان مرۆڤو میرخاسی هەستو نەستیدا دەوەستێ، بەسەرتا دەیسەپێنێ کە باوەڕی پێبکەیتو، بەسەرتا دەسەپێنێ کە لە شوێنەکەی خۆتدا بمێنیتەوەو دڵنیابیت، بۆ نموونە ئەوەتا مامۆستا (ئەحمەد ئەلسەید) دەڵێو مێژوونووسەکانیش دەیڵێن: "ژیانی ئەم منداڵە (محەمەد) سەربردەیەکی ئاساییە. ساڵان هاتنو رۆیشتن بێئەوەی رووداوێکی کۆمەڵایەتی سەرنج راکێش لێی رووبدات، ئەوەی کە زۆر لێی دەگێڕنەوە هەندێ جار سەفەری شامی کردوە لەگەڵ کاروانەکانداو هەندێ جاریش بۆ یەمەن، ئەمەیش بەوە کۆتایی هات کە خاتوو خەدیجەی کچی خوەیلدی خواستو چاکترین ژنانی قورەیشو دەوڵەمەندەکانیان بوو، لەگەڵیدا ژیانێکی نزم ژیا، کچو کوڕی لێبوونو هەندێکیان مردنو هەندێکیان ژیان..

ئێمە داوای ئـەوە لـە پێغەمبـەر ناکـەین کـە لـە خـەڵکی جیـاواز بێـت، چونکە ئـادەمیزادە، بەڵکو داوا دەکەین رووداوەکانی ئەو قۆناغەی ژیانی محەمەد کە هێشتا ئاڵۆزە ئاشکرا بکرێن..

هەروەها (ئەحمەد ئەلسەید) دەڵێ:

"بەم جۆرە بەڕێزمان محەمـەد لاوێتـی بەسەرچـوو تـا گەیشـتە کۆتـایی چلەکانی تەمـەنی بێئـەوەی هـیچ شـتێکی رادەبـەدەری لـێدەرکەوێت ، یـان لـە شـتی بـاو بـەدەربێت. لـەنێو میللەتەکەیدا جگە ئەوە نەبێ کە ناسرابوو بە راستگۆییو سەرڕاستی، ئەمەیش واتـای ئەوەیـە ئـەوەی کـە ئاگـاداری سـەربردەکەی بـەڕێزمان محەمـەد بێـت خـۆی لەبەرامبـەر کەسـێك دەبینێتـەوە کە مێـژوو هـیچ شـتێکی گرنگـی بـۆ تۆمـار نـەکردوە، جیـاوازی شـێوەی ژیانیشـی ئەوەبوو کـە سـەرقاڵی ئـەوە نـەبوو وەکـو هاووڵاتیـەکانی دیکـە بـەدوای زانیاریـدا بگـەڕێت زۆر دەگمەن، چونکە ئەوان میللەتێکی نەخوێندەوار بوون خوێندنەوەو نووسینی نەدەزانی".

ئەم سووربونە لەسەر نەخوێندەواری محەمـەد خزمـەتی بەرژەوەنـدی مـرۆڤ ناکات، بگـرە شەرمەزاری دەکاتو رایدەوەستێنێ، ئێمـە بڕوامـان بەوەیـە کـە مـرۆڤ توانایـەکی هەیـە ئەگـەر جڵەوی بۆ شل کات موعجیزە دروست دەکات، بەهەرحاڵ محەمەد لـە جەنگـەڵێکی دوورەدەسـت لـە خـەڵك نـەژیاوە، بـەڵکو لـە وڵاتێکـدا بـەناوبانگ بـە بازرگـانیو جووڵانـەوەی گەیانـدنو گواستنەوەو محەمەد کوڕی ئـەو وڵاتـە مەزنـە دێرینـە بـوو، هـەروەها کوڕی قـوڕەیش خاوەن دەسەڵاتی ئایینیو بازرگانیو خاوەن لەهجەیەك کە زاڵ بوو بەسەر هەموو لەهجـەکانی زمـانی عەرەبیدا، نەك کوڕی ئەشکەوت بێ، یان دێو و درنجو پەری دەریا بێ..

محەمـەد وەکـو منداڵەکـەی جەنگـەڵی (ئـەڤیرۆن) نیـە، ئـادەمیزادی ئـاژەڵ، بـەڵکو کـوڕی قوتابخانەیەکی ئایینیو سیاسیو کۆمەڵایەتی رەگ داکوتاوی نێو خاكو مێژووە.

- ئایا بێگومان محەمەد نەخوێندەوار بوو؟
- ئەی چۆن محەمەد بووە زمان پاراو و وتاربێژو سەرکردە؟

کەواتە زانست بڕوای بەم هۆکارە خۆسەپێنەرانە نیە بەسەر ئەقڵماندا، منداڵ کوڕی ژینگەکەیەتی، کوڕی قوتابخانەکەیەتی، دواجاریش کوڕی ئەو هەموو جیهانەی کە لە دەوروبەریەتی..

"هەر لەسەردەمانێکی زووەوە زینەوەرێك پەیابوو پێی دەوترێ ئادەمیزادی دانا، ئەم خولقاوە درەنگەی زەمانە کە لە گیاندارەکان لەدایك بووەو دەبێ دەسەڵات بەسەر زەویدا بگرێت، ئەو بەردەوام بوو لەسەر گەشەپێدانی پەیوەندیەکانی بەجیهانی دەرەوە، لەهەمان کاتدا خۆی ڕێکدەخست لەنێو گروپەکاندا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فراوان دەبوونو ئاڵۆز دەبوون، ئەگەر فێربوو دەبێ هێزە مادیەکانی بەهێزکاتو غەریزەکانی ڕێكوپێك بکاتو ئەقڵی بەکاربهێنێ، هەرکە پیشەسازیو تەکنیكو زانستو هونەرو فەلسەفەو یاساو ڕەوشتی داهێنا بەهەموو بەشەکانیانەوە، ئیدی دوورکەوتەوە لە ئەسڵە سەرەتاییە ئاساییەکەی خۆیو هەر لەدووراو دووری ئەوەوە تێیان رادەمێنێ.

- ئایا محەمەد لە جیهانی دەرەوە دابڕا؟
- ئەی چۆن محەمەد بووە پێغەمبەری خوا؟
- ئایا محەمەد پێغەمبەرە، یان سەرکردەیەکی سیاسە؟

تا کەی ئاوها (ئیمان دەهێنینو دڵنیابین)، محەمەدیش (هەرسێ موعجیزەکە)ی کۆکردەوە: خواو سێکسو پێغەمبەرایەتیو، خۆی کرد بە (سەرداری هەموو دنیا – سید العالمین)و (دوا پێغەمبەران- خاتم الانبیا)؟

## ئیسلام لەکوێوە هات؟

ماموٚستا ئەحمەد ئەلسەید بە زمانی هەموو مێژوونووسە ئیسلامیەکانەوە دەڵێ:

"لەپڕێکا، لەم لەپڕێکەیەشدا هەموو نهێنیەکی نهێنی هەیە، کەواتە ئەم کابرایە کە تەمەنی لاوی تێپەڕاند بە حەماسەتو وەهمو خەیاڵاتو هەڵمەتەکانیەوە چووە نێو قۆناغی پیاوەتیەوە، لەو شوێنەی کە ئەقڵ دەسەڵاتی هەیەو سۆزو عاتیفە هێوردەبێتەوەو خەونو وەهمەکان دەڕەوێنەوە، ژیانو بارودۆخەکان وەکو خۆی وەردەگرێت، بەڵام بەڕێزمان محەمەد لە باو و یاساکانی ژیان لایدا، لە کوتوپڕێکدا لەپیاوەتی خۆی هەڵدەگەڕێتەوەو دەبێتە گڕکانێکی هەڵچوو و بە ژیان لە بەرزترین رواڵەتەکانیدا دەکوڵێ. گڕو بڵێسەو گڕکانی دەبارانە سەر پڕوپووچیو گەندەڵیو تاریکیو شەریك پەیاکردن بۆ خواو بتپەرستی کە ئایینی عەرەب بوو و مژدەی ڕووناکی دەدا بە ڕووناکی، ڕووناکی بڕوا بەخوایەکی تاكو تەنیا، کە لە کەس نەبووەو کەسیش لەو نەبووە، بێ جێگرو شێوەو جەستەیە، بەم شێوەیە بەڵگەکانو ڕووداوەکان کە ئاماژەی بەجورئەتو ڕاشکاویان هەبوو لەناوچوون، هەرکەسێکیش کە زانیاری هەبووایە لەناوچوون یان هەندێکیان رووخساری بەخشندە (مێژوو)ونی کردن، کەچی رووخساری دیکە پەیابوونو ئەوانی دیکەش درەوشانەوە، شایانی ئەوە نەبوون کە پێیان درا.

- (بوحێرا)، ئەو ڕاهیبە شکۆمەندە، خاوەنی بەیانی ترسناك "لەودیوی ئەم ناوچەوانەوە بەهەشت هەیە" (کەواتە چی لە دێرەکەیو کتێبەکانیو تۆمارەکانی هات؟).
- (وەرەقەی کوڕی نەوفەل)، ئەسقەفی مەککە، سەرگەورەی (حەڕا)، ئەی مێژوونووسەکان چیتان لێ کرد؟ محەمەد بەتەنیا لەئەشکەوتی حەڕا خەڵوەتی نەکرد، بگرە ئەمانەشی لەگەڵ بوو: (سۆیبە، حەلیمەی سەعدیە، ئوم ئەیمەن، ئەبو زوئەیب) سەرجەم لەدەوری رەشماڵەکاندا مەڕیان لەوەڕاندوە، هەروەها (مەسیرە)و هەموو ئەو مێردمنداڵانەی لەگەڵ بوو کە لە ڕێگەی کاروانەکاندا هەناسکە هەناسکیان بوو.

ئێمەیش دەڵێین: هەروەها، ئێمە دەمانەوێ قووڵتر بڕۆن لەوەی دەڵێن، دوای خوێندنەوەو هەڵێنجان، چاو دەگێڕینەوە بەو هەمووەی کە نووسراوە، ئەوەشی نوێخوازەکان لافیان پێ لێدەداو، نزیکانی محەمەدو هاوڕێیانیو خانەوادەکەی، ڕاستی مولکی هەموانە، ڕاستی نە حوشترێکە یان ژنێکەو نە بیرێکی نەوتە، سەربردەی محەمەد، ئەو پیاوەی رووخساری مێژووی گۆڕی، لەم ناوچەیەی جیهاندا، نەك وەکو ئەوەی دروستیان کردو دایانڕشتەوە، بگرە کەلەپوورێکی مەزنە، لە دروستکردنیدا پیاوانی دڵسۆز بەشداریان کرد، هەموو زانیاریو تواناو ڕۆشنبیریو مەعریفی خۆیان خستە ئۆغری دەرخستنی ئایینێکی نوێیەوە، یان ئەوەتا ئەو هەموو مەزهەبو بیروباوەڕانەی کە ژمارەیان زۆر بوو، بەهۆی ناکۆکی نێوان سەرۆکی مەزهەبەکانو سەردارەکانیان، یان ئەوەتا هێزێکی نوێ بخولقێنن کە بتوانێت ئەو ململانێ بیروباوەڕیە یەکلابکاتەوە، کە بەداخەوە بوونە مایەی قەتڵوعام کردنو کوشتارو کارەساتو وەدەرنانو وێران کردن، کەواتە ئیسلام کۆمەڵە جۆگەلەیەکە، ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاوایی، باشووریو باکوری، کە لە سەرچاوە خوڕەکانیەوە دەرپەڕین، ئەنجامی چەوساندنەوەو

زۆرداری و فەرمانڕەوایی بەزەبروزەنگ و تەگبیرکردنی زۆردارانەو نارەوا، ئەوەبوو هەموو رژانە مەکەوە (ام القری- دایکی گوندەکان)، وڵاتی لەبارو گونجاو، وەکو خاك و میللەت و کەش و هەواش. خۆری مەککە رۆچووە نێو لمەکانەوە ، بەدەزولەکانیەوە لە هەموو شوێنێك و رەنگێکدا کە ئیبراهیمی تیا بوو سەرجەم تیمە جووەکانیشی تیا بوو، هەروەها داب و نەریتی مەجووس و پەرستەکانیانی تیابوو، هەر لە خەرمەندیەوە کە مەزهەبی تەناسوخ و جێگرتنەوە، لە دەعجانی بوونی بەبڕوایی، بەوەی کە رووناکی بە تاریکی دەگۆڕدرێت، لە زەردەشتیەوە کە مەزهەبێ هێزو سەرکەوتوویە، لە ساسانیەتی دووانەیەوە کە داوای هەتاهەتایی (ئەزەلیەت) رووناکی و تاریکی دەکات، لە مانەویەوە کە تێکەڵەی نەسرانیەت و مەجوسیەتە، لە سۆشیالیزمی مەزدەکی لاسارەوە، لە کەینونیەتەوە کە پێی وایە رچەڵەکی خەڵقەندە لەسەر بنەمای ئاگرو خاك و ئاو رۆنراوە. لە گزنگەکانی ئەو هەتاوە (هەتاوی مەکە) نەسرانیەت (مەسیحیەتی جوولەکە)ش هەیە، کە دەڵێ کریست (مەسیح) دڵسۆزی زەمانەیە، هات بۆئەوەی ببێتە مەلیکی جووەکان.

لەنێو ستیکیزم کە بانگیداو وتی: "دڵسۆز لە رۆحەوە هەڵقوڵاوە ئەو مەسیحی مرۆڤ نیە" کە پاشماوەی (ئاریۆس)ە، ئەسقەفی وتاربێژ کە پڕبەدەم هاواری کرد: "کوڕ ئەوەیە کە بێ باوکە، هەروەها لە نەستووریەکان و مەلکانیەکان و سریانە (راستەکان) چەندێ لە دەزولەکانی ئەو هەتاوە تۆزو گەردی جەنگی بیروباوەڕەکانی هەڵگرتبوو، هەر لە ئەنتاکیاو ئەسکەندەریەوە، بەرزدەبووەوەو بەرزدەبووەوە تا چووە ناو کوستەنتینیەوە، پاشان هەموو شاران و ناوچەکانی گرتەوە ئەو سەردەمە، ئەوەبوو دەمەتەقێ میتافیزیکی بیزنتیەکان گەرم بوون.

تیمێکی دیکە وتیان: ئەو رووناکیەی لەسەر جەستەی مەسیح هەڵهات جیاواز بوو لەگەڵ یەکبوونی قسە. تیمێکی دیکە وتیان: قسەکە بووە خوێن و گۆشت، خودی خوادوەنیش بووە مەسیح.

کە بەوپێیەی (فیکر لە بۆشاییەوە دروست نابێت، یان بەدەر لە بارودۆخی بابەتیانەو کۆمەڵایەتی و سیاسیانە، کە ئەم فیکر خۆی بەدەنگ هاتنەوەی ئەوەیەو هەوڵدانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەگۆڕان یان بە پاڵپشتیکردن.

محەمەد لە مەککەوە چاوی لە وڵاتی فارسەکان و سوریاو حەبەشەو میسر بوو، سەرسووڕماو بوو بەو دەمەتەقێ گەرم و گوڕەی کە پاشاکان و ئەسقەفەکان و میللەتانی سەرقاڵ کردبوو، مەسەلەکە وروژاندی، ئەوەبوو دەستی کرد بە گەڕان بەدوای سەرچاوەو ئامانجەکانیەوە، خۆشەویستی و حەزی ئاگاداربوون و بێبەش بوون و بێباوکی و نامۆبوون هاندەری بوون. ئاسایی بوو پەی بەوانە بەرێت، کە وەڵامی پرسیارەکانی لایان بوو.. چونکە خۆی لەسەرەرێگاکەدا بینیەوە، سووربوو کە لەسەری بڕوا لەژێر زەبری تاسەو پەرۆشی بۆ نەمریی و مەزنایەتی و سەروەری، دوای ئەوەی لە ماڵەکەی خەدیجەدا جێگیر بوو و کەوتە نازو نیعمەتی سامان و بازرگانی و دەوڵەمەندیەکەوە، هەستی بە هەندێ رێك و پێکی یان پشتگیریکردن کرد، ئەو خۆی کێیە؟ کوڕی قوڕەیشە کە دەستی بەسەر مێژووی دوورگەی عەرەب و دڵ و ژیاندا گرتووە. گەرچی کاروانەکە پڕ بوو لە سەختی و نهێنی قووڵ دەوری دابوو، ئەوەبوو رەوشتی کوڕە رەشتاڵەکە گۆڕا، چونکە سەرجەم ناکۆکیەکان تێدا بەیەکاچوون، تێکەڵ بوون بە خەون و هیواکان، هەروەکو چۆن نەخۆشێك بە تەزووی کارەبا چارەسەردەکرێت، محەمەدیش بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ مامی (ئەبووتالیب) و گەورەپیاوانی مەککەو بچووکیان ئاوها بوو، لەوانەیە لەگەڵ خەدیجەشدا، ئەم کوڕە گۆڕانخوازە (Revolutionist) بەرلەوەی خەدیجە بخوازێت خەو و ئاسوودەیی و ئاساییش و دڵنیایی لێ حەرام بوو، بۆیە بووە هۆی ترسی مامی ئەبووتالیب و شێواندبووی.. چونکە ترسناکیی مەسەلەکەی دەزانی، هەروەها سەختی و ئەو گیروگرفتانەش کە ئەنجام لێی دەکەونەوە، ئەوەی کە محەمەدی گەنج مەبەستی بوو لە دیدی ئەوبوتالیبدا جگە خەون نەبێ چیدیکە نەبوو.. ئەم قۆناغە وردە، زۆر ورد بوو، هێڵەکانی تێکچڕژابوون و، شانەو یەکەو بەشەکانی ئاڵۆز بوون، کارێکی زۆریان کردە سەر بەشێکی گەورەی ژیانی محەمەد.

بەدرێژایی چل ساڵ شاردنەوەو ئاگایی و لێکۆڵینەوەو سووربوون و پەیوەندیە نهێنیەکان و بیرکردنەوەو تێڕامان و وردبونەوەو دانان و بیناکردن و وەرگێڕان و پیاچوونەوەو، پراکتیك و مەشق کردن و فێربوون و رەخنەگرتن و تەتەڵەکردن و شیکردنەوە ، محەمەدو گروپێکەی (خاون زانیاری بتەو) بوون، ئەوانەی زانستی کتێب و غەیب و حوشتری زۆریان هەبوو، لە هەوڵێکی مەزندا بوون ، وەك بڵێی لە جیهانی ئایندە بوون، هەرکە چییان ویست بۆیان بوو، سەعاتی سفریان راگەیاند، ئەوەبوو محەمەد دەستی کرد بە مژدەدان بە خەڵکی، بەوەی کە بیستوویەتی و خوێندویەتیەوەو خۆی دیوتی و لەبەری کردوە، بەڵام بەناوی خواوەو بەفەرمانی ئەویش ، ئەو جگە پێغەمبەر لە خواوە چی تر نیە، وەکو پێغەمبەرێك و مژدەبەرو ئاگادارچیەك ناردویەتی بۆ رێپیشاندەرو رەحمەت بۆ ئەوانەی کە بڕوای پێ دەهێنن.

## خواوەندی محەمەد

(پاپۆڕەکەی) خوا پاپۆڕی رزگاربوونە، ئەو رۆژانە خوا لە دوورگەی عەرەبیدا وێنەیەکی روون‌و دیاری نەبوو، چەمکی خودا بەشێوەیەکی نادیاری گەیشتە ئەوێ، ئەوانەی خەریکی خوێندن بوون بڕیاریان دا بپەڕنەوە بۆ ئەقڵی خەڵکی دوورگەکە، لەسەر پشتی (پاپۆڕی خوا) چونکە هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبوو جگە ئەوە نەبێ.

کەواتە، خوا، کێشەیە، گرفتە (بەرماوەیە)و ناکۆکی دەورووژێنێ. ژن‌ومێرد لەیەکتری دەکا، باوك‌و کوڕو براو براکە لە یەکتر دەکات، زریانێکە نایەوێت خەڵکی دڵنیابێت‌و لەخۆشی‌و ئاشتیدا بن.. قەیرانی ویژدانە، هەڵوەسەیە، شێتیە، شزووزە، لاف لێدانە، سەیروسەمەرەیە، سەروەریە، ئاسوودەییە، قەوارەیە، چەوساندنەوەیە، زۆرداریە، مەرگە، فەنابوونە، حیسابە، سزایە، پاداشتە، خوا ئەم هەموو سیفەتانەی هەیە کە دیاری نەکراوە، دەبینێ‌و نابینێ، دەوڵەمەند لە هەموو جیهاندا، خاوەنی ئاسمانەکان‌و زەویە، خۆی رووناکی‌و ئاگرە، بەهەشت‌و دۆزەخە، هەق‌و ناهەقە، چاکەو خراپەیە، خوای هەژارو خوای دەوڵەمەندیشە، ئادەمیزادو ئاژەڵ‌و بەردو رووەکی خولقاندووە تا کڕنوشی بۆ بەرن:

"يا ايها الناس اعبدوا ربكم الذي خلقكم والذين من قبلكم لعلكم تتقون، الذي جعل لكم الارض فراشاً والسماء بناءً وانزل من السماء ماءً فأخرج به من الثمرات رزقاً لكم فلا تجعلوا لله انداداً وانتم تعلمون"..

واتا(( ئەی خەڵکینە خواکەتان بپەرستن کە خەڵقی کردون و ئەوانەی پێش ئێوەیش ، بۆ ئەوەی پارێزاوبن، ئەوەی کە زەوی بۆ کردنە رایەخ و ئامانیش بینایەك و ئاوی لە ئاسمان هێنایە خوارەوە و پێی بەری بۆ دەرهێنان تا ببێتە رزقتان و بەرامبەر بۆ خوا دامەنێن خۆتان دەزانن))..

## دامەزراوەی مەکەی خوداوەندی

خوا، ئەم بابەتە دەبێ یەکلابکرێتەوە، بەڵام چۆن؟

(مامۆستاکان) خۆبەدەستدانەوەو ئیمانی دڵنیاو پەرستنی موتڵەق‌و ئیتاعەیەکی کوێرانەیان سەپاند، ئەمەیش ئازیز نیە. (مامۆستاکانی مەککە) بۆ ئایینە نوێیەکەیان هەموو هۆکارێکی سەرکەوتنیان ئامادەکرد، کۆمپانیایەکی خوداوەندیان دامەزراند، خەدیجە، ژنی محەمەدو دەوڵەمەند، بەو دەسەڵاتەی کە هەیبوو پشتگیری لە پرۆژەکە کرد، ئاسانکاری بۆ مێردە دەستپاك‌و خۆشەویست‌و هاوسەرەکەی کرد، تا بگاتە دەوڵەمەندەکانی مەککە، دانیشتووانی گەڕەکە پێشکەوتووەکە، بازرگانەکانی مەککەو سەردارەکانی کە بەداوای خەدیجە لێی خۆش دەبن‌و، چاو دەپۆشن لەوەی کە روودەدات، رێگا بە کوڕی قوڕەیش دەدەن.

جووەکان پێغەمبەرانیان هەیە، کریستیانەکان پێغەمبەرو پیرۆزمەندەکانیان هەیە، کەواتە دەبێ مەککەیش پێغەمبەری هەبێ، ئەمە دروشمی (کۆمپانیای خوداوەندی) بوو، کە بەرزی کردەوە، بۆ نا؟!

محەمەد زیانی نەبوو بۆ بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان، کەواتە تا کەی دوورگە وشك‌وبرینگ بێ؟ داوایە لەسەر دوورگەی عەرەب کە پێغەمبەرێك بێنێ‌و عەرەب بەرزکاتەوە بۆ ئاستی نەتەوەو میللەتە مەزنەکان، ئیدی جوو و نەسرانیەکان شانازی بەسەرمانەوە ناکەن.

دەوڵەمەندەکانی مەککەو بازرگانەکانی ئاوها دەڵێن (مامۆستاکان) ووتیان، وەکو ئەوەی ئەندازیارەکانی ئایینی حەنیف رچاویان کردو روویدا. مەککە بەرگری (محەمەد) دەکات؟ (محەمەد) بەرگری محەمەدی نەکرد، پەیوەندیەکان رۆژبەرۆژ چاك دەبوون، پارچەی زەوی ئیسلام فراوان دەبنەوە، زۆردارەکانی مەککە محەمەد ناکوژن، سامانەکەی خەدیجەو سەداری قوڕەیش‌و غیرەی جوو و نەسرانیەکانی دوورگەی عەرەب، شکستیان بەو پیلانە هێنا دژ بە (محەمەد) . هەموو شتێ لێی کۆڵرابووەوەو حیسابی بۆ کرابوو. بەرووبوومی چل ساڵ لە راوێژو هاوکاری‌و لەیەکگەیشتن‌و خوێندنەوەو پلاندان دەبێ سەرکەوتوو بێت، تەنها ئایین بانگەشە نیە بۆ دەرکەوتنی بزووتنەوەی ئیسلامی، دانیشتوانی مەککەو مەدینە بڕوایان بەوە هێناو خێڵەکانی عەرەبیش باوەڕیان پێ کرد، ئەم بزووتنەوەیە پێشوازیەکی بەرچاوی لێکرا، توانی خێرا بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵ بێ لە فارسەکان‌و جووەکان‌و بیزنتیەکان، ئەوانەی کە لە بارودۆخێکی باشدا نەبوون.

ئەم قۆناغە گرنگە لە مێژووی (محەمەد)دا مێژوونووسەکان نەیانویستووە ئاشکرای بکەن‌و خەڵکی لێ ئاگاداربکەنەوە!

لەپڕێکا خوا لە دوورگەی عەرەب هاتەخوارەوەو لەنێو خەڵکەکەدا (محەمەد)ی تەمەن چل ساڵی هەڵبژارد، ئەوەی ویستی پێی بڵێ پێی وت، ئەو نەخوێندەوار بوو وەکو لافیان لێدەداو لافی لێدەدا.

لەپڕێکا ئیسلام شوێنی خۆی داگیرکرد لەنێو عەرەبی دوورگەکەداو (محەمەد) بووە (پێغەمبەری مەزن)و (دوا پێغەمبەر)، هەڕەشە لە شاو ئیمپراتۆرەکان دەکات‌و داوایان لێدەکات ببنە ئیسلام، ئەگەر بەقسەی نەکەن راوەدوویان دەنێ‌و وازیان لێ ناهێنێ.

ئەوەبوو موسڵمانەکان کەوتنە جەنگ کردنەوە لەگەڵ جووەکانو فارسو ڕۆمەکاندا، زلهێزەکان شکستیان خوارد لەبەرامبەر کەمینەیەکدا لە (بەدو)، کە ئیسلامیان کرد بە وەرچەرخانێکی نوێ لە ژیانی ئابووریانداو، پەڕینەوە بۆ هەرێمە خاوەن سروشتە بەپیتو پڕ بەرەکەتەکانو جوانو، خاوەن کەشوهەوای تەندروستو سوودبەخش.

تاکی (بەدو) بێزار ببوو لە دوورەپەرێزییو تەنیاییو ژیانێکی زبر، لەوەتەی بازرگانیو بازرگانەکانی ناسیبوو، و ئاوریشمی یەمەنیو تەونی ڕێکپۆشو شتە بەلەزەتەکانی شامی دەبینی لە هەنجیرو ترێو ئەو میوەیەی کە لە دوورگە شین نەئەبوو، یان لە بازاڕەکانی مەککە نەبوون، هەروەها جووڵانەوەی کڕینو فرۆشتنو ئەسپە ڕاهێنراوەکانو حوشتری بەبارەوەو ئەو دەوڵەمەندانەی کە لەمو لەولاوە دەهاتنو بە بازاڕەکاندا دەسووڕانەوە بە بریقوباقو تەیلەسان خۆیان با دەدەنو گەنجەفە دەکەن.

ئیسلام وورەی ئەو کابرا بەدەویە نووقم بووەی سروشتە باوەکەی خۆی جووڵان و، شۆڕشی دژ بە برسیەتی بەرپاکرد، کە زۆر لە مێشکی خواردو سەرکوتی کردبوو، دوچاری زوڵمو جیاوازی چینایەتی بوو، تاڕادەیەك لە وێزەیدا نەبوو، ئەوەبوو ئەم شۆڕشگێڕە، یاخی بووەو بەهێزە، کەچی ئەوانەی کە نە ئیمتیازو سامانەکانیان لە مەترسی نەیپاراستنو ئەوەشی پەلاماری دانو دەسەپاچەی کردن، دوای ئەوەی ئەوانە فەرمانڕەواو بەدەسەڵاتو خاوەن عیزەتو شکۆو جەبەرووت بوونو، بڕوابوونێکی موتڵەق بە سەرکردەیەکی عەرەبی (محەمەد) بێنن، ئەمەیش ئەو چەکە بوو کە شمشێرو تیرۆرو ڕمەکانو عەرشەکانی تێکشکاندو تاجەکانی نایە چاڵو، دەوڵەتێکی نوێی دامەزراند، پێی وترا (دەوڵەتی ئیسلامی).

بۆچی ئەندازیارانی (ئایینی پاکیزە) داوایان کرد بۆ ئیمانی موتڵەقو خۆبەدەستەوەدان، بۆئەوەی (کە بۆ محەمەد هاتووەتەخوارەوە). بەتەئکید (مامۆستاکان)ی مەککە، خاوەنی (کۆمپانیای خوداوەندی) زۆر بەچاکی ئەقڵی کەسی بەدەویان دەناسیو، ئەو مرۆڤەی کە بەدوای ئاو و لەوەڕەوە دەگەڕێتو حەزی لە چیە، هەمیشەو بەردەوام ئامادەیە بۆ کوشتاری خێڵەکی، بۆ ململانێ لەگەڵ کوڕانی خێڵەکەی خۆی، چی کاری تێدەکاتو سۆزو هەستی دەجووڵێنێو دڵخۆشی دەکاتو دڵنیای دەکات. دەبوو بەم پێیە سەرکردەی عەرەبی (محەمەد) پێغەمبەر لە خواوە ڕابگەیەنن (کێ خۆشی بوێ خوای خۆش دەوێ)، (کێ ئیتاعەی بکات ئیتاعەی خوا دەکا)و (کێ پشتی بگرێت پشتی خوا دەگرێت).

کەواتە ئەم (بەدەویە) لەوەدا تەگبیرێکی (لایەق)و (ماقووڵ) دەدۆزێتەوە، کە لەگەڵ ئارەزو و ئامانجەکانی بگونجێو پەیوەست بێ لەگەڵ ئامادەباشیەکانی زەینیو دەروونیو ڕۆحیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری، ئەوەبوو دیمان بوو بە ئیسلام، وەکو چۆن دەچێتە نێوماڵی شێخی عەشیرەتەکەیەوە وایە، چونکە نە تەکلیف هەیەو نە مەرجو نە ئەرکەکمان هەیە، جگە هەندێ تەقس نەبێت کە دواجار فێریان دەبێت، بەم ئایینە تازە ئاسانە ئیسراحەتی کرد. کە تەنها پابەندی وشەکان دەبێ، هەروەها هاندەرێکی تیا دۆزیەوە بۆ داگیرکردنو فەتح کردن، کە دەسکەوتو ئامانجی لێوە دەستکەوت کە (دامەزراوی مەککەی خواوەندی) هەوڵی بۆ دەدا.

## ئایینی بیابان

کەسی (بەدەوی) ئیسلامی نەکرد بە ئایین، بگرە ئەو وەکو هێزێکی نوێ پەنای بردە بەر، کە هاوشانە لەگەڵ خواستو هیواو ئاواتەکانیدا. دوورگەی عەرەب بۆ ماوەی زیاتر لە (3400) ساڵ بێ پێغەمبەر بوو، هەر لەسەردەمی (شوعەیب)ەوە لە (3400) ساڵ پێش کۆچکردن تا هاتنی پێغەمبەر ساڵی (13)ی پێش کۆچی، بۆیە هاتنی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا لەسەردەمی پێغەمبەرەکان بوو، زۆر لە خەڵکی گۆڕابوونو شەریکیان بۆ خوا پەیداکردبوو، و بتیان دەپەرستو دەستیان دابووە حەرامکردنو ناجایزەکانو زوڵمیان لە خۆیان دەکردو زوڵمیان لە خەڵکیش دەکرد، ئەو بیروباوەڕە نەسرانیو جووەی کە لەو وڵاتەدا بڵاوببووەوە هیچیان نەکردبوو، چونکە لایەنگرەکانیان لەو پاكو بێگەردیەی کە هێنابوویان لەڕێ لایان دابوو، بەڵام خەڵکی (بەدو) (بێگەردی ئایینی) پێخۆش نیە، چونکە ئەو فەلسەفەو لۆژیكو لاهووتی پێ قبووڵ نیە، ئەگەر بهاتبایە ئیسلام لە ڕێگەی (لاهوت یان بێگەردیی) یان فەلسەفەوە بۆ بهاتبایە، حەتمەن بەتەواوەتی ڕەتی دەکردەوە، دووردەکەوتەوە بێئەوەی گوێ بدات بەوەی کە بانگی دەکات.. بۆیە موسڵمان بەردەوام لۆژیكو فەلسەفەی بۆ ماوەی چەندان سەدە ڕەتکردەوە، لەوانەیشە هەتا هەتایە ئاوها بەردەوام بێت، قسەکەشمان واتای ئەوە نیە کە (بەدەوی) لەسەر هەڵە بێت یان فەیلەسووفەکانو لۆژیکیەکان لەسەر هەق بن. (ئیبن سەڵاح شارەزووری)یش باشترین بەڵگەیە بۆئەوەی دەیڵێین..

لە ئیمامی شارەزووریان پرسی: (لەوانەیشە لەخۆی پرسی بێ): ئایا شەریعەت دانەر ئیشکردن لە لۆژیك (مەنتق) ڕێگەی داوە بە فێربوون یان فێرکردن؟ ئایا دەبێ زاراوەی مەنتقی بەکاربێت بۆ سەلماندنی حوکمە شەرعیەکان؟ دەبێ خاوەن ئەمر چی بکات بەرامبەر بە کەسێك لە خەڵکی فەلسەفە ناسراو بە فێربوون لێیو پۆلێنکردنی، ئەو مامۆستایە لە قوتابخانەیەك لە قوتابخانەکانی گشتیدا؟ بۆیە ئیمام ئیبن سەلاح شارەزووری فتوای حەرامکردنی فەلسەفەو مەنتقی دەرکرد:

(فەلسەفە بنەمای پووچیو لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەیەو کەرەسەیەکە بۆ سەرسووڕمانو بەهەڵەبردنو وروژێنەری لادانو زەندیقیە، ئەوەی بفەلسەفێنێ بینایی کوێر دەبێت لەئاستی چاکەکانی شەریعەتی پاکیزەدا، کە بەبەڵگەی ئاشکراو دۆکۆمێنتی درەوشاوە پشتگیری کراوە، هەرکەسێك فێری ببێو خەڵکی فێرکات سەرشۆڕیو بێبەشبوون بەشیەتیو شەیتان دەستی بەسەرا دەگرێت، چ هونەرێکە ئەو هونەرە شەرمەزارەی کە خاوەنەکەی کوێردەکاتو دڵی بەرامبەر بەپێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) تاریك دەکات، هەرکە باسکەرانی باسی دەکەنو هەرکە غافلگیران پشتگوێی دەخەن لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایەتە ڕوونەکانیو موعجیزە ڕۆشنگەرەوەکانی، تا چەند زانایەك دەستنیشان کران بۆ توێژینەوە تا هەزار موعجیزەیان کۆکردەوە، ئێمە بەکەمیی ژمارەمان کردووە، چونکە خۆی چەند قاتی ئەو ژمارەیەیە. بەڵام مەنتیق دەروازەی فەلسەفەیەو دەروازەی خراپی خراپەیە، نەك ئیشکردن لێی وەکو شەرعدانەر حەڵاڵی کردوە، کەسیش لە ئەسەحابەو لایەنگرانو ئیمامە موجتەهیدەکان حەڵاڵیان نەکردوە، نە پێشینانی چاکیش، ئەرکی سەرشانی سوڵتانیش ئەوەیە خراپەی ئەمانە لە موسڵمانەکان دوورخاتەوەو لە قوتابخانەکان دەریانبهێنێو، دووریان بخاتەوەو سزای ئەوانەش بدرێت کە ئیش لەسەر هونەرەکەی دەکەن، ئەو کەسەی بیروباوەڕی فەلسەفەی لەلای دەرکەوت دەخرێتە بەردەم شمشێر یان ئیسلامبوونەوە:".

کەسی بەدەویش دوژمنێکی سروشتی فەلسەفەو مەنتیقە، هەروەکو چۆن هاوپەیمانی سروشتیە بۆ سۆزو شیعرو جەنگو ڕاوکردنو شانازیو مەدحو برادەریو تۆڵەسەندن، ئەو داب‌ونەریتانەیش کە حەزیان لێدەکاتو پێیان بەختەوەر دەبێت، دژی هەموو شتێکە ئیشی بیرکردنەوە بێتو ئەقڵ ماندووبکاتو رایبهێنێ.. ئەم مەسەلانەش ئیسلام بە زمانێکی زانراو قسەی پێکرد بۆ (بەدەوی) (ئەمەیش زمانی باکووری بازرگانیو سیاسیو ڕۆشنبیرییو ئەدەبیو ئایینی بوو)، سەیریش نیە کە بەودوەکان ئیسلامیان بەئاسانیو سادەیی پێشوازی کرد، سەیریش نیە کە ئیسلام بووە حیزبی قورەیش —عەرەبی باکوورو ئایینی بیابان، ئایینی عەرەبی (ڕاست)و بەقورئانیان وت (کتێبی خوای ڕێپیشاندەر) زمانی عەرەبی باکووریش لە زمانەکانی دراوسێکان پێشکەوتووترە لەڕووی ڕۆشنبیرییو ئەدەبو وشە زۆریو ڕێزمانی وردترە، سەرەڕای (دەسەڵاتی ئەوانەی قسەی پێدەکەن)و (ئەو بارودۆخەش کە لەبار بوو بۆ زاڵبوونی زمانەوانیو هاوکارێکیش بوو بۆ زمانی باکوور لەسەر زمانی باشوور).

## ئیسلامبوونی ئەبوبەکرو بازرگانە وریاکان

ئەگەر بێتو باسی ئیسلامبوونی (ئەبوبەکر کوڕی ئەبو قەحافە) برادەری (محەمەد)و باوکی (عائیشە)ی ژنیو خەلیفەی یەکەمی بکەین، شتێکی ئەوتۆ نادۆزینەوە بۆ هەوڵدانی محەمەدو قەناعەت پێهێنانی ئەبوبەکری بازرگان بۆ ئیسلامبوون لەلایەن محەمەدەوە، چونکە (ئەبوبەکر) یەکسەر قبووڵی کرد، هەروەکو محەمەد خۆی دەڵێت: (بەهەرکەسێکم وتووە ئیسلام بووە، تەنها ئەگەربێتو گلانێکی نەبووبێو سەیری کردوەو دوودڵ بووە، تەنها (ئەبوبەکر کوڕی ئەبی قەحافە) هەرکە بۆم باس کرد لە قبووڵکردنی دوودڵ نەبوو).. ئەمەیش واتای ئەوەیە کە ئەبوبەکر پێشەکی ئاگاداری بانگەشەکە بووە، چونکە ئەو خۆی یەکێك بوو لەوانەی کە ئەندازیاری ئایینەکە بوونو بە چاکی ڕێکیانخستبوو، سەربوردەی ئەبوبەکر وا دەگێڕێتەوە کە پیاوێکی لەبەردڵو خۆشەویست بوو لەلای میللەتەکەیو ئاسان بوو، لەبارترین قوڕەیشی بوو بۆ قوڕەیشو قوڕەیشیەکان شارەزای بوون، کە چاکەو خراپەی تیا بوو، پیاوێکی بازرگانو ڕەوشت ناسراو بوو، پیاوانی میللەتەکەی دێن بۆ لای بۆ چەندان مەسەلە لەبەر زانیاریو بازرگانیو خۆش مەشرەبیو (یەکێك بوو لە دەوڵەمەندەکانی قوڕەیشو لە پێشکەوتووترین گەڕەکەکانی مەککە دادەنیشت، لەو شوێنەی خەدیجەی کچی خوەیلدی لێبوو، هەروەها بازرگانە شارەزاکان کە بازرگانیان دەڕۆیشت بۆ شامو یەمەن بە هاوینو زستان. ئەویش هەرکەسێك لێی دڵنیابووایە لە قەومەکەی داوای لێدەکرد ببێتە ئیسلام، بە قسەی ئەو (عوسمان کوڕی عەفانو زوبێر کوڕی عەوامو عەبدولرەحمان کوڕی عەوفو سەعد کوڕی ئەبو وەقاسو تەلحەی کوڕی عوبێدەڵا، بوون بە ئیسلام، وازیان لەو پێشینانە هێنا کە لەلای خوای خۆیان پایەیەکیان هەبوو و تەنانەت لەلایەن مەلایەکەتیشەوە بەخیلیان پێدەبرا.

ئەم راپۆرتە چەند جێگای پرسیارکردنە؟

عوسمانو هاوڕێکانی لە دەوڵەمەندترین دەوڵەمەندەکانی مەککە دەبنە ئیسلام؟ ئایینی چینی زەلیلەکان، بەهەمان ئاسانی رادەبەدەرو روونو رەوانو راستیەوە، هەروەکو چۆن بەدەویەکی هەژارو زەلیل بەئاسانی ئیسلام بوو؟! ئایا ئەمەیش بەلگەیەك نیە بۆئەوەی ئیسلام لەلایەن مامۆستاکانی مەککەو دانیشتوانی گەڕەکی پێشکەوتووەوە پلانی بۆ دارێژرابوو؟ (عوسمان) لە سامانو بازرگانیەکەی نەترسا لەلایەن ئایینی نوێوە؟ ئایا دەیزانی دەبێتە خەلیفەی سێیەم دوای ئەبوبەکرو عومەر؟!

(پێغەمبەر) دەڵێ: "خەڵکی کانزایە، هەڵبژاردەیان لە جاهلیەت، هەڵبژاردنیانە لە ئیسلام، ئەگەر پێی بزانن".

هەرکەسێ لە جاهلیەت زۆر چاك بووبێت لە ئیسلامێتیشدا زۆر چاکە، هەرکەسێکیش لە جاهلیەت لاواز بووبێت لە ئیسلامیشدا لاواز دەبێو لاواز بووە، ئەوەی لە گەڕەکی خواپێداوەکان نیشتەجێ بوو لە خواو پێغەمبەرەکەیەوە نزیکتر بووەو خانووی لە گەڕەکی خواو پێغەمبەر و مەلایەکەتەکاندا دەبێ..

## ئیسلامبوونی عومەری کوڕی خەتاب

با درێژەی نەدەینێ، تەنها چیرۆکی ئیسلامبوونی عومەری کوڕی خەتاب دەگێڕینەوە، کە رووناکی ئاشکراکەرو زانیاری بەنرخو راستی بەلگەنەویستی تیایە، نیشانەی ئەوەیە کە سیاسەت زاڵبووە نەك ئایین، ئەمەیش چیرۆکی ئیسلام بوونی عومەرە وەکو لەسەربوردەکەی (ئیبن هیشام)دا هاتووە: "عەبدولرەحمان کوڕی حاریس کوڕی عەبدولعەزیز کوڕی عەبدوڵلا، ئەویش لە دایکی خۆیەوە ئوم عەبدوڵلای کچی ئەبو حەشمە دەیگێڕێتەوە وتوویەتی: وەڵا با بڕۆین بۆ خاکی حەبەشە، چونکە (عامر) هەندێ پێویستی ئێمەی بردوە بۆ ئەوێ، هەرکە عومەر کوڕی خەتاب پەیابوو تا (عەلی) وەستا، هێشتا ئیسلام نەببوو، هەمیشە بەدەستیەوە تووشی بەلا دەبووینو زۆر توند بوو بەرامبەرمان، وتی: ئەوە کاتی دەرچوونە ئەی دایکی عەبدوڵلا، منیش وتم: بەڵێ وەڵا با لە خاکی خوا دەرچین، پاشان رۆیشتو خەمبار بوو، هەرکە دیتی دەڕۆین، عامریش پێویستی خۆی هێنا، پێم وت: ئەبو عەبدوڵا ئەگەر عومەرت دیتبا بەم دواییە چەند نەرمو خەمبار بوو بۆ ئێمە، وتی: تەماحت لە ئیسلامبوونی کردووە؟ وتم: بەڵێ. وتی: ئەوەی دیتم ئیسلام نابێ تەنانەت ئەگەر گوێدرێژەکەی خەتابیش ئیسلام ببێ، ئوم عەبدوڵلا وتی: بێئومێدبوونی لە توندوتیژی سەبارەت بە ئیسلام".

ئیسلامبوونی عومەر — وەکو بزانم- کە فاتیمەی خوشکی فاتیمە کچی خەتاب خۆیو مێردەکەی سەعید کوڕی زێد ئیسلام بوونو ئیسلامبوونی خۆیان لە عومەر شاردبووەوە، (نەعیم کوڕی عەبدولا ئەلنەحام) پیاوێك بوو لە خێڵەکەی ئەو لە بەنی عودەی کوڕی کەعب بوو، ئیسلام ببوو، لەترسان شاردبوویەوە لە خێڵەکەی. (خباب کوڕی ئەرت) دەچوو بۆ لای فاتیمەی کچی خەتابو قورئانی بۆ دەخوێندەوە، رۆژێکیان عومەر بە شمشێرەکەیەوە هاتە دەرەوەو شێتو هار ببوو، داوای پێغەمبەرو کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی دەکرد کە لە (سەفا) لە ماڵێکدا کۆببوونەوەو نزیکەی چل پیاو و ژن دەبوون، پێغەمبەریش مامی هەمزەی کوڕی عەبدول موتەلیبو ئەبوبەکر کوڕی ئەبو قەحافەی صدیق و عەلی کوڕی ئەبی تالیبو چەند پیاوانی موسڵمانی لەگەڵ بوون، ئەوانەی لە مەککە لەگەڵ پێغەمبەر بوون، ئەوانەی کە چوون لەگەڵی بۆ خاکی حەبەشە، ئەوەبوو تووشی (نەعیم کوڕی عەبدولا) بوو پێی وت: ئەی عومەر کێت دەوێ؟ ئەویش وتی: (محەمەد) ئەو کابرا (سوبیە)م دەوێ.. کە بووە هۆی دووبەرەکی لەنێو قوڕەیشداو خەونەکانیانی پووچەڵ کردو ئایینەکەیانی عەیبدار کردو جنێو بە خوداوەندەکانیان دەدات، دەمەوێ بیکوژم. نەعیم پێی وت: وەڵا خودی خۆت لەخشتەی بردویت ئەی عومەر، تۆ بڵێی خانەوادەی عەبد مەناف بیەڵن تۆ لەسەر زەوی رێ بکەیت ئەگەر (محەمەد) بکوژیت، بۆ ناگەڕێتەوە بۆ لای کەسوکارەکەتو مەسەلەکەیان لێبپرست!! ئەویش وتی: کام کەسوکار؟ وتی: زاواکەتو ئامۆزاکەت سەعید کوڕی زەیدو فاتیمەی خوشکت. وەڵا ئەوانە ئیسلام بوونو شوێن (محەمەد) کەوتوونو لەسەر ئایینی ئەونو تۆیش دوایان کەوە.

ئەوەبوو عومەر گەڕایەوە بۆ لای خوشکەکەیو زاواکەیو (خباب کوڕی ئەرت) لەلایان بوو و قورئانی بۆ دەخوێندنەوەو سورەتی (تەها)ی بۆ دەخوێندنەوە، هەرکە گوێیان لە دەنگی عومەر بوو، (خباب) خۆی شاردەوە لەماڵەکەداو فاتیمەی کچی خەتابیش قورئانەکەی لەژێر رانی شاردەوە، هەرکە (عومەر) لەماڵەکە نزیك بوەوە گوێی لە خوێندنی (خباب) بوو، هەرکە چووە ژوورەوە، وتی: ئەم قسە بێتامو واتایە چییە گوێم لێدەبێ؟ پێیان وت: بۆ شتێکت بیستووە؟ وتی: بەڵێ، وەڵلا دەڵێن ئێوە چونەتە سەر ئاینی محەمەد، کەوتە وێزەی زاواکەی

(سەعید کوڕی زەید) بەلێدان، هەرکە فاتیمەی کچی خەتابی خوشکی هەڵسا بۆئەوەی نەیەڵێ لەمێردەکەی بدات، بەڵام کەوتە وێزەی خوشکەکەیشی بەلێدان‌و سەری شکاند، هەرکە (عومەر) ئەمەی کرد خوشکەکەی‌و زاواکەی پێیان وت: بەڵێ ئیسلام بووین‌و بڕوامان بە خواو پێغەمبەرەکەی هێنا، چیت لەدەست دێ بیکە، هەرکە (عومەر) خوشکەکەی بینی خەڵتانی خوێنە، پەشیمان بووەوەو بەخوشکەکەی وت: ئەو قورئانەم بەرێ کە لەمەوبەر دەتانخوێندەوە.. بزانم ئەمە چییە کە (محەمەد) هێناویەتی! عومەر نوسەر بوو، هەرکە وای وت خوشکەکەی پێی وت: دەترسین شتێکی لێ‌بکەیت، ئەویش وتی: مەترسەو سوێندی بە خوداوەندەکەی خۆی خوارد هەرکە خوێندیەوەو بۆیان دەگەڕێنێتەوە، هەکە وای وت خوشکەکەی تەماحی تێ‌کرد بۆ ئیسلامبوونی‌و پێی وت: براکەم، تۆ لەبەرەی کافریت ودژوێنی کە بۆت نیە دەستی لێبدەی تەنها پاقژ نەبی. عومەر چوو دەستی شوشت‌و ئەویش قورئانەکەی پێداو سورەتی (تەها)ی تیا بوو، پێشەکیەکەی خوێندەوەو وتی: چ قسەیەکی جوانە! هەرکە (خباب) گوێی لەمە بوو هاتەدەرەوەو پێی وت: وەڵڵا عومەر تەمەننا دەکەم خوا تۆی بەخشیبێتە بانگەشەی پێغەمبەرەکەی، من دوێنێ گوێم لە پێغەمبەر بوو دەیووت: خوایە پشتگیری ئیسلام بکە بە (ئەبو حەکم کوڕی هیشام) یان (عومەری کوڕی خەتاب)، ئەڵڵا ئەڵڵا عومەر.

ئەوجا عومەر پێی وت: (خباب) پێم بڵێ محەمەد لەکوێ‌یە تا بڕۆم ئیسلام ببم؟ (خباب) پێی وت: ئەو لەماڵێکە لە (سەفا) بڕێك هاوڕێی لەگەڵدایە، عومەری برد لەگەڵ خۆیدا بۆ لای پێغەمبەرو هاوڕێکانی، لەدەرگایان دا، هەرکە گوێیان لەدەنگی بوو، پیاوێك لە هاوڕێیانی پێغەمبەر هەڵساو ترساو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە (عومەر)ە شمشێرەکەی بەدەستەوەیە، هەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب وتی: ڕێی بدە با بێتە ژوورەوە، ئەگەر چاکەی بوێ لەگەڵیدا دەیکەین، ئەگەریش خراپەی بوێ بە شمشێرەکەی خۆی دەیکوژین. پێغەمبەر (د.خ) وتی: با بێتە ژوورەوە، کابراکە ڕێگای دا بێتە ژوورەوە، پێغەمبەر لەبەری هەڵساو باوەشی پیاکردو توند بەخۆیەوە گوشی: "ئەی کوڕی خەتاب چی تۆی هێنا؟ وەڵڵا نابینم کۆتایی بێت تا دەکەوێتە چەقی ڕێگا".

عومەر پێی وت: ئەی پێغەمبەری خودا، هاتووم بڕوا بەخوا بێنم‌و بەپێغەمبەرەکەی‌و بەوەی لەلای خواوە هێناویەتی، پێغەمبەریش الله اکبر ی کردو خەڵکی ماڵەکەش‌و هاوڕێیانی (محەمەد) زانییان کە عومەر ئیسلام بووە، هاوڕێیانی پێغەمبەر لەشوێنی خۆیان هەڵسان‌و خۆشحاڵ بوون بە ئیسلامبوونی (عومەر) لەگەڵ ئیسلامبوونی (حەمزە)و زانییان کە هەردووکیان دەبنە پشت‌و پەنای پێغەمبەرو دەبنە نمونەیەك بۆ دوژمنەکانیان.

**بینیتان چۆن عومەر ئیسلام بوو؟**

**عومەر دەیویست محەمەدی (صووبی) بکوژێت!**

(محەمەد) لە ئایینی قورەیش (صوبی) دەرچوو و مەزهەبێکی نوێو حیزبێکی نوێی دامەزراند، عومەر ئاوهای وت، عەرەبەکان وایان وت.. قورئان کتابێکی دابەزیوە لەئاسمانەوە. ئیسلامەکان دەڵێن.. بۆچی قورئان دابەزیووەو چۆن؟ ئایا خوا خەڵاتی محەمەدی کرد لەبەرئەوەی لەئایینی قورەیش دەرچوو و قورئانی بۆ ناردە خوارەوە وەکو دیارییەك لە رەحمانی رەحیمەوە، تا وەکو پێغەمبەرێك بیچەسپێنێو کۆتایی بە زنجیرەی پێغەمبەرەکانی پێبهێنێ؟

**عومەر محەمەدی نەکوشت؟!**

عومەر پێشەکی سوورەتی (تەها)ی خوێندەوە:

"طه(1) مَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى(2) إِلاَّ تَذْكِرَةً لِمَنْ يَخْشَى(3) تَنزِيلاً مِمَّنْ خَلَقَ الأَرْضَ وَالسَّمَاوَاتِ الْعُلاَ(4) الرَّحْمَانُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى(5) لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ الثَّرَى(6) وَإِنْ تَجْهَرْ بِالْقَوْلِ فَإِنَّهُ يَعْلَمُ السِّرَّ وَأَخْفَى"

واتە: "تەها قورئانمان بۆت نەناردە خوارەوە تا ئەشکەنجە بکێشی، تەنها بۆ بیرخستنەوەی ئەوانە نەبێ کە لە ناردنەخوارەوەی دەترسن، لەوەی کە زەویو ئاسمانی خەڵق کردووەو رەحمانی بەرزکردوەتەوە بۆ سەر عەرش، ئەوەی لەئاسمانو زەویو لە ژێر خاکدا هەیە رێکی کردونو تا بەقسە ئاشکرای بکەیت، ئەو نهێنیەکە دەزانێو شاردیەوە"

مەسەلەیەکی سەیرە بەراستی! (عومەر) کە خەریك بوو محەمەدی (صوبی) بکوژێت، هەرکە چەند ئایەتێکی سورەتی (تەها)ی خوێندنەوە ئیسلام بووە؟! ویستی خوا بوو، مێژوونووسەکانو نوێخوازەکانو موحافیزکارەکان تا رۆژی قیامەت هەر دەڵێن.. دەبێ محەمەد بەهەرەشەکەی (عومەر)ی زانیبێت، بۆیە هاورێکانی کۆکردەوەو بەزاواکەی عومەری وتبوو بە ئامۆزاکەی بڵێت: دوێنێ گوێم لێبوو پێغەمبەر دەیووت: "خوایە ئیسلام پشتگیرکە بە ئەبو حەکەم کوڕی هاشم یان بە عومەری کوڕی خەتاب".



بۆئەوەی خوا بە (عومەری کوڕی خەتاب) پاڵپشتی ئیسلام بکات، دەبێ محەمەدو بەکرو عوسمانو سەرجەم دەوڵەمەندەکانی ئیسلام، دانیشتوانی گەڕەکی پێشکەوتوو نرخی ئەم پشتگیرییە بدەن بە عومەر، (بەسامانێکی بەهێز)، (عومەر) دەسکەوتو ئیمتیازی دەوێ، محەمەدیش نایەوێ بمرێت، بۆچی (محەمەد) شەهید بێ؟ (عومەر) لەو رۆژانە چی تێگەیشتبوو لە ئیسلام؟ (عومەر) ئەودەمە هیچ شتێك لە قورئان تێنەگەیشتبوو، جگە ئەو پلەوپایەی وەریدەگرێتو ئەو دەسکەوتانەی دەستی دەکەون هەرکە ببێ بە ئیسلام، عومەر بوو بە ئیسلام، پایەیەکی گەورەی تیا هەبوو، (عومەر) بوو (ئەبوبەکر)ی دامەزراند بە خەلیفە دوای مردنی محەمەد، هەر عومەریش دوای ئەبوبەکر عومەری کرد بە خەلیفە.

پشتگیری ئیسلامی کرد بە عومەرو، پشتگیری عومەری کرد بە ئیسلام.. بەڵام ئایا محەمەدو عومەر (خباب) یان خەڵات کرد بەوەی کردی.. ئەگەر خواکەت بیەوێ سیاسەت دەکا بە ئایینو ئایینیش دەکا بە سیاسەت.

**پێغەمبەری تۆڵەسێن**

(وەستانێك لەسەر مەزاری ئیبن جەحش، عوبەیدوڵا کوڕ جەحش کە پورزای محەمەد بوو) سووبی بوو، کۆچی کرد بۆ حەبەشە یان ئەوەتا ئایینە نوێیەکە بڵاوکاتەوە، یان لەدەستی چەوسێنەرەکانی رایکردبوو، لەحەبەشە سۆزەکەی جارانی جوڵا بۆ نەسرانیەت، لە ئایینە نوێیەکەی ئیسلام هەڵگەڕایەوە. ژنەکەی (ئوم حەبیبە) لەسەر موسڵمانی خۆی مایەوە، محەمەد قاسیدی نارد بۆ لای مەلیکی حەبەشە (نەجاشی) تا ئوم حەبیبە)ی بۆ مارە بکات، وەکو بڵێی محەمەدی (پێغەمبەر) دەیویست لوتی عوبەیدوڵا بشکێنێ.

ئەمە خێڵە یان ئایین؟ سەربەستی لەکوێیە؟

بۆ نەڵێین: عوبەیدوڵا خۆی بینی هەڵەیە، بۆیە گەڕایەوە بۆ ئایینی یەکەمی؟

مێژوونووسەکان عوبەیدولڵا نەعلەت باران دەکەن‌و سەربردەکەیان شاردەوە. مێژوونووسەکان لەبارەیەوە تەنها ئەمەیان وتووە: بوو بە ئیسلام‌و لەگەل ژنەکەی (ئوم حەبیبە) کچی ئەبو سوفیان کۆچی کرد بۆ حەبەشە، هەرکە گەیشتە ئەوێ بوو بە نەسرانی‌و لەوێ بەنەسرانی تیاچوو.

عوبەیدوڵڵا چی کردبوو؟ ئایا بیرت لەوە نەکردبووەوە کە (محەمەد) تۆڵەت لێدەکاتەوەو ژنەکەت مارە دەکات، بۆئەوەی کەرامەت‌و ناموست لەکەدار بکات؟! ئایا نەتدزانی کە سەربەستی لە فەرهەنگی زمانی ئێمەدا نیە؟ عوبەیدولڵا ئەگەر مێژووی ئێمەت بخوێنایەتەوە لە سووربە بوونی محەمەد تا ئەمڕۆ دەتزانی چۆن رووەکان سپی کراوون‌و رووی دیکەیش رەش کراون.

(عوبەیدولڵا) بەتەنیا تۆ ستەملێکراو نیت. منیش ئەمڕۆ وەکو تۆم. بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان من‌و تۆدا، تۆ گەڕایتەوە بۆ ئایینی یەکەمت، دوای ئەوەی کە سووبی بوویت. بەڵام من لەدایك‌و باوکێکی موسڵمانم‌و لەژینگەیەکی ئیسلامیدا، هەرکە گەورەش بووم‌و زەینم کرایەوەو خوێندمەوەو پیاچوومەوە، دیتم پێویستم بەم ئایینە نیە، کە سەرەتای سیاسەتەو ژیانی سیاسەتەو ئامانجی سیاسەتە، لەوانەیە تا رۆژی دیاریکراو هەر بەبێ ئایین بمێنمەوە.

ئایا (عوبەیدولڵا) زانیت چی بەسەر کوڕە خاڵەکەت عەلی کوڕی ئەبو تالیب هات؟ لە مزگەوت کوشتیان، بەئیمامەت لەقاڵبیان دا، نەیانویست فەیلەسوف‌و دانا بێت، بۆچی سوورن لە قووتووی (ئیمامەت)دا بمێنێتەوە؟

عوبەیدولڵا، محەمەدو ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان‌و عەلی‌و کەسانی دیکە نکوولیان لە یەکێك لە سەردارەکانیان‌و لە ئامۆزای خۆیان کرد کە (وەرەقەی کوڕی نەوفەل) بوو، نکوولیان لە کڵێسەکەیشی کردو کتێب‌و ئینجیلەکانیان سووتاند، بۆ خۆیان مێژوونووس‌و قسەکەریان کڕی، تا چی لەگەڵ سیاسەت‌و ئارەزو و بەرژەوەندی‌و قازانج‌و بازرگانی‌و خواکەیان بیەوێ کێ رزقی دەداتێ‌و بیەوێ کیش زەلیل بکات زەلیلی دەکات) پەیوەست نەبوون.

"الذي يرزق من عنده من يشاء ويذل من يشاء" ئایەتەکانیشی نارد بۆ پێغەمبەرەکەی وەکو شورەیەکی ئەستوور لە (خائین)و (یاخیبووان)و (کافرەکان)و (سووبەکان)و ئاگاداران‌و توێژەرەوەکان‌و فەیلەسوفەکان‌و خاوەن مەنتیقەکان بیپارێزن. وەك لە سورەتی (ئەنفال)دا هاتووە:

"يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ(24) وَاتَّقُوا فِتْنَةً لاَ تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ(25) وَاذْكُرُوا إِذْ أَنْتُمْ قَلِيلٌ مُسْتَضْعَفُونَ فِي الأَرْضِ تَخَافُونَ أَنْ يَتَخَطَّفَكُمْ النَّاسُ فَآوَاكُمْ وَأَيَّدَكُمْ بِنَصْرِهِ وَرَزَقَكُمْ مِنْ الطَّيِّبَاتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ(26) يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ(27) وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلاَدُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ(28) يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَتَّقُوا اللَّهَ يَجْعَلْ لَكُمْ فُرْقَانًا وَيُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ(29) وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ"

کەواتە محەمەد ترسی لەسەر نییە، دەبا بزانێت ئەوەی زەفەری پێببات خوا چاوی لێیەتی‌و دەیپارێزێت (خوا باشترین زەفەربەرە)، بینیمان چۆن (عومەری کوڕی خەتاب) ویستی زەفەر بەرێت پاشان خوا لەماڵەکەی زاواکەیدا روبەڕوی بووەوەو ئیمانی خستە دڵیەوەو، لەگوێی گرت‌و بردی بۆ ئەو ماڵەی کە (محەمەد)و هاوڕێکانی لێبوو، لەوێ ئیسلام بوو، داوای لێبوردنیشی کرد، تا بووە کۆڵەگەیەك لە کۆڵەگەکانی ئیسلام..

قورئان‌و محەمەدو بەڵێنەکەی خوا داستانی هۆمیرۆس (ئۆدیسا)و خوداوەندی ئەسینا بالاس (The goddess Athean)م بیردەخاتەوە کە پشتی ئۆدیوسیوسی شا دەگرێت‌و پشتیوانی خۆی بۆ دوپات دەکاتەوە، کاتێ ئۆدێوسیس دەگەڕێتەوە بۆ سەر عەرشەکەی لە ئیساکە Ethaca بەسەرکەوتوویی بەسەر خەڵکانی چینی ئۆرۆستکراتیدا، ئەوانە کە هەڕەشەیان لەو عەرشە دەکرد، چونکە مەسەلەکە تەنها تایبەت نەبوو بە ئۆدۆسیوس، بگرە تایبەتیشە بە خوداوەندەکەوە، خوداوەندی ئەسینا ئاوها دەڵێ: "بێگومان من لە هاوشانت دەوەستم‌و لەبیرت ناکەم تا ئەوکاتە دێت کە ئەرکەکەمان تیا تەواو دەبێ. بەڵام سەبارەت بەو (ئۆرۆستوکراتیانە) ئەوانەی راوەدوی ژنەکەت دەنێن‌و سامانەکەت تەخشان‌و پەخشان دەکەنەوە، من ئێستا 0پێشەکی دەیانبینم کە بەخوێنی سەرە شکاوەکانیان زەوی کۆشکەکەت سووردەکەن. هەموو مافێك زەوت دەکرێت جگە (هەقی خوایی) نەبێ. هەموو کەراماتێك رسوا دەکرێت‌و پێشێل دەکرێت، جگە لە کەراماتی پێغەمبەرە (چەکدارەکان) برادەرەکانی خوداوەند لە شاکان‌و سەرکردەکان نەبێ، (محەمەد) ئۆدیسا دەخوێنێتەوەو پێی سەرسام دەبێت.

ئۆدیوسیس قورئان دەخوێنێ‌و بەئاوازێکی گریکی دەیخوێنێتەوە، خوداوەندی (محەمەد) وەکو خوداوەندی (موسا) موغازەلەی خوداوەندی (ئەسینا) دەکات، کەچی دوژمنەکانی محەمەدو موساو ئۆدۆسیس لەئاگری دۆزەخا نەمرن.

<u>ئەمانە مێژوو لەناوی بردن</u>

سەروچاوی پاکوتەمیزو بێگەردو بێتاوان بە وحیەك لەخواوە مێژوو لەناوی بردن، (سوبحانەللا)و چوو بەدەنگی ئارەزووی پێغەمبەرێکی عەرەبییەوەو روکنەکانی حیزبەکەی، ئەوانەی فەرمانڕەوای وڵات بوون و زاڵبوون بەسەر مێژوودا، وەکو خۆیان حەزیان لێ بوو.

"قورەیشیەکان لەرۆژێکی جەژن لەلای بتێك لە بتەکانیان کۆبونەوە، مەزنیان دەکردو قوربانییان بۆی سەردەبڕی، ئەمە جەژنێکیان بوو، هەموو ساڵێك لەرۆژێکدا چوار لە (نەجیبەکان) لێی رزگاربوون.. پاشان بەیەکدیان وت: ببنە برادەرو نهێنی یەکدی بشارنەوە، وتیان: بەڵێ، ئەویش ئەمانە بوون: وەرەقەی کوڕی نەوفەل کوڕی ئەسەدو، عوبەیدوڵا کوڕی جەحش کوڕی رئابو، دایکیشی (ئومەیمە کچی عەبدول موتەلیب)و عوسمان کوڕی هوەیرس، زیدی کوڕی عەمرۆ کوڕی نوفەیلو، بەیەکتریان وت: بزانن وەڵا لەسەر هیچ شتێ سەرپێشکیان نەکردون ئایینی ئیبراهیمی باوکیان بەدرۆخستەوەو بەردێکی پاکی تیا نیە ببیستێو ببینێ زیان و سودی هەبێت!!

ئەی کورگەل بەخۆتان پشت ببەستن، وەڵلا ئێوە لەسەر هیچ ئاینێك نین و بەوڵاتاندا بلاّوەی لێبکەن کە لەسەر ئاینی ئیبراهیمن.

هەرکە هاتینە ناوهێنانی (عوبەیدوڵلای کوڕی جەحش)و ئەوەی لە حەبەشە لێی روویدا، لێرەدا بۆئەوەی دووبارەی نەکەینەوە لێی دەگەڕێین، ئەوەی دەمێنێ وەرەقەو عوسمان کوڕی حوەیرس و زێد کوڕی عەمرۆ کوڕی نوفەیل و بابزانین سەربوردەی ئەمانە چییە؟

## وەرەقەی کوڕی نەوفەل

بەڵام وەرەقەی کوڕی نەوفەل پەنای بردە بەر نەسرانیەتو، دوای کتێبەکانیان کەوت تا بووە زانایەکی ئەو ئەهلی کتێبە.

## عوسمان کوڕی حوەیرس

بەڵام عوسمانی کوڕی حوەیرس چوو بۆ لای قەیسەری رۆم بوو بە نەسرانیو لەلای پایەیەکی باشی پێدرا.. پێی دەوترا ئەو بەتریکەی کە گەڕانەوەی نیە ئەوەبوو لە شام بەژەهر مرد.

## زید کوڕی عەمرۆ کوڕی نوفەیل

بەڵام زەید کوڕی عەمرۆ کوڕی نوفەیل وەستاو نەبوو بە جوولەکەو نەشبوو بە نەسرانیو وازی لە ئایینی خێڵەکەی وازی لە بتو مردوو خوێنو قوربانی سەربڕین بۆ بتەکان هێنا، وازی لە زیندەبەچاڵکردنی کچان هێناو وتی: خوای ئیبراهیم دەپەرستم، ئەو شوورەییەی دەرخست کە خێڵەکەی لەسەری بوون، رووبەڕوو کە جارێکیان سەعید کوڕی عومرۆ کوڕی نوفەیلو عومەری کوڕی خەتاب –کە ئامۆزایەتی- بەپێغەمبەری خوایان وت: ئایا لە زەیدی کوڕی عەمرۆ خۆش بین؟ ئەویش دەڵێ: بەڵێ، ئەو بەتەنیا نەتەوەیەك زیندودەکاتەوە، جارێکیان زەید کوڕی عەمرۆ کوڕی نوفەیل چوونە کەعبەو لەناو مزگەوتەکەیدا وتی: (لبيك حقاً حقاً تعبداً ورقاً، عذت بما عاذ به ابراهيم)، پاشان هاتەدەرەوەو داوای ئاینی ئیبراهیمی دەکردو لە راهیبو حبرەکانی دەپرسی تا گەیشتە موسڵو جەزیرە هەمووی، پاشان بەهەموو شامدا گەڕا، تا گەیشتە راهیبێك لەسەر تەپۆلکەیەك لە خاکی بەلقا، لەوێدا ئاڵای خەڵکی نەسرانی تەواو دەبوو، گوایە دەڵێن لە (حەنیفیە)ی ئاینی ئیبراهیمی پرسیووە پێی وت: تۆ داوای ئاینێك دەکەی کەسێك نادۆزیتەوە ئەمڕۆ بتداتێ، بەڵام لەوانەیە زەمانە لە وڵاتی خۆتان پێغەمبەرێك پەیابێتو ئاینی ئیبراهیم زیندوودەکاتەوو بەهەقەت ئێستا نێردراوە، ئەمەیش زەمانی ئەوە، شام جوولەکەو نەسرانی بوو، هیچ شتێ لەو دوانەی بەدڵ نەبوو، بەپەلە بۆی دەرچوو، هەرکە ئەو راهیبە وای وت ئەو مەککەی دەوێ ئەگەریش وڵاتی (لەخم)یش هاتە نێوانەوەو بوون بە دوژمنیو کوشتیان.

## خێڵەکی یان ئایین؟

سیاسەت هەمیشە زاڵ بوو، و زاڵبووە بەسەر ئایینو ئەخلاقو هەقو مرۆڤدا، ئەی چۆنە ئەگەر بێتو خێڵەکی بووبێ؟ (وەرەقەی کوڕی نەوفەل)، کە عیبرانیەتی وەردەگێڕا، مێژووی پێشینان لەلای ئەو بوو، ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو عەلی پەردەیەکی چڕی جاهیلیەتیان پێداداو لەسەر لێ بیاباندا زانستیان کوشت، بۆئەوەی وەهەمو پروپوچی لە بورجی بەرزی خۆیدا بمێنێتەوە، (گازە)کەش بۆنو وزەو دەسەڵاتو سەروەری خۆی بپارێزێ، بۆئەوەی کەعبەو ئیسلام لەو (قەرمەتیانە) بپارێزێ کە بەرێوەن، وەکو چۆن لە قەرمەتیەکانی پێشین

پاراستنی، مامۆستای هەردوو فایلەکە لە مێژوو وەدەریان نا، ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو عەبدولرەحمان کوڕی عۆف.

ئەگەر لەپاڵ (نەهج بەلاغە)[*] و کەلەپووری وەرەقەی کوڕی نەوفەلو ئەوەی سەلمانی فارسی لە ئەسفەهانەوە بۆ مەدینە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، ئەوەی (بوحێرا) لە خەڵوەتخانەکەی بەجێی هێشت بۆ عەرەب بماباياتەوە، ئێستا ئاوها خەڵکی دابەش نەدەبوون بەسەر گروپو مەزهەبەوە، ئێستا بەدوای رەگو ریشەی خۆیانەوە دەگەڕێن کە لە بیاباندا ونبووە.

جارێکیان (عومەری کوڕی خەتاب) بە گوێگرەکانی خۆی وتووە: وەڵڵا لەلای بتێك لە بتەکانی جاهلیەت هەندێ خەڵکی قورەیش لەوێ بوون، کابرایەکی عەرەب گوێرەکەیەکی بۆ سەربڕی، ئێمە چاوەڕێ بووین تا دابەشی بکات بەسەرماندا، لەناو سکی گوێرەکەکەوە گوێم لە دەنگێك بوو، ئەمە بەر لە هاتنی ئیسلام بە مانگێك، پیاوەکە هاواری کرد دەڵێ: لا الە الا اللە.. لەناو سکی گوێرەکەیەکی سەربڕاو دەنگێك دەردەچێت پێویست بە بەڵگە ناکات، عومەر وتی: وەرەقە کوڕی نەوفەلی مامۆستا، ئەسقەفێك بوو چەند زمانێکی دەزانی، روناکبیر بوو، بیریار بوو، مێژوونووس بوو، خۆیو زانستەکەیان کوشت تا (محەمەد) بکەن بە پێغەمبەر کە زانستی لەخواوەیە، ئەدەبەکەی لەخواوەیەو، کتابەکەی کتابی خوایە، هیچ شوێنەوارێکی ئادەمیانەی تیا نیە، ئەمەیش لەسەرەتاوە تا کۆتایی چیرۆکە، بڕوایان پێکرد، چونکە خوای مەزن راستگۆی کردووە کە لە ئایەتی 23 ی سورەتی (البقرە)دا دەڵێ "وَإِنْ كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ"، واتا "ئەگەر گومانتان هەیە لەوەی ناردومانەتە خوارەوە بۆ بەندەی خۆمان سورەتێکی وەکو ئەوە بهێننو داوا لە شەهیدەکانتان بکەن بەبێ خوا ئەگەر ئێوە راستگۆن".

* نهج البلاغة: کتێبێکی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیبە.

## ئایا کابرایەکی بەدو جگە لەوە چی دەوێ؟

خوا لەناو سکی گوێرەکەیەکی سەربڕاودایە، ئەمە ئەگەر کەسێك جگە لە (عومەر) ببوتایە لەسێدارە درابوو، پارچە پارچە کرابوو، لەبەغداد بپرسن چیان لە (حەللاج) کرد، بەزیندویی هەزار جەڵدەیان لێیداو هەردوو دەستو هەردوو قاچیان بڕیەوەو کردیانە قەنارەوە، هەرکە سەری کەوتە خوارەوە نەوتیان بەلەشیدا کردو سووتاندیان، خۆڵەمێشەکەی لە مەنارەی مزگەوتێکەوە فڕێدرایە ناو دیجلەوە. ئەمەیش لە بیستوسێی زیلقەعدەی ساڵی 1309ی کۆچی بوو، بەرامبەر بە بیستوشەشی مارتی (992)ی زایین بوو، هەموو خەڵکیش تەماشایان دەکرد.

(موسەیلەمە) داوای پێغەمبەرایەتی کرد بەدرۆیان خستەوە. (موسەیلەمە) (وەکو ئەو) سورەتێکی نەهێنان ، موسەیلەمە لەسەردەستی (وەرەقەی کوڕی نەوفەل) دەرسی نەخوێندبوو و پەیمانشکێن نەبوو، بگرە ویستی بیسەلمێنێت کە مرۆڤ خۆی دەتوانێ خۆی بکاتە پێغەمبەر، ئەگەر بهاتبا وەکو ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو عەبدولرەحمان، دانیشتووانی پێشکەوتووترین گەڕەکی مەکە، بڕوایان پێی بکردایە، جەزیرە دەبووە خاوەنی دوو پێغەمبەر. کاتی خۆی جەزیرە بەدوای پێغەمبەرێکەوە دەگەڕا، هەرکە (محەمەد) هات پێیدانووسانو پشتگیریان لێکرد، هەرکە موسەیلەمە (رەحمانی یەمامە)ش هات، شەرمەزاریان کردو پێیان وت: موسەیلەمە دەستپێشخەری بۆ ئەوکەسەیە کە زووتر هات، تۆ ناتوانی خۆت لە هاوشانی پێغەمبەری مەککە بدەیت، چونکە ئەو بانگەشەکەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، موسەیلەمە موژدەبەرو سۆفیو زاهید بوو، (محەمەد) پەیمانی لەگەڵ گرێنەدا، چونکە بۆ ئەو لە ئەبوسوفیانو هودە ترسناکتر بوو.

## ئایا سیاسەتە یان ئایینە؟

ئایا خێڵەکیە یان ئایینە؟ ئەی مێژوونووسەکان..!!

هەواڵە گرنگەکەتان پێڕادەگەیەنم:

ئـەوەتا (وەرەقـەی کـوڕی نەوفـەل) لـەناو سـکی زەویـەوە دێتـەدەرەوە، نـەك لـەناو سـکی گوێرەکەیـەکی سـەربڕاوەوە.. بـەرەو وەرەقـە ئـەی مێـژوونووس و توێـژەرو دەسـتگرتوو بـە ئایینەکەتان و سیاسەتەکەتانەوە، بـەرەو وەرەقـەی کوڕی نەوفـەل، تـا ببیـنین کـە چۆن مەکـە لەناوچوو و نەما.

بەشی دووەم

## بۆچی نەسرانیەت لە مەکە نەما؟

((بەوجۆرە ئایینی یەکتاپەرستی ئیبراهیم (حەنیفیە) کە یەکەمین ئایینی یەکتاپەرستە کە رۆحی یەکتاپەرستی دێرینی بەشێوازێکی نوێگەرانەوە. داوای پەرستنی خوایەکی تاكوتەنیای دەکرد، جەزیرەو عێراقو شامو میسر بووە شانۆیەکی گەورەی بانگەشەکەی، میللەتانێکی زۆر شوێنی کەوتن، بەڵام ئەو شتەی کە یارمەتی نەدا بۆ بەرپابوونی ئایینێکی گەورە تا هەموو ئایینە خوانەناسەکان بسڕێتەوە، نەبوونی دەوڵەتێکی گەورە کە تیا بیروباوەڕێکی یەکگرتووی ئایینی تیا بەرپابێت. ئیبراهیم پێغەمبەر هەوڵی دا تۆوی ئەو دەوڵەتە پێکەوەبنێت لەباشووری عێراقدا، کە بەهەرێمی دەریایی ناسرابوو، بەڵام خوانەناسەکان رووخانیان.)))

*خەزعەل ئەلماجدی*

## سەرەتا

لەنێوان دەهلیزەکانی کتێبو سەربردەو دەنگوباسەکاندا، لەسەرەڕێ زۆرو پێچاوپێچو گێرو گەراڵو قوڕاوی دا، بەشێواندنو درۆ هەڵبەستنو بە درکوداڵی کینە لەدڵەکانو دوورڕووەکان گیراوە بە خوێنی ئەوانەی بە بەردەقانیو کەوانو نارنجۆکو کاتیوشەو مووشەک پێکران، لەسەر لاپەڕە عەرەبیو بیانیەکانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا، وەکو چیا کەڵەکە بوون. (ئەبو مووسا حەریری) لێیان راپەڕی بەقەڵەمێکی هوشیارو باڵتەو نارنجۆکو چرایەکەوە کە نوتەکەی دڵسۆزیو راستگۆییو مەعریفەیە، لەسەر پشتی (تراکتۆرێکی ئەلکترۆنیەوە) شوورەو قەڵاکانی تێکداو کەوتە وێزەی قەڵا کۆنەکانو چیا سەرکەشەکانی هێنایەلەرزین، چووە خوارەوە بۆ نێو پێدەشتو قوڵاییەکان تا لەژێر پەردەوەو ئەوەی لەژێر پەردەوە هەیە دەربێنێ کە پڕە لە شوێنەواری داتەپیو و جەستەی لەبیرکراو و یاسای بەسەرچوو، کە بووەتە خاكوخۆڵ، یان نیمچە خاكو خۆڵ، بە کەرەستەی هاوچەرخی تەواو و بەتوانای رادەبەدەرەوە، ئەبو موسا حەریری، هەڵەت چاڵو کۆسپەکانو ئەوانەی لەدەوری ئەوانەی پێشوو بوو تێپەڕاند، بۆ گەیشتن بەم کارە شکۆدارە لەرێگایەکی راستەوەو، نەیهێشت بەردەوام بێت لە گەڕانە بێ‌وچانەکەیدا، ئەویش لەدوایەوە دەگریو هاوار بۆ ئەوانە دەکات کە کردیان بە شایەتی سەرورەریو شارستانیەکەیان، ئەگەر شایەتو شەهیدی هەبێت.

بەدڵێکی بەهێزو بەغیرەت لەسەر هەق نوسەرەکەمان ئەم سەفەرەی گرتەبەر، تا بە کتێبێکی بەرچاوەوە هاتەوەلامان کە ناوی لێنا (قەشەو پێغەمبەر)، ئەوە ئاشکرا دەکات کە مێژوو لە ئیسلامی شاردبووەوەو پەوەندی بە نەسرانیەتەوە. ئەو گەشتەی کە (ئەبو موسا حەریری) کردویەتی وەکو گەشتەکانی هاوین یان زستان نیە کە قورەیشیەکان دەیانکرد لەنێوان مەککەو شامدا، یان لەنێوان مەککەو یەمەندا، یان ئەو گەشتانە نەبوو کە سەرپێیانە دەکرێن، دەشبێ نوسەر تووشی گێرمەوکێشەی وا بووبێت کە خەریك بووە لە ئامانجەکەی پەشیمانی بکاتەوە، ئەگەر بڕوای بەخۆی نەبووایەو دڵنیا نەبووایە لە رۆشنبیریە تۆکمەکەی خۆی‌و زانیاری تەواوی لەبارەی تەوراتو ئینجیلەکانو قورئانەوەو شارەزای چاکی لەسەر سەربوردەو حەدیسەکانو سەرچاوە تایبەتو بەکەڵکەکانو هەر شتی پەیوەندیدار بووبێت نەبووایە، لەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان بە زمانی جولەکەو مەسیحیەتو نەسرانیەتو ئیسلام، سەرباری ئەو ئامانجە بەرزەی کە مەبەستیەتی خزمەتی مرۆڤ و راستیەکی شەریف بکات کە ئەم نوسەرە دەیەوێت، بەبێ بریندارکردن، یان شێواندن، یان چاوبەستەکردنو بوختان کردن.

## لەپێناو دیالۆگێکی ئیسلامی –مەسیحی دا
## بۆچی قەشەو پێغەمبەر؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەلای نوسەر وەکو ئەمەی خوارەوە: "مەبەست گەڕانە بەدوای ناسنامەی قەشە وەرەقەی کوڕی نەوفەل‌و پەیوەندی بە محەمەدی کوڕی عەبدوڵلاوە، ئەنجامیش دەرخستنی ئەوە بوو کە مێژوو لە حەقیقەتی ئیسلامی شاردبووەوەو پەیوەندی بە نەسرانیەتەوە، هەرگیز بەبیردا نەهاتووە کە هەوڵێك هەبووبێت بۆ نزیك بوونەوە لەنێوانیاندا، ئەو هەوڵدانە بەردەوام بوو کە حەقیقەتی پەردەپۆش کردبوو،و ئەقڵەکانی پەك خستبوو، ئەوە هەوڵێکی سەرنەکەوتوو و رێوێلکەرو پەردەپۆشکەر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا داوای ئاشتەواییو یەکبوونو ئاشتی دەکرد، ئەو هەوڵە سەرنەکەوتوو بوو، چونکە رۆژێك سەرکەوتنی بۆ هەڵنەکەوتووە، ئەو سەرلێشێوێنەرە، چونکە لەسەر بنەمایەکی دروست دانەمەزراوە، سەرلێشێوێنەرە، چونکە مەبەستی هەموو شتێکە تەنها راستی ئایین نەبێت".

دیالۆگی ئیسلامو مەسیحی سەرەڕای ئەوەی کۆنە، یەك هەنگاو نەچووەتە پێشەوە بۆ بتەوکردنو قوڵکردنەوەی تێگەیشتن لە یەكو هاوکاری لەنێوان مەسیحیو موسڵماناداو لەو خەڵتو خەوشە قوتاریان بکات، کە سەردەمە تاریكو خراپو زۆردارەکان بەهۆی جەنگی تایەفەگەریو ئایینیەوە چەسپی بوو، هەموو جارێکیش ئەوەی دوو گروپی دڵسۆز لەهەردوولا دروستیان دەکرد دەیڕوخاند، ئەگەر بەرژەوەندیە ئابووریەکان دەتوانێت هۆیەکانی ململانێی تایەفەگەری‌ئیسلامی‌مەسیحی لەناوببات، وەکو هەوڵ دەدەین هەندێ جار خۆمان ئامادە دەکەین، ئەی بۆمان نیە پرسیار بکەین لەبارەی ئەو شکۆ یەك لەدوای یەکانەی کە نەوە لەدوای نەوە تووشی هاتووین؟

ئەوەی لەلای (ئەبو موسا حەریری)ە رێگای نەوەی ئێستاو داهاتوو روناك دەکاتەوەو وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، بەشکو رەزامەندیو قبوڵکردن بەدەست بێنێ: "هۆی شکستیو سەرلێشێواندن ونەزانیەکی تەواوە دەربارەی نەسرانیەتو ئیسلام، نە ئەم

نەسرانیەتەی کە مەسیحیەکانی ئیمڕۆ گرتوویانەتەبەر، ئەوەی ڕۆژانی قەشەکەو پێغەمبەرو ئیسلامی ئیمڕۆ، ئەم جیاوازیەش سەری زۆر لە مێژوونووسی ئایینەکان شێواند، مێژوونووسەکانی ئیسلام لەوانەیان کۆڵیوەتەوە کە کتێبەکانی سەربوردو دەنگوباسەکان باسیان کردوە، بێئەوەی لە مەبەستی خاوەن سەربوردەو دەنگوباسەکان بکۆڵنەوە، لەقورئانیان کۆڵیوەتەوە، وەکو ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، نەك بکۆڵنەوە لەو قورئانەی کە دوێنێ هەبوو، مێژوونووسەکانی نەسرانیەت بەدوای نەسرانیەتدا چوون لە هەموو شوێنێکدا، تەنها لەو شوێنە نەبێ کە گیری تیاخوارد لە مەککەی حیجازدا، ئەو نەسرانیەتەیان پشتگوێ خست، هەروەها پەرەسەندنو حیزبەکانیان پشتگوێ خست، وایانزانی مردووەو فەوتاوە".

ئایا ئەو بێئومێدیەی کە لە هاوشانی بزووتنەوە فیکرەکان لە وڵاتدا وای لە مێژوونووسانی نەسرانیەت بکەن کە پێیانوابوو نەسرانیەت لە مەکە مردووەو لەناوچووە؟

ئیسلامەکان بۆیە مەککەو مەدینەیان داگیرکرد ، بۆئەوەی مەبەستیان بوو لەسەرجەم حیجازدا شوێنەواری نەسرانیەت نەمێنێ، کە لەلای رۆژهەڵاتیەکاندا ئاینێکی دەسەڵاتداری ئەجنەبیو هی تریش بوو، ئەمە هەموو ئەوە نەبوو کە دەیانویست، بگرە شوێنەواری نەسرانیەتو جولەکە لە شارەکان بڵاوەی کردبوو، لە سنورەکانو سەر گردۆڵکەکان کە هێشتا مابوونەوو ترسناکیەك بوون چاویان بڕیبووە ئیسلامو هەڕەشەیان لێی دەکردو بووە مایەی مەحاڵ بوونی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی، بۆیە ئەو شوێنە دیارو شوێنەوارانە لەناوبران، وەك بڵێی هەر نەبوون، "هەرکە پێغەمبەری خودا گەیشتە مەدینە خەڵکێکی هەمەچیزەی جۆراوجۆری تیابوو، بەجیاوازی بیروباوەڕەوە، لە ئامانجە جیاجیاکانیاندا، لەکۆبونەوەکانیاندا، هەروەها ناکۆکی لەنێوانیاندا هەبوو، هەندێکی کۆنو بەرماوە بوون، هەندێکیشیان تازە بوونو هەبوون".

"پێغەمبەری خودا لەسەری بوو هەموو کێشەکان چارەسەربکاتو شوێنەواری رابردوو بسڕێتەوەو دڵی موسڵمانەکان یەکبخاتو چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ کێشەی دارایی‌و ئاشتەوایی ئەنجام بدات لەنێوان دانیشتوانی مەدینە، لەنێوان ئەوسو خەزرەجو کۆچەرەکانداو بیانکاتە یەکپارچە، بۆئەوەی روبەڕوی جولەکەکان بوەستن، ئەگەر هاتوو ویستیان غەدر بکەن، وەکو ئەمە پیشەیانە لەژیاندا، لەگەڵیان رێکبکەون کە هیچ شتێکیان لێوە دیارنەکەوت.

ئەوەبوو (محەمەد) و لایەنگرانی لە مەککەو مەدینە راوەدوویەکی هەموو کەسێکیان دەنا ئەگەر نەبوایە بەئیسلامو ملی نەدایەو رازی نەبوایە، یان دەیانکوشت یان لە زەوی‌و ماڵی خۆی دەربەدەریان دەکرد، بۆئەوەی رێگا بدەن بە دەوڵەتی ئیسلام فراوان بێتو بڵاوە بکات.

"پێغەمبەری خودا لەدەوڵەتەکەی خۆیدا رایگەیاند کە موسڵمانەکان بەدەر لە خەڵکی یەك نەتەوەن، نەتەوەش کۆمەڵە خەڵکێکن یەك بڕوایان هەیە، بەدەر لەوەی سەر بە هەچ کۆمەڵ یان میللەتو رەگەز بن، بەدەر لەوەی ئەو زمانەی کە تاکەکانی قسەی پێدەکەنو جیاوازیەکانیان، سەرەڕای هەموو شتێك جگە بیروباوەڕ نەبێت.

## برایەتیەکی کز

لەوساکەوە بڕوایەکی وا بڵاوبوەوە کە گوایە موسڵمان برای موسڵمانە لە یەك بیروباوەڕدا ، ئەو موسڵمانە هەرکێ بێتو، لەهەرکوێیەك بێت، ئەم برا ئایینیە (بیروباوەڕیەتە) روبەرێکی پانو بەرینی لە زەوی گرتەوە، هەروەها میللەتانێکی جیاجیاو زمانو کەلتوری جیاجیاو ئامانجو هەستو نەستێکی زۆریشی گرتەوە، هەر لە وڵاتی فارسەوە تا سوریا بۆ مەغریب (باکوری ئەفریقیا) تا تورکیاو میسر تا مۆریتانیاو هندو پاکستان تا ئەفغانستانو تا چینو فیلیپین. بەڵام ئەم برایەتیە وەها نەبوو وەکو لافیان پێی لێدەداو لەو کتێبی مێژوو و سەرچاوەو بەڵگەو دۆکۆمێنتانەی کە دۆزراونەتەوە، کە تەئکید لەسەر گرنگی سیاسەتو ئابوری‌و هێزی سەربازی شەڕکەر دەکەنو، لەدواییشدا فراوان کردنەوە و زەورەرەتی سەپاندنی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی لەپێناوی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکە، کە بنەمای ئەو برایەتیە بەناوەیە، هەروەها یەکێتی گریمانەیی‌و ئەو نەتەوەیەی کە تۆکمە نابێت، ئەگەر لەسەر یەکێتی زمانو جوگرافیاو مێژوو و کەلتور و ئامانجەکانو هەستەکانو ئێشو ئازارەکانو ئاواتەکانو یەکێتی چارەنووس دانەمەزرێت، لەوشوێنەی کە سیاسەتو هێز لەگەڵ ئابووریدا زاڵ نین، لەوێ جێگای بیروباوەڕەکە نیە، هەرچۆنێك بێتو هیوای مانەوەی نیە، بەڵام ئەوەی جێگای داخو مەخابنە بەڕاستی ئێمە شاگەشکەو ئەفسوون لێکراو بین بەو دروشمە کە محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا لەسەر یەك بیروباوەڕ دەژین".

لەسەر زەویەك یەك سروشتی هەبێت، بۆ خێڵە عەرەبەکان کە جیاوازی نێوانیان دەگمەنە، وەك بڵێی ئەم (دروشمە) داڕێژرا تا لە هەموو شوێنێك بڵاوەبکاتو بۆ هەتاهەتایە، کەچی ئەو ئەزمونانەی میللەتانی سەرزەوی‌و جگە سەرزەوی بە ئێش بوونو رێگا نادەن، بگرە ببڕای ببڕ ئەوە رەتدەکەنەوە کە بە شاگەشکەبووی‌و ئەفسون لێکراوی بمێنینەوە، بەوقسە خۆشانەو ئەو دروشمە بە بریقو باقانەی کە لە زاراوەی بۆشو بەتاڵو موزایەدەو حەزی چەوساندنەوەو وەبەرهێنان بەولاوە هیچی دیکە نین. یەك بیروباوەڕی بووە چەند بیروباوەڕێكو جەنگو ئاشووبیان نایەوە، نە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی ئەو ئیمپراتۆریەتە بوو وەکو هەندێ مێژوونوس پێیانوایەو، نە ئەو دەوڵەتانەی کە لێوەی دروست بوون، دوای هەڵوەشادنەوەو داڕوخانیان، لە هەنگاوەکەی خۆیان پاشگەزبوونەوە بۆئەوەی فیعلەن تەماشا

بکەن کە ئایا یەکێتی ئیسلامی چارەسەری ئەو گەندەڵیە دەکات کە ئەزمونەکانو روداوەکانو بەرژەوەندیە ئابوریو مەبەستە دێرینە سیاسیەکان بەرپایان کرد.

ئەگەر لەبارەی چەرخی ئێستاوە قسە بکەینو دەشبێ قسەی لەبارەوە بکەین، هەر هیچ نەبێ بەکورتیو ئایا بۆمان هەیە بپرسین: کوا ئەو یەکێتی بیروباوەڕەی ئەمڕۆ؟ بۆچی یەکێتی هێشتیان ئەفغانستان ببێتە پارویەکی ئاسان بۆ روسەکان؟ بۆچی چارەسەرێکیان بۆ کێشەی فەلەستین نەدۆزیەوە؟ بۆچی ماوە ناماوەیەك جەنگ لەنێوان دەوڵەتەکانی رۆژئاوای عەرەبیو موسڵمانەکانی ئەفریقیا هەڵدەگیرسێت؟

ئەمڕۆ هەروەکو رابردوو، مایەپووچی دەسەڵاتی بەسەر ئەقڵماندا گرتووەو خاوبووینەوە تا ورگمان گەورە کردو مێشکمان پەکی کەوتو هەستەکانمان گۆج بوون، دەشبینی جیهان لەپەرەسەندنی بەردەوامەو لەبزوتنەوەیەکی بەردەوامەو لەم شارستانیەوە دەچێ بۆ ئەو شارستانی، ئەگەریش هاتوو چمکێکی لەو شارستانیەمان بەرکەوت، پەنجەکانمان دەخەینە گوێمانو هاوار دەکەینو دەکروزێینەوە: ئەی غیرەتێ بۆ ئایین، ئەوەتا رۆژئاوا بەرەولامان دەکشێ، بۆئەوەی بیروباوەڕەکەمان پووچەڵ بکاتەوەو پێغەمبەرو شارستانیو مافو دەسەڵاتو ناموسو کەرامەتمان شەرمەزار بکات.

ئایا ئەزانن بۆ؟ با ئەمە بخوێنینەوە:

"ئیسلام لەوە لێبوردوە کە موسڵمانێك لە ناموسڵمانێك وەربگرێت، یان بەبێ لەخواترسی لە موسڵمانەکان، لە زانستی کیمیای رووت، یان سروشت، یان ئەستێرەناسی، یان پزیشکی، یان پیشەسازی، یان کشتوکاڵ یان ئیشوکاری کارگێڕیو نووسینو شتی لەوشێوەیە.. بەڵام نابورێ لەوەی کە بنەماکانی بیروباوەڕەکەیو خەسڵەتەکانی بۆچوونیو راڤەکردنی بۆ قورئانو فەرموودەکانو سەربوردەی پێغەمبەرەکەیو نە بەرنامەی مێژووەکەیو راڤەکردنی چالاکیەکەیو نە مەزهەبی کۆمەڵگاکەیو نە سیستمی فەرمانڕەوایەکەیو نە پرۆگرامی سیاسەتیو نە سروشتەکانی هونەرو ئەدەبو دەربڕینەکەی لەسەرچاوە نائیسلامیەکان وەربگرێتو هیچ شتێك لەناموسڵمانێك وەرنەگرێت کە بڕوای بە ئایینو خواپەرستیەکەی نیەو هەر شتێك لەوبابەتە".

ئایا لەم مایەپووچە نارەواترینو ناشرینترینە هەیە کە تووشمان بووە؟:

"لەگەڵ ئەوەشدا پێش ئەو ماوەیەش رایەك نیە دەریبڕم، مەسەلەکە لەوە گەورەترە بەرایی فەتوای لەسەر بدەیت، بەڵام فەرموودەی خودایەو قسەی پێغەمبەرەکەیەتی، لەم بارەیەوە مەحکومی دەکەین، خودا لەبارەی ئامانجی کۆتایی جوولەکەو نەسرانیەکان لە ئیشوکاری موسڵمانەکان بەشێوەیەکی گشتی دەڵێ: زۆر لە ئەهلی کیتاب ویستیان لە ئیمانی خۆتان وەرتانبگێڕنو بتانکەن بە کافر، لەبەر بەخیلی بردن، دوای ئەوە بۆیان روون بوەوە کە هەقی خۆیانە.."

"خاوەنی ئەم وتەیەو ئەوانەی لەشێوەی ئەون تووشی ئیستلابێك بوون کە هیچ شفایەکی نیە، نامۆییەکی خەمۆکیو گومانلێکراوە کە زۆربەی نوسەرو بیرمەندەکانمان تیای دەژین، زۆربەی پیاوانمان بۆگەن بوون، کەوتنە نێو (زۆنگاوی بیروباوەڕەوە)و تووشی باوەزێکی بۆگەن بوون".

"پێغەمبەری خوا دەڵێ: (لە ئەهلی کیتاب هیچ شتێ مەپرسن، ئەوانە رێتان نیشان نادەن، چونکە خۆیان رێیان ونکردووە، وەڵا ئەگەر ئێستا موسا لەنێوانتان بووایە، هیچی لەبەردەما نەدەبوو جگە لەوەی کە شوێنم بکەوێت).. پاشان غەفڵەتێکی شەرمەزاریە کە پشت بە بەرنامەکانی فیکری عەرەبی ببەستێ، دواجاریش دەبێ وریابین لەکاتی خوێندنی زانستی رووتدا، نەبا تووشی رێلادانی فەلسەفی بین، چونکە ئەم رێلادانە لەبنەڕەتدا دژی بۆچونی ئایینی سەرومڕو بەتایبەتی بۆ بۆچوونی ئیسلامی هەر بڕێکی دەتوانێت کانیاوی رونی ئیسلامی ژەهراوی بکات"...

شایەتیەکی دیکە لە پیاوێکەوە کە ئەویش کەوتە نێو (زەلکاوی بیروباوەڕەوە)و لەبیری چوو کە خۆرو مانگو ئەستێرەو هەسارەکان هەیەو هەروەها گەلانێك کە لەسەر رووناکی خۆرو هەواو سروشتو ئەوەی لە سروشتدا هەیە قەرەباڵغی دەکەن ئەویش دکتۆر مستەفا مەحمودە کە دەڵێ:

"ئیسلام لە چەرخی مادیدا تاکە دەرگای رزگاربوونو تاکە چارەسەرو تاکە رێگای دەرچوون پێشکەش دەکات، هەموو کەلەپوورە رۆحیەکەی خۆی پێشکەش دەکات، بێئەوەی داوای لێبکات کە دەستبەرداری شتێکی دەسکەوتە زانستی یان سەرکەوتوویە مادیەکەی ببێت، هەموو ئەوەی ئیسلام دەیەوێت ئەویش ئەوەیە یەکگرتنێکی سەرکەوتوو بەدەست بهێنێ لەنێوان مادەو رۆحدا، بۆئەوەی مەدەنیەتێکی نوێ بێتەکایەوە، کە ئەویش مەدەنیەتی هێزو بەزەییە، لەوشوێنەی کە هێزی مادی نابێتە دەعجانیەکی پەرستراو، بگرە دەبێتە ئامرازو شێوازێك لە دەستی دڵێکی بەبەزەییدا، بەمجۆرەش دەوڵەتی مرۆڤی تەواو دادەمەزرێت".

ئەی (سەید قوتبی) سەلەفی نقوومبووی ناو سەلەفیەت چی دەڵێ، هەروەها مستەفا مەحموودی تەوفیقی و هەموو ئەوانەی کە کەوتنە ناو هەڵدێری عەقیدەوە، ئەگەر هاتوو رایەکی (هیربەرت ماکۆز)مان بۆ هێنانەوە کە دەڵێ: ( تووشی شێتیەکی مەزن دەبم ئەگەر وادابنێم ئەرکی منە چارەسەر  بنووسم، کە خەڵکی مێژووی تایبەتی خۆیان درووست دەکەن، ئەو مێژووەیش پڕبێت لە رووداو و رێکەوتەکان کە ناکرێت پێشبینی بکەیت)

هەموو گەلێك مافی خۆیەتی مێژووی خۆی دروست بکات، هەرکە بەرنامەیەك یان شێوازێکی ژیان یان سیستمێك بەسەر خەڵکیدا بەناوی ئیسلامەوە دەسەپێنین، واتا خەڵکیمان خستە ناو (ناوەندی بیروباوەڕەوە)، بەڵام وترا کە فەلسەفە لەسایەیدا زانستە روتەکان دەژی، ئەو فەلسەفەیە بەتایبەتی دژی بۆچوونی ئیسلامە، بگرە ئەمە سەرکوتکردنێکی رووتو زوڵمێکی رووتو جەهالەتێکە وەکو خۆی نەبووەتەوەو بوختانێکە بەمرۆڤەوە دەکرێت، بەراستی ئەوەی کە پێویستمان بە فەلسەفەیە، ئەم زەڵکاوە نەفرەتلێکراوە هەڵدەتەکێنێتو، ئەوکەسانەی لێدەردێنین کە کەوتبوونە ناویەوەو دەیاندەینە بەر خۆرو رووناکیو ژیان، بۆئەوەی لەو بۆگەنیە پاکیان بکەینەوە کە تیا مەلەدەکەن.

## زاڵبوون بۆ بەهێزە

با بگەرڕێینەوە بۆ (قەشەو پێغەمبەر) با تەماشا بکەین کە چۆن ئەم گەشتە پیرۆزە بەهیواو خواستە گەیشتە ئەنجام.

(ئەبو موسا حەریری) دەڵێ:

"لەوانەیە قسەمان لەسەر نەسرانیەتو ئیسلام بە گشتی بێت، ئێمە لەماوەیەکی دیاریکراودا دیاری دەکەین، ئەو ماوەیە کە نەسرانیەت لە مەککە نەماو ئیسلام لەسەر کەلاوەکەی دروست بوو".

کەواتە باسەکە هەموو شتێك ناگرێتەوە، لەلای (قەشەکەو پێغەمبەرەکەو مەبەستە مەزنەکەیان) دەوەستێت، لەوانەیە نکوڵی لەم مەبەستە مەزنەیان بکەین "بەڵام ناتوانین نکوڵی لە حەقیقەتێکی مێژوویی بکەین". هەرچەنێ درێژەیش بکیشێت دەبێ بەئاگابێتەوە.. "ئەو هەوڵەی دەیدەین بۆ نزیکبوونەوەو تیا سەرکەوتوو نابین، قەشەکەو پێغەمبەرەکە هەوڵیان بۆ داوە و تیا سەرکەوتوو بن، لەئیسلامدا سەرکەوتن بەدەست هات دوای ئەوەی تێیدا توایەوە".

نوسەر لێرەدا باش دۆخی بیروباوەڕی ئێستاو باو دەزانێت لە وڵاتانی ئیسلامدا، سەیریش نیە کە ئەو قسەیە دووبارەبکاتەوە "پێتان وانەبێ بۆ جاری دووەم کە نەسرانیەتی دوێنێ مەسیحیەتی ئەمڕۆ بێت، ئەویان ئیسلام بوو، بەڵام ئەمەیان هەرگیز ئیسلام نەیزانیوە. نەسرانیەتی مەککە مەسیحیەتی ئەنتاکیاو رۆماو ئەسکەندەریە نیە، مەبەستی قەشەکەو پێغەمبەرەکەش ئەوەبوو ئەویش وەکو ئەمیان پەرش‌وبڵاو بوو لەنێوان گروپو پارتەکاندا، قەشەکەو پێغەمبەرەکەش ویستیان ئەو پەرش‌وبڵاویە لەیەك ئایندا کۆبکەنەوە". لەنێوان ئەنتاکیاو ئەسکەندەریە شەڕوشۆڕەیش بوو کتێبو خەزێنەکانیان پڕکردبوو، هەروەها لەنێوان رۆماو هەریەك لە ئەنتاکیاو ئەسکەندەریەش. ئەم شەڕوشۆڕەیش کاتی خۆی (ئیجتیهاد) کردن لە سروشتی مەسیحیەت بەرپای کردبوون. لەکاتێکدا تەشەنەیان کردو گەرم ببوون لە نەسرانیەت لە مەککە لە کۆچکردنێکی دوورا بوو، کە بە ئاینێکی نوێ کۆتایی هاتو سەرۆکی کڵێسەکان هەستیان پێی نەکردبوو، لەئەنتاکیاو ئەسکەندەریەو رۆمایش، ئەمەیش ئەنجامی حەتمیەتی وازهێنانیان بوو لە کاروباری نەسرانیەت لە مەککەی کۆچبەردا.

"هەریەکە لە قەشەکەو پێغەمبەرەکە رۆڵی خۆی هەبوو لە ئایینە نوێیەکەدا، یەکەم سروشی دا و فێری کردو رایهێناو کۆڵەگەکانی دامەزراند، دووەمیش، گوێی گرتو فێربوو و خوێندیو بنیاتەکەی دروست کرد، یەکەم لەپێشتر بوو لەسەر دووەم وەکو فەزڵی مامۆستایەك بۆ شاکردەکەی، قەشەکە مامۆستا بوو، لاوێکی دڵ وریای فێرکردو زانی هەڵبژێرێتو سەرکەوێت".

پێغەمبەرەکەیش خوێندکارێکی نەجیب بوو. ئەوەی فێر ببوو لەبەری کردو داهێنانی کرد، یەکەم قسەی خوای لە عەجەمیەوە کرد (بە زمانێکی عەرەبی رەاون)، دووەمیش قسە عەرەبیەکەی گەیاندو بۆ برادەرانی خوێندەوە، هەردووکیان لەپێناوی خودا ئیشیان کرد، بۆئەوەی نەخوێنەوارەکان پێغەمبەرو کتابیان هەبێت، چونکە عەرەبەکان خوداوەندیان هەبوو دەیانپەرستو، پێغەمبەریان هەبوو دوای کەوتبوونو کتابو دەیانخوێندەوە".

"قەشەو پێغەمبەر"

ئەمە ئەو هێڵە پانانەیە کە (ئەبو موسا حەریری) داینابوون بۆ گەشتەکەی، نەترساو هەرچییەکیشی دەبینی پێی نەدەحەپەسا، ئەوەی روویدا، زاڵبوون بۆ بەهێزە،

بردنەوە بۆ ئەوکەسەیە هۆکاری سەرکەوتنی هەیە، بەختیار، کوڕی بەهێزێکی ئازایە، بەدبەختیش کوڕی زەلیلو تەوەزەلە، لەهەردوو حاڵەتەکەیشدا ئەنجامە نەك هۆکار. (بۆیە پێغەمبەرەکە توانی بەسەر قەشەکەدا زاڵ بێو لێی جیابێتەوە، وەکو هەر قوتابیەکی هەڵکەوتوو، کە بەزیرەکی خۆی تواناکانی مامۆستاکەی تێدەپەڕێنێت، قەشەکەش وەکو هەر قەشەیەکی پەروەردەکاری دانا سەربەستی هەڵسوکەوت بۆ قوتابیەکەی بەجێدەهێڵێت، پێغەمبەر چونکە رادەبەدەر زیرەك بوو، داوای سەربەستی دەکردو حەزی بەسەربەخۆیی بوو، قەشەکەش چونکە دانایەکی گەلێ مەزن بوو، بۆیە لەپشتی چالاکی قوتابیەکەیەوە بەحورمەتەوە خۆی حەشاردەداتو لەمەیدانی مێژوودا لەچاو ون دەبێو لەودیوی پەردەی داپۆشراوە ون بوو.

قەشەکە خزمەتی خۆی کردو رۆیشتو پێغەمبەرەکە مایەوە، تەقەلای دەداو تێدەکۆشا تا مێژوو جوانترین شتی بۆ پاراست، بەڵام پێغەمبەر هەروەکو زانی لەسەردەستی قەشەکە مەشق بکاتو بەئەمانەتیش ناسرابوو کە چۆن هەڵسوکەوت بکات بەوەی کە بەدانایی فێربوو، بۆیە پەیامەکەی لەگەڵ بارودۆخی ژینگەو کۆمەڵەکەی گونجاو بوو".

## قەشە عەرەبەکە

پتر لە سیساڵ (محەمەد) لەسەرچاوە جیاجیاکانەوە ئەو زانیاریە هەمەلایەنەی کە قەشەکە (وەرەقە) بۆی دەستەبەر کردبوو وەردەگرت، لێرەدا چەند ساتێك دەوەستین، بۆئەوەی رۆشنایی بخەینە سەر ناسنامەی ئەم قەشەیە (ئەسقەف)و رەچەڵەکیو پلەوپایەی.

لە کتێبەکەی(ئەبو موسا حەریری) ئەمە هاتووە:

"خۆی قەشە وەرەقە کوڕی نەوفەل کوڕی ئەسەد کوڕی عەبدول عزی کوڕی قوسەی ئامۆزای خەدیجەی کچی خوەیلدی کچی ئەسەد عەبدول عزی کوڕی قوسەی، ژنی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عەبدول موتەلیب کوڕی هاشم کوڕی عەبد مەناف کوڕی قوسەی، بەمەش قوسەی دەکاتە سێیەم باپیرەی وەرەقەو خەدیجەو باپیرەی چوارەمی محەمەد، هەرسێکیان لە قوسەی رچەڵەكو خاوەن سامانو ئیمانو ئایینو پایەدا یەکدەگرنەوە، هەرسێکیان لە قورەیشنو مجێورانی کەعبەنو لەخەڵکی (مەکە)نو خاوەنی خانەی (ئەلنەدوە)ن..

کەواتە قەشە وەرەقە قوڕەیشی بوو، لە سەرانی مەککە بوو، بگرە جولەکەی یەمەنیش نەبوو یان مەدینەو نە کریستیانی سوریاو نە حەبەشیو نە قیبتی میسر بوو، نە گریك بوو، نە فارسی بوو.

عروبەتەکەی بێگەردەو رێكو دێرینە وابێ غەلو خەوشەو، خۆشویستی بۆ مەکەو خەڵکی مەککە رونو ئاشکرایەو پێچو پەنای تیدا نیە، ئیدی بۆچی هەڵوێستی دوژمنایەتیو رکەبەرایەتی لێبگرین؟ بۆچی پشتگوێی بخەین؟ چونکە ئەو زاناو خوێندەوارو دانایە؟ یان لەدنیا زاهید بوو، و لەودیوی قوتابیەکەیەوە محەمەد خۆی شاردەوە؟ دەوڵەمەندەکانی (مەککە) لێی راپەڕینو راویان نا، چونکە ژنی لێنەخواستنو روی کردە زانستەکانیو (قوتابخانەکەی)و ئایینەکەی خۆی. ئەم (قەشەیە) خەریکی ئەوەبوو کە دوچاری مەسیحیەتو نەسرانیەت بووەو، دوورکەوتەوە لە دنیاو خۆشیە مەغرورەکانیو مەکەیش (بەڕە)کەی لەژێر پێی راکێشا. گەرچی زۆربەمان پێغەمبەرەکەو پەیامەکەیو رەوتەکەی پێدەزانین، زۆربەشمان قەشەکە ناناسینو بێئاگاین لە ناسنامەکەیو رۆڵی لەدامەزراندنی ئایینە نوێیەکەداو، هۆی بێئاگاییشمان دەردێکی کوێرانەیەو مێژوو ئاوهای ویست، وەکو هەر شتێکی دیکە کە لەم پارچە زەویەدا ویستی، کارەساتە گەورەکەش بێشك بەسەر ئەودا دەکەوێت کە بیەوێت شتە شاراوەکانی ئەم مێژووە بەدبەختە هەڵبکۆڵێت، چونکە دەمارگیرەکانی حەقیقەتە دابەزیوەکان بەلایانەوە قورسە، بەدوای راستی مێژوودا بگەڕێن، ئەوش نازانن کە خودا لەتوانایدا هەیە ئادەمیزاد بەکاربهێنی بۆ راگەیاندنی فەرموودەکانی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە جەختمان لەسەر نیە کە بڕوا بەو راستیانە بکەین، گەرچیش لەلایەن خواوە هاتبێتنەخوارەوە. چونکە ئازادی گەڕانمان هەیە بەدوای هەر شتێکی شاراوەدا، کە ئەویش لەلایەن خواوە دابەزیوە.

## گلانی ئەبو موسای حەریری

بۆچی نوسەر بەوشێوەیە خۆی خستە نێو دەریای خواوە؟ نوسەر کە ئیماندارە، لەوانەیە ئیمانەکەی جیاوازبێت لەگەڵ ئیمانی (دەمارگیرەکانی راستیە دابەزیوەکان)دا، کارەساتەکە گەورە نیە بە بوونی (ئەوانەی کە قورسە بەلایانەوە بەدوای حەقیقەتی مێژوودا بگەڕێن) بگرە لەوانەدایە کە خوایان هێناو بڕوایان پێی هێناو پاشان لەسەر کراسەکەی دانیشتنو دەستیان کرد بە هەڵبژاردن، جورئەتی نوسەر لەم جێگایەوە ملی بادا هەرکە وتی:

"هەمووومان بڕوامان بەتوانای خودای بەتوانا هەیەو، کەس لەوە نکوڵی ناکات کە خوا چۆنی


www.dengekan.com

بویت مولك و مالی خۆی بەکاربهێنێت، بەڵام کەسیش نکوڵی لە ئازادیی مرۆڤ ناکات لە گەڕان بەدوای ئەوەی کە دەیەوێت، کەسیش بەدەر نیە لەوەی کە خودا بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی کەرامەتی مرۆڤ زەوت دەکات و خودا لە مێژوو دەگەڕێت بۆ خۆی ڕێبکات و، لە مرۆڤیش دەگەڕێت بۆئەوەی سەروکاری خۆی بکات لەناو مێژوودا، بۆیە ڕاستی وەحیەکە لەخواوە و وەکو مرۆڤ نیە ئامرازێك بێت ڕاستیەکە لەمێژوودا ڕابگەیەنێت لە مێژوودا بەناوی خواوە، دواجاریش دەبێ وەحیەکەی دوایی بیرخستنەوە بێت بۆ وەحیەکەی پێشوو.

کەواتە گلانەکە لە نوسەرەوەیە، گەشتێکی دوورودرێژە، گەشتێکی شەکەتە، گەشتێکە دەوراودەوری مەترسی و گومڕاییە. پێشتان وانەبێ کە نەمانەوێت نوسەرەکە تۆزێك پشوو بدات لەپشوودانێکی پێویستدا. هەروەها نوسەر لەسەر نووسینەکەی خۆی دەڕوات، بەڵام وەکو یەکێك بەرگری ماندوویی و بێتاقەتی بکات و دەڵێت:

"هەروەکو کتێبەکە شایەتی لەسەر خۆی دەدات (ئەمە بیرخستنەوەیە- هذا ذكر- أية 40)، (ئەمەیش بیرخستنەوەیە – المدثر 55) هەروەکو شایەتی لەسەر پێغەمبەرەکەی دەدات: (ذكر انما انت مذكر-الغاشية 33)، ئەوڕۆژەی پێغەمبەر گومانی پەیاکرد لە ڕاستیی بەوەی بیری دەخەنەوەو پێی دەوترێت: "فَإِنْ كُنْتَ فِي شَك مِمَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ فَاسْأَلْ الَّذِينَ يَقْرَءُونَ الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكَ" (ئایەتی 94 لە سورەتی یونس)، ئەم خوێندنەوەی (من قبل)ە واتا (لەپێش تۆ)، پێشبینی بۆ کەسێکە کە (پێش) پێغەمبەر کتێبەکەی لەپشتی پەردەوە چرپاندوەتە گوێیەوە " بۆیە بەهۆی خواوە (قەشەکە) لەوشێونەوە شکستی هێنا کە محەمەد پێکابووی. ئەسقەف (وەرەقە) لە (مەکە) گۆشەگیربوو، بگرە لەبیرکراو بوو، بیری لە چاککردنەوەی ئەوە دەکردەوە کە ئەوانەی بەدوای ڕاستیەوە دەگەڕان لەسوریاو ئەنتاکیاو میسرو ڕۆما تێکیاندابوو، (محەمەد)یش بیری لەوە دەکردەوە خۆی ببێتە سەرکردەی خێڵەکەی خۆی، لەویشەوە ببێتە سەرکردەی هەموو عەرەب، چۆنی ویست بۆی بوو.

لەکۆی مامۆستا ئەسقەفەکەی شکستی هێنا ئەو لەوێوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا. جیهانێك بە دوو زمان، عەرەبی و عیبری، قەشەکە خراپی کرد کاتێ ئەقڵێکی وریای دەدواند، لە وڵاتی شارستانیەتەکانی سوریاو میسرو ڕۆمادا، لە ژینگەیەکی جیاوازدا، ئەو هیچ شك نابات و کەسیش کەمتر نیە لەدەسەڵات یان دەستڕۆیی، ئەوەبوو خێڵەکەی دژی ڕاپەڕین و دایانە دەست لە جوڵاوەکانەوە، بەرلەوەی دەنگی بگاتە دەرەوەی بیابان.

## هەڵەکانی قەشەکە

بەپێی قسەی (محەمەد) ئەو سەرۆکایەتی خزمە نزیکەکانی خێڵەکەی کرد، بۆئەوەی بازرگانیەکەی زیاتر بکات و بارودۆخی خۆی چاك کات و، لەبەردەمیدا ئاسۆیەکی بەرین و پڕ قازانج دەکاتەوە، هەرکە بەهێز بوو، و دڵنیابوو لە گروپەکەی خۆی، ئەوەبوو ئاڵا شەکاوەکەی خۆی لەوێ بەرزکردەوە ، کە ئاڵاکان بەر قسەو تیر دەدران، ئەسقەفەکە ئامانجەکەیشی ون کرد، چونکە هانی محەمەدی دا تا ژن بهێنێ و، ئامۆزاکەی خەدیجە ژنە بازرگانی دەوڵەمەند بخوازێت، ئەوەیش وای لە (محەمەد) کرد کە قەشەکە ئامادەی دەکرد ببێتە قاسیدی بۆ لای سەرانی کڵێسەکان لە سوریاو میسرو ڕۆما، کە خەریکی کۆڕبەستن بوون و ڕێکخستنی حوکمەکان بوون دژ بە یاخیبووەکان، بژێویەکی ئارام و توانایەکی زۆرو خۆشەویستی سیاسەت و ڕوانینە سەرۆکایەتی و فەرماندەیی، چونکە ئێمە خەریکی ئەوەین نوشستی و هەڵە بێگوناهەکانی قەشەکە بژمێرین، کە بوونە هۆی ئەوەی نەسرانیەت لە مەککە لەناوبچێت و شتی تریش کە نوسەر بەلایاندا نەچووە، ئیحراجیش نابین ئەگەر بڵێین ئەسقەف (وەرەقە) لە تەنگژەی عاتیفی و گرێ دەروونی و کەبت و ئەو شتانەی کە محەمەد بەدەستیانەوە دەیناڵاند نەکۆڵیبوەوە، ئەو بێباوکە بێبەشەی لە سۆزو خۆشەویستی دایك و باوك و پشت و پەنای براو سۆزی خوشك و ئەو کەسەی شیری ژنێکی دیکەی خواردو، دڵ و ئەقڵی پڕبوو لە حەزی بەناوبانگی و سەرکەوتوویی، ڕقی لە کۆمەڵگاکەی دەبوەوە، دەروونی تا مەرگ خەمبار بوو، ڕقی لە خاوەن دەسکەوت و ئیمتیازەکان بوو، هیچ بایەخێکی نەدەدا بەو ژیانە دەوڵەمەندە پڕ لە ناکۆکی و ململانێی ناوخۆیە، لەوانەیە هەستی کردبێت کە مارەکردنی خەدیجە لەلایەن محەمەدەوە خزمەتێکە بۆ نەسرانیەت و جێبەجێکردنی ئەوەی کە نەخشەی بۆکێشابوو، بەڵام ئەنجامەکەی پێچەوانەی ئەوەبوو کە دەیویست و ڕچاوی دەکرد، تیۆرەکەی پەکیکەوت، ئەوەبوو شمشێرەکەی (محەمەد) دەستی کرد بە سەربڕینی (کافرەکان)!

## بەدەر لە ئیسلام و خودی نەسرانیەت:

نەسرانیەتی مەکەی لەبیرکراو پێویستی بە شۆڕشێك بوو، شۆڕشێك لە خودەوە بۆ ڕەهبانیەت و کۆدەتایەك بۆ سەر خود (Self-renunciation) بۆ سوبلومێشن (تسام) لەگەڵ سەرکوتکردن (کبت-Repression). بۆ (تەبشیر- Evangelism)، چونکە کەشی جەزیرە نە یارمەتی کەبت دەدات و نە بانگەشەی (تەسامی) یش دەکات، و لە چەوساندنەوەی

غەریزە داپلۆسینیشی خۆش نابێت، حەزی (محەمەد) بۆ ژنهێنانو پەرۆش بوونی بە ژنانەوە لەلای خەڵکی جەزیرە مایەی ڕەتکردنەوە یان ڤێزەوەن نەبوو، هەروەها (محەمەد) ژنگەلێکی زۆریشی مارەکردبوو، هەڤاڵەکانیشی کە ئیسلامیان کردە شۆڕشێك کە ئامانجەکەی کەسانی دیکە بوو، نەك خود وەکو ئەویان کرد، تەنانەت عەلی کوڕی ئەبو تالیب کە شوێن پەنجەی لەسەر قورئانو بەلاغەتو زمانپاراوی‌و یوتوبیا هەیە، ئەویش ژنگەلێکی زۆری خواستبوو، بیستوپێنج منداڵی بوو لە کچو کوڕ.. ئەوەبوو ماڵەکەی خۆبەخۆی دابەش بوو، "هەر ماڵێکیش بەسەر خۆیدا دابەش بوو دەڕوخێت" هەروەکو مەسیح وتوویە، ماڵەکەی محەمەدیش چارەنووسی وادەبوو دابەش بکرێت بەسەر خۆیدا، هەروەکو ماڵەکەی عەلی، ئەگەر پێغەمبەریش منداڵی زۆری ببوایە، نازانم چی چاوەڕێی ئیسلامو قورئانی دەکرد، ئەگەر (محەمەد) دەیان کوڕو کچی بخستایەتەوەو، دایکانیان خەدیجەو عایشەو حەپسەو هەردوو زینەب (کچی خەزیمەو کچی جەحش)و ماریەو جۆیریەو سەفیەو ئوم حەبیبەو ئوم سلما! ئایا ماڵی وەحی‌و پێغەمبەرایەتی دەڕووخا، وەکو چۆن ماڵی ئیمامەت رووخا؟ خوا دەڵێ نەخێر.

خودا ڕێگای نەدا پێغەمبەر منداڵ بخاتەوە، جگە لە خەدیجەو ماریە نەبێت، بەڵام خودا بەڕەحمەتی خۆی فریای پێغەمبەرو ژنانی پێغەمبەرو قورئانو ئیسلام کەوت، ئەوەبوو خوا هەموو منداڵەکانی پێغەمبەری بردەوە، تەنها (فاتیمە) نەبێت کە ویستی بیکاتە دیاری بۆ عەلی کوڕی ئەبوتالیب، وەکو پاداشتێك بۆ دڵسۆزی‌و تێکۆشانی لەپێناوی محەمەدداو، لەپێناوی بڵاوبوونەوەی ئایینی خوای راستو سەرکەوتنی بەسەر کافرەکاندا، هەروەکو سەرچاوە شیعیەکان لاڤی ئەوە لێدەدەن. لەبەرئەوەی خوا پاداشی پیاوچاکان ون ناکات، بۆیە ژنانی پێغەمبەری تەرخان کردو زاوزێکردنی لێحەرام کردنو کردنی بە دایکانی ئیمانداران‌و پارێزراوی کردن‌و، تێیاندا خودی زاڵکرد بەسەر شتی دیکەداو، فێری کردن چۆن جەستەی خۆیان دەچەوسێننەوەو، سەرکەوتوویی‌و بەرزەفڕی‌و سەرکوتکردنی شەهوەتی سێکسی چۆن دەبێ (Eroticism). پێغەمبەر هەروەکو عائیشەو ئوم سەلمە دەڵێن: "لە جیماع خۆی جەنابەت دەکرد بێئەوەی شەیتانی ببێ، پاشان لەمانگی رەمەزاندا بەڕۆژو دەبوو". زۆرجار بەڕۆژو بووەو ژنەکانی خۆی ماچ کردوە، بێئەوەی رۆژوەکەی بەتاڵ بێت، چونکە ئەو (پێغەمبەر) بوو و خاوەنی دەعباکەی خۆی بووە، (ئامرازی سێکسی پیاوەتی).. (پێغەمبەر) لەخەوا شەیتانی دەبوو، (پێغەمبەر) زاڵ بوو بەسەر ئامێرەکەی خۆیدا، ئەم قسەیە واتای چیە؟ یەکەم، واتای ئەوەیە کە (پێغەمبەر) لەخەودا خۆی دەبینی لاوێکی هەرزەکارەو کیژۆڵەیەکی لەئامێزە، بۆیە تووشی رژانی شەهوەتی خێرا دەبێت ( Praecox ejaculation) و رۆژوویش بەتاڵ ناکاتەوە، ئەم حاڵەتەش هاوشانی ژنهێنانی زۆرملێیە یان ژنهێنانێکی بازرگانی وەکو مارەکردنەکەی (محەمەد) لە خەدیجە، کە ئەمەیش راکردنە لە واقیع بەرەو خەیاڵ یا خەون..

دووەم، واتای ئەوەیە کە (پێغەمبەر) لە بەئاگاییدا لەگەڵ ژنەکانی سێکسی دەکرد، بەڵام بێئەوەی ئاوی بێتەوە. ئەمەیش وای لێکرد لە رۆژووەکەی بەردەوام بێت، وەکو لە قسەی عائیشەو (ئوم سەلمە)دا دەردەکەوێت کە (پێغەمبەر) تووشی ئاونەهاتنەوە ببوو، (Spermatem phraxis) یان فەوتانو لەناوچوونی گیانەوەر تۆماویەکان (Spermatolysis)، ئایا (خەدیجە)و (ماریە) بەڕاستی (پێغەمبەر) سکی پڕکردبوون؟ یان (جبرائیل) کە بەوردی‌و لێهاتوویی ئەرکە خوداوەندیەکەی جێبەجێدەکرد؟ بەفەرمانی خودا خودی (محەمەد) غیرەی (محەمەد)ی سڕیەوە، وەحی بۆ (محەمەد) دادەبەزێ تا سەرقاڵی بکاتو ئاوی نەیەتەوە، وەك بڵێی سێکس لەگەڵ وەحیدا نابێتو، هەروەها چێژوەرگرتنیش لەگەڵ پێغەمبەرایەتیدا نابێ. ئەمە چۆنە؟ با وەڵامی ئەم پرسیارە وەربگرین. (ژان رۆستان لە کتێبەکەیدا (مرۆڤ)دا کی د. عەبدل رەحمان مەرحەبا وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی لە لاپەڕە (55)دا هاتووە:(هۆکارەکان کە کاردەکەنە سەر ئەنجامی کۆتایی(سك پڕی) زۆر ووردە تەنانەت زەحمەتیشە تەسەوور بکرێت(ترستڕام شاندی ) پاڵەوانی کتێبە بەناوبانگەکەی (ئەستڕن) گازندەی ئەوە دەکات، دایکی خەریك بوو سکی پڕدەبوو پێی، میزاجی رۆحە ئاژەڵیەکانی تێکدرا بەو پرسیارە کوت وپڕەی کە لە باوکی کرد(لەوانەیە سووڕدانی کاتژمێرەکەت لە بیرچووبێ)، لە راستیدا لەوە کەمتری پێدەچێت بۆ کارتێکرن لەسەر پێکهێنانی منداڵ.(یەکێك لە ژنەکە یان لە پیاوەکە لە کاتی پرۆسەی سێکسدا، جووڵەیەك یان ئاوڕێك یان هەناسەدانێکی لێوەدەرچێت، تا ئاژەڵە شەهوەتیەکە(تۆواوەکە) هێلکەکە کون بکات، دوای ئەوەی کێر ویستی بچێتە ژوورەوە، دوای نۆمانگ مرۆڤێکی دیکە لە دایك دەبێ، نەك ئەوەی کە لە کاروانەکە دواکەوت و بۆ هەتا هەتایە ژیانی دۆڕاند، ژیانیش هەل قۆستنەوەیە و قوڕ بەسەر ئەو کەسەی کە هەل ناقۆزێتەوە)..

مەسەلە محەمەدیەکەیش بێگومان مەترسیدارترە لە مەسەلەکەی شاندی، چونکە شاندی باوك بۆ ئەوپەڕی لەزەت و ڕژاندن سێکسی دەکرد ، بەڵام مەحەمەد دەبوو زەکەری خۆی بگرتایەو شەهوەتی نەڕژاندایە، هەرچەندێ هەوڵی بدایە لەزەت و خۆشی بەرناکەوت، وەکو

عائیشەو دایکی سەلما دەڵێن. یان دەبوو دایکی شاندی میزاجی (ڕۆحە ئاژەڵیەکانی) تێکدابێ کە لە پشتی باوکیەوە هێرشیان برد بۆ منداڵدانی، بەڵام مەسەلەکە لە لای عائیشە و دایکی سەلما و ژنانی دیکەی محەمەد زۆر جیاواز بوو، چونکە ئەوان چێژی سێکسیان لە محەمەد نەدەبینی، چونکە (ڕۆحە ئاژەڵیەکان) لە پشتی محەمەددا لە خواوە دەرمانی کوژەر بۆ تۆماوەکەی محەمەد هات و لە ناویدا و فەوتانی. جبراییل زۆر زۆرزان بوو پێی خۆش نەبوو وەحی بۆ محەمەد بهێنی تەنها ئەو کاتە نەبێ کە محەمەد دەیویست بچێتە لای ژنەکانی، خواو جبراییل فەرمانیان بە محەمەد دەکرد کە زەوقی خۆی بگرێت ، بۆ ئەوەی لە نیگەرانی سێکسیدا بێت و کەشێکی لەبار بۆ وەحی و هاتنەخوارەوەو داهێنان و بلیمەتی وخودی محەمەدی.

<u>محەمەدو نیگەرانی سێکسی</u>

سەرپۆش‌و بەردەباران کردنی ژنی زیناکەر..

ئەو کۆمەڵگایەی کە (محەمەد) دایمەزراند یان هەوڵی دامەزراندنی دابوو، کۆمەڵگای (تێربوونی سێکسی) بوو، تەنها لەلایەن پیاوەوە کرانەوە.. تەنانەت لەرێگای چەوتەوە (وانكحوا ما طاب لكم من النساء) واتە هەچ ژنێکیان حەز لێبوو سێکسی لەگەڵ بکەن، بەڵام کتوپڕ بێ ئومێدبوو و پاشگەز بووەوە، کاتێ پێغەمبەر هەستی کرد گیانلەبەرە تۆماویەکانی (Spermatemphraxis) لەناوچوون -واتا پیاوەتی نەماوە- ئەوێك کە هەمیشە ماڵەکەی کراوەبوو ، وەکو ماڵی سەرکردەو دامەزرێنەرەکان، لەهەموو شوێن‌و کاتێکدا ترسی لە ژنەکانی هەبوو، لەوانەش عائیشەی کیژۆڵەی جوان‌و قەشەنگ‌و ماریەی قبتی‌و بەئاوی نیل پەروەردەبوو، جوێریەو سەفیە هەردوو کیژە جوولەکە، کیژە لاوەکەی عومەرو کچەکەی ئەبوسوفیان‌و، ژنە شۆخێکی تەڵاقدراوی کوڕەکەی زەید ، زەینەب، لێیان دەترسا خۆیان بدەنە دەستی جۆش‌و خرۆشی سێکسەوەو، بکەونە ئامێزی ئەو پیاوانەی کە دەهاتنە ماڵەکەی (چیرۆکی عائیشەو پەیوەندی بە سەفوان‌و مەسەلەی ئیفك) بۆیە گەڕایەوە بۆ سەر سەرکوتکردنی سێکسی، بەڵام تەنها لەسەر حیسابی ژنان، بۆیە فەرمانی دا بە سەرپۆشکردن‌و بەردەباران کردنی ژنانی زیناکەرو بەندکردنی لەماڵەوە تا دەمرێت.

گەڕانەوە بۆ سیاسەتی (سەرکوتکردن لەیەك لاوە) پێغەمبەر دەستی پێکرد، کاتێ ئاستی ئەخلاقی لە کۆمەڵی ئیسلامیدا دابەزی‌و تێکدەچوو ، ئەودەمە وەحی هاتەخوارەوەو لە سورەتی (النور)دا ئاوهای بە ئیماندارەکان وت:

"يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ(27) فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلاَ تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِنْ قِيلَ لَكُمْ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ(28) لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ مَسْكُونَةٍ فِيهَا مَتَاعٌ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ(29) قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ(30) وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوْ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الإِرْبَةِ مِنْ الرِّجَالِ أَوْ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلاَ يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ(31)".

واتا: "ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە مەچنە ماڵی هیچ کەسێکەوە جگە لە ماڵی خۆتان نەبێت تا شارەزای دەبن‌و سڵاو لە خاوەن ماڵەکە نەکەن، ئەمەیش بۆ ئێوە خێرە لەوانەی لەبیرتان بێت(27) ئەگەر کەسێکتان لەو ماڵە نەدۆزیەوە نەچنە ژوورەوە تا روخسەتتان دەدەن، ئەگەر پێتان بڵێن بگەڕێنەوە، بگەڕێنەوە ئەمەیش بۆ ئێوە باشترە، خوایش ئاگادارە لەوەی دەیکەن گوناحتان نیە ئەگەر چوونە ماڵێك کەسی لێنەبوو ئێوەش شتۆمەکتانی لێیە، خودایش دەزانێ چی دەکەن‌و چی دەشارنەوە، بڵێ بە پیاوانی ئیماندار با چاوپۆشی بکەن‌و (فەرج )(گەڵ‌وگون)ی خۆیان بپارێزن ئەمە بۆیان چاکترە، خودایش ئاگادارە کە ئەمانە چی دەکەن‌و بڵی بە ژنانی ئیماندار چاوی خۆیان بپۆشن‌و عەورەتی خۆیان بپارێزن‌و رازاندنەوەی خۆیان بۆ هیچ کەسێك دەرنەخەن، تەنها ئەوەی دەردەکەوێت‌و، با سەرپۆشەکانی خۆیان دادەنە سەر سەروچاویان‌و جوانی خۆیان دەرنەخەن، تەنها بۆ مێردەکانیان یان بۆ باوکانیان یان بۆ باوکانی مێردەکانیان نەبێ، یان بۆ کوڕەکانیان یان کوڕانی مێردەکانیان یان براکانیان یان برازاکانیان یان خوشکەزاکانیان یان ژنەکانیان یا ژنانی ئیماندار یان دەست‌وپێوەن کە هیچ مەبەستێکیان نیە یان منداڵ کە عەورەتی ژنانیان نەدیوەو نابی ژنان بەقاچیان شەق بوەشێنن تا ئەو شوێنە جوانیەکانیان دەرنەکەوێت، هەمووتان لەخوا داوای تۆبە بکەن ئەی ئیماندارەکان تاوەکو سەرکەوتوو بن(31)" (سورەتی نور)

چ <u>ترس‌و نیگەرانیەك لەناو ئەم ئایەتانەدا هەیە؟!</u>

چ دڵپیسیەك ئەشکەنجەی (محەمەد) دەدا کە خاوەنی ئەم هەموو ژنانە بوو؟ لەیەکترازانی سێکسی لە گەڕەکی بازرگانە دەسەڵاتدارەکان –مامۆستاکانی مەککە، گەیشتە ئاستێك کە لەدەرەقەتدا نەمابوو، ئایا سێکس حەڵاڵە یان رق‌و کینەو هاواری جەستە گڕگرتووە

ژانگرتووەکانە؟ بۆنی گەڕەکە پەرەسەندوەکە لەهەموو وڵاتدا بڵاودەبوەوە، هەروەها لە (مەککە)و لە (مەدینە)ش ژنەکانی پێغەمبەر شەڕیان بە پیاوانی پێغەمبەر لەسەرکردەو سوارەکان دەفرۆشت. پێغەمبەر هەستکردن بە دەسەپاچەیی ئازاری دەداو، (جبرائیل)یش چەپەڵ بوو، کۆمەڵگای ئیسلامیش لەگەڵ غەریزەکانی خۆیدا لە ململانێدا بوو، ئەمە حەرامە، ئەوە حەڵاڵە، ئەمە پەسەندەو ئەوە قەدەغەیە. ناکۆکی هەڕەشەی لە خەڵکی گەڕەکەکەو خەونەکانیان دەکردو، پێغەمبەرو هەردوو کۆمەڵگای مەککەو مەدینە نیگەران کردبوو، کێ ئەمانە لەخنکان لەدەریایەکی پیسدا رزگار دەکات، جگە خوداو وەحی نەبێت؟ خودا کە (محەمەد)ی وەکو پێغەمبەرێك رەوانەکردو لەسەریەتی یەکسەر دەسبەکاربێت، خوا هەموو کەین‌و بەینێك دەزانێت، خوا (هیچی لێ‌شاراوە نیە)، ئاگای لە پێشینان‌و دواییانیش هەیە، خوا تەنها خۆی مەسەلەکان یەکلادەکاتەوە، خوا ئاگای لە هەموو شتێکە کە دەیکەن..

خوا کە ئەمەی براندوەتەوە کە نابێ بەدوای کێشەی ژنانی پێغەمبەردا بگەڕێن:

"النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُوْلُو الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلاَّ أَنْ تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُمْ مَعْرُوفًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا(6)" (سورة الأحزاب)

ژنانی پێغەمبەر دایکانی پیاوە ئیماندارەکانن؟ ئیدی کێشەکە چارەسەر بوو، ژنی پێغەمبەر وەکو ژنانی ئاسایی دیکە نیە، ئەو لەلایەن خواوە چەندین ئیمتیازی پێ‌دراوە، لەبەرئەمەیش ئەشکەنجەدانی لەلایەن خواوە دوقاتە، ئەگەر زیاتر نەبێ.

" يَانِسَاءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا(30)" (سوره الٲحزاب)

واتا: "ئەی ژنانی پێغەمبەر هەریەکێك: لە ئێوە فەحشەت بکات ئەشکەنجەی دوقات دەبێ، ئەمەیش بۆ خوا ئاسانە(30)" (سورەتی ئەحزاب).

ژنی پێغەمبەر کە سێکسی خۆی سەرکوت دەکات‌و، جێگیر دەبێ‌و غەریزەی دەچەوسێنێتەوە جگە بۆ (محەمەد) نەبێ (سەرداری بوونەوەر) لەلای خوا پاداشی دووجارە کە بۆ هیچی ژنێکی ئیمانداری ئاسایی نابێت، ئیمتیاز لە ئازارو ئیمتیاز لە بەهەشت، گرنگ ئەوەیە پێغەمبەر ئاسوودەو دڵنیابێت‌و بە نهێنیەکی خوداوەندی تەواو و تۆکمە دەورەدراوە، نهێنیەکانی ماڵی پێغەمبەر نهێنیەکانی خوان، هیچ کەسێك نایانزانێت جگە (ئەو کەسان نەبێت لە زانستدا چەسپاون). " وَمَنْ يَقْنُتْ مِنْكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحًا نُؤْتِهَا أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا(31)" (سوره الٲحزاب).

خواو پێغەمبەر دوانن‌و لەیەك جیانابنەو، هەرکەسێك دەسدرێژی بکاتە سەر پێغەمبەر دەسدرێژی دەکاتە سەر خوا، ژنەکانی دیارین لەخواوە، کەلەپورو ناموس‌و قەوارەو دەسەڵاتن. (لە تێربوونی سێکسی پیاو) بۆ (سەرکوتکردنی یەکلایەنە) بۆ (دکتاتۆریەتیەکی موتڵەق). شێتی مەزنایەتی، یان شیزوفرینیا؟!

دەسەڵاتی ئەفسانەو چین پێغەمبەر "هەواڵی ویژدانی خەڵکی‌و چی دەخۆن‌و چی پاشەکەوت دەکەن‌و دوعایان قبوڵە بەبێ دواکەوتن" لەلایە.. محەمەد دەتوانێ پەیوەندی بە خواوە بکات، بەبێ ئەوەی سەردانی نوسینگەی سکرتاریەت بکات، هەرکاتێك شەو بیەوێت یان بە رۆژ بیەوێت، یان بەر لە بەرەبەیان یان دوای بەرەبەیان‌و، لەهەرکاتێکدا بێ، داوای لەلای خوا قبووڵە، نادرێتە لێکۆڵینەوە، لە محەمەدەوە بۆ خوا بۆ (لیژنەی جێبەجێکردنی یەکسەری) ئەم پێغەمبەرە نازدارە: خوا داوای کرد خاکی عەرەب وشك‌و برینگ بێت کاتێ ویستیان گوێی لێ‌نەگرن‌و خوا بارانی لێ‌بڕی تا هەموو دارودرەخت‌و ماڵات مردن، پاشان پێغەمبەر گەڕایەوەو داوای لە خوا کرد پیت‌و باران بنێرێت‌و داواکەی جێ‌بەجێ‌کردو، نامە دەنێرێ بۆ (کیسرا) تاوەکو ئیسلام بێ، (کیسرا)ش نامەکەی دەدڕێنێت، پێغەمبەر داوا لە خوا دەکات مەملەکەتەکەی تێك‌وپێك بدات "خوای عەزە وەجەلیش مەملەکەتەکەی تێك‌وپێکداو رەچەڵەکی بڕیەوەو رێگای لێ‌بڕیەوە"

## قەشە ورەقە کوڕی نەوفەل چی دەڵێ؟

## نەسرانیەکانی (مەکە) چی دەڵێن؟

ئەوانە هەر نەیانوێرا هیچ بڵێن.

عوبەیدوڵای کوڕی جەحش گەڕایەوە سەر نەسرانیەتی خۆی، کە (محەمەد)ی پێغەمبەر ویستی ملی بپەڕێنێت، محەمەد داوای لە خوا کرد کە ژنەکەی عوبەیدوڵای کوڕی جەحشی بۆ بهێنێ، ئەویش لەسەر باڵی (عفریت) هێنای بۆ لای. خوا پێی ووت: محەمەد (ئوم حەبیبە) مارە بکە چونکە نەتتوانی ملی مێردە کافرە یاخیبووەکەی بپەڕێنیت.

پێغەمبەر، ئەم دکتاتۆرە موتڵەقە، فەرمانی بڕای بڕە، فەرمانی جێ‌بەجێکراوە، قسەی لەئاستی قسەی خوایە، دەسەڵاتی ئەفسانەیی هەیە، و دەسەڵاتی چینیش.

زانست دەسەلاتی ئەفسانە نایەڵێت، زانست قەدەغەیە بۆ موسڵمان، شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەسەلاتی چین نایەڵێت، شۆڕشی کۆمەڵایەتی حەرامە بۆ موسڵمان.

"بەر لە کۆچکردن خوا بەئیسراو میعراج ڕێزی لێنا، چونکە ڕۆژێك لە مەککە خەوت، دوای ئەوەی نوێژی عیشاو ئاخیرەتی کردو بەر لە تاریكو ڕوون سواری بۆراق بوو بەرەو بەیتولمەقدس، لەوێ ژمارەیەك لە پێغەمبەرانی بینی وەکو ئیبراهیمو موساو عیساو ژمارەیەکی دیکە لە پێغەمبەرانو لەوێ نوێژی پێکردن، پاشان بردی بەرەو ئاسمان لەوێ ئایەتەکانی خوای گەورەی بینی، لەوێ پەنجا نوێژی بەسەرا فەرزکرا لە ڕۆژێکدا، پاشان داوای لە خواکەی کرد کەمیکاتەوە، ئەوەبوو کردی بە پێنج فەرز لە ڕۆژو شەوێکدا، هەرکەسێك بەجێیان بهێنێت پاداشی پەنجا نوێژی بۆ دەنوسرێت..

دەسەلاتی ئەفسانە فەرمانت پێدەکات بڕوا بکەیت، (محەمەد) دکتاتۆر وتی، دکتاتۆرو خودا دوانو لەیەك جیانابنەوە، کەواتە قسەکە بەپێی زانستی ئاخاوتن قسەی خوایە، هەرکەسێك بڕوای پێ نەکات موسڵمان نیەو کافرەو شایستەی کوشتنە.

"پێغەمبەری خوا (د.خ) لەگەڵ (ئەبو جەهل)یش قسەی بەوەی ڕوویدا ئەبو جەهل وتی: ئەی ڕۆڵەکانی کەعب کوڕی لوئەی وەرن، کافرەکانی قورەیش هاتن بۆ لای، پێغەمبەر هەواڵەکەی پێدان، هەبوون چەپڵەیان لێدەدا، هەشبوون دەیانکێشا بەسەر خۆیاندا لەسەر سەرسوڕمانیو نکوڵیکردن لێی، ئەو خەڵکەی کە وەرە لاواز بوون لێی هەڵگەڕانەوە، پیاوان ڕوویان کردە ئەبوبەکرو ئەویش وتی ئەگەر وای وتبێت ڕاستی کردوە، وتیان، تۆش بەوە بڕوای پێدەکەیت؟ ئەویش وتی: من لەوە ئەولاتریش بڕوای پێدەکەم، بۆیە لەورۆژەوە ناویان لێنا بڕواپێکەر واتا (الصدیق)".

دەسەلاتی چینە کە وات لێدەکات کە بڕوا بکەیت، ئەبوبەکر بڕوای پێکردو دەسەلاتی بەرکەوت، عومەر بڕوای پێکردو دەسەلاتی بەرکەوت، عوسمان کوڕی عەففان بڕوای پێی کردو دەسەلاتی بەرکەوت، پاراستنی قورئانی گرتە ئەستۆی خۆی، ئەوەبوو بەهەوەسی خۆی کۆیکردەوەو شێواندی.. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) بڕوای پێی کردو بەشێکی گەورەی لە فەلسەفەو گەشانەوەکەی لەدەست خۆی دا، بەغەدرلێکراوی مرد کاتێك نوێژی دەکرد.. بەڵام ئەوانەی بەدرۆیان خستەوە، ئەوانە لەلای خوا ئەشکەنجە دەدرێنو لە دۆزەخ حەشر دەکرێن..
ئەگەر بتەوێت ڕێزدار بژیتو سەربەردیەکی شکۆدارت هەبێت، پیاوێکی چاکو پیاوی خوا بیتو قسەت بیستراو بێت دەبێ بڕوا بکەیت بەوەی کە (محەمەد) بانگەشەی (ئیسرا)ی کردووە، نەك (محەمەد) برا بۆ (ئیسرا).

دەسەلاتی ئەفسانە، دەسەلاتی چینە، ناڵەکانی بۆراق، ملوانکەیەکی بەرێزو شایەتیەکی قوتاربوون لە ئەستۆی تۆی موسڵمانو ئیماندارو ملکەچدایە.

ناوی ژنەکەت بنێی (بۆراق) خودا مندالانی ساڵحت دەداتێ، ناوی سەیارەکەت بنێ (بۆراق) لە فیتەرو چاکردن قوتاری دەبێت. ناوی خۆشویستەکەت بنێ (بۆراق) بەختەوەر دەبیت، ناوی قەڵەمەکەت بنێ (بۆراق) دەبیتە بلیمەتێکی بێهاوتا،

ئەی دەسەلاتی ئەفسانە،

ئەی دەسەلاتی چین.

ناڵەکانی بۆراقیان کردە ملم، ملم ناڵەکانی بۆراقی تێکشکان.

## گەشتێك بۆ (مەکە)ی قەشەکە

ئایا گەڕانەوە بۆ (قەشەو پێغەمبەر) هیچ سودێکی هەیە؟

با بۆراق بەرین و گەشتێك بکەین بۆ لای (ئەبو موسا ئەلحەریری) کە بەدوای نهێنیەکاندا دەگەڕێتو هەڵیاندەدرێت..

ئەی دەسەلاتی ئەفسانە، ئەی دەسەلاتی چینەکە، ئەبو موسا ئەلحەریری دەڵێت: لەلای ئیماندارەکان مەسەلەکە گەورەتر بوو کە لەودیوی پێغەمبەرەوە بەدەر لە خوا ببینن، بەڵام دواتر لەسەرمە ڕۆڵ بە مێژوو بدەمو، ببینم کە خودا بنیادەمی کردوە بەنێوان بۆ یەکتری بۆ گەیشتن پێی. بەمەش لەوان باوەڕ کەمتر نابمو، زۆرجار مێژوویش ئەوەی لەسەر لاپەڕەکانی دەشارێتەوە کە پەیوەندە بە پاڵەوانی بنەڕەتیەوە، بۆئەوەی کاریگەری ئەفسونو ترسی نهێنیەکە بمێنێتو، پاڵەوانی ئیسلامیش قەشەیەکە، لەمێژوودا ناوی (وەرەقە کوڕی نەوفەل کوڕی ئەسەد کوڕی عەبدول عزی کوڕی قوسەیە) بەوە ناسرابوو لە خەڵکی گۆشەگیرو خەڵوەتگیری خۆی بوو، مێژوویش ئەم دابڕانو خەڵوەتەی بۆ تۆمارکرد، ئەوەی لێی دەترسێم ئەم خەڵوەتەی لێتێك بدەم، ئەوەی دەرخست کە مێژوو ویستی بیشارێتەوە، قەیناکە، ئەو کەسەی بەرگەی تاریکی ئەشکەوتی (حەڕا) بگرێت، بەرگەی قورسایی قسەی خەڵکیش دەگرێت.. هەموو ئەوەی دەمەوێت کە نیەڵم پێغەمبەر لەنێوان زەویو ئاسماندا

بەهەڵواسراوی بمێنێتەوە، کە نە ئەسڵ و نە ئەساسی هەیە، هەرچەنێ دڵنیای ئیماندارەکان دەشڵەژێت".

ئەم بیرۆکەیە قەشەنگە، وا نیە؟

وەرن با دەنگەکە بخەینەڕوو:

محەمەد کوڕی عەبدولڵا کوڕی عەبدول موتەلیب، پێغەمبەری عەرەب لەسەر ئایینی سوبەکان 0سابیئە)، لەسەر ئایینی عەبدولڵای باوکی، لەلای ئەسقەفی (مەکە) قەشە (ورەقەی کوڕی نەوفەل) ئینجیلی عبرانی خوێندوەو لێوەی گوێ لە هەواڵەکان بووەو تەقس و نەریتی نەسرانی لێوە وەرگرتووە:

1- زوهدو دابڕان: هەردووکی بریتیە لە تەرك کردنی دنیاو وازهێنان لە خۆشی و لەزەتەکانی، بەپێی دیاریکردنی (غەزالی) دنیا وەو هیچ وایە، بەتەمای ئەوەی بەدەستێکی پاکەوە بگەیتە خوا.

2- تەحەنووس و تەحەنووف: کە هەردووکی پێوەندە بە بیرکردنەوە لە خواو بەتەنها ئەو پەرستن و، کردەوەی رۆح و نوێژو روانین و وڕێنەو خوێندنەوەی قسەکانی خوا لەو کتێبانەی کە هاتوونەتە خوارەوەو گوێگرتن لە تەفسیرەکانی لەرێپیشاندەرێکی شارەزا، کە لە میعراجی روحی یارمەتی بدات و خەریك بوون بە راڤەکردنی و تەئویل کردنی و شیکردنەوە لەگەڵ کەسێکدا کە ئەوە بتوانێ.

3- رۆژوو: بەچاولێکردن لە رۆژووی موساو ئیلیا لەسەر چیای حۆریب و رۆژوی عیسا لە دەشتایی ئوردن و رۆژووی باوکانی پێشینان ، (محەمەد) ئەو مانگەی بەخۆدوورخستنەوە لەخواردن بەسەردەبرد، یان لەرۆژێکدا یەك ژەمی دەخوارد، ئەم ژەمەشی بریتی بوو لە خواردنی سووك وەکو گژوگیاو میوەو شیرو پارچە نانی وشك و ، ئەو رووەکانەی کە لە بیاباندا هەبوون و دەیخواردن، نەك بۆئەوەی چێژیان لێوەرگرێ، بگرە بۆئەوەی برسی نەبێ و پێویستی خواردنی خۆی جێبەجێ بکات.

4- کردەوەی خێرو چاکە: خەڵوەتی پێغەمبەر لە کاری چاکە بەدەر نەبوو بۆ ئەوانەی کە پێویستیان پێی هەبوو، چونکە ئەو خۆی تاڵی و نەبوونی و برسێتی هەر لەمناڵیەوە چەشتبوو، ئەو لە باپیرەی و مامەی و خەزوورەکەیەوە قەشەکەی (مەکە)وە فێر ببوو، کە بەزەیی بە دەستکورت و نەبووەکاندا بێتەوەو لەبەخشندەییدا سەخی تەبیعەت بێت.

5- مانگی رەمەزان: مانگی خەڵوەت و رۆژوو و نوێژو خواپەرستی، لەم مانگەدا پێغەمبەر لە ئەشکەوتی (حەڕا) خەڵوەتی دەگرت و لەوێ نیعمەتەکانی خوا بەردەکەوت، لەوێ بیری لە خوا دەکردەوەو کتێبە دابەزیوەکانی دەخوێندەوە، ئەم مانگە مانگی بەخشینەو ئەو مانگە بەلوتفی خۆی وەحی لێهاتووەتەخوارەوە. رەمەزان پێش بەیاساکردنی قورئان مانگی رۆژوو بوو لەلای نەسرانیەکاندا.

6- سووڕانەوە بەدەوری کەعبەدا: (محەمەد) لەکۆتایی مانگی خەڵوتەو رۆژوودا لە چیای (حەڕا) دەهاتەخوارەوە بۆ ماڵی خوا ، بۆ سوپاس و ئاهەنگی جەژن و حەوت جار بەدەوری کەعبەدا دەسووڕایەوە، پاشان دەگەڕایەوە بۆ لای ماڵ و ژنەکەی و دڵنیابوو کە ئەرکی پیرۆزی بەجێهێنابوو.

دوای ئەم دابونەریتانەی خەڵوەتی ئەشکەوتی (حەڕا) کلێسەی (مەککە) کە مامۆستایان ئەسقەف وەرەقە کوڕی نەوفل لەسەری مەشقیان کردبوو، وەکو چۆن مووسا لەسەردەستی (ئەخناتۆن) مەشقی کردبوو، چی روویدا؟ ئەوەی بەتەواوی روویدا پرۆسەی سەربەخۆیی بوونی لە (وەرەقە)دا بوو، (محەمەد)ی قوتابی، قوتابخانەکەی ئەسقەف بۆ هەتاهەتایە بەجێدێڵێ، بۆ ئەوەی ئایینێکی نوێ دامەزرێنێت، بەرپرسیاریەتیەکە گەورەیە، زۆر گەورەیە، رێگاکە پڕ مەترسیە، ئەو دەیەوێ پێشکەوێت، بەڵام دەترسێت، ترس لە شکست خواردن، دەترسێت لەوەی بەدرۆی بخەنەوە، ئایا (خەدیجە)ی ژنی باوەڕی پێدەکات؟ ئایا ئەم ژنە بە پارە خەڵکی ئیماندار دەکڕێت؟ چی بە خەڵکی بڵێت؟ شریتی سەربردەکەی لەبەرچاوی شەپۆل دەدات، منداڵێکی چەوساوە خۆی ئامادە دەکات لەسەر عەرش دانیشێت، کێ بۆ سەرەوە بەرزی دەکاتەوە؟ کێ پاڵی پێوەبنێ تا ببێتە سەرکردەی (مەکە)؟ (گوڵەکانی قورەیش) چێژی لێوەرنەگرت! دەبێ دەوڵەمەندەکانی (مەکە) بێنەلای و گوێبیستی بن، ئیدی لەمڕۆ بەدواوە نەسرانیەت لە (مەکە) نیە. دەبێ وەرەقەی کوڕی نەوفەلی (مامۆستا) لابرێت، ئەشکەوتی (حەڕا) بە کلێسەیی نامێنێتەوە، ئەشکەوتی (حەڕا) پێی دەوترێت ماڵی وەحی، لەپێناوی ئەوانەی لەبرسا مردن دەبێ ئەشرافەکانی (مەکە) مل بدەن بۆ من، لەپێناوی هەتیو و بێدەرەتان و مناڵانی رێگاوبانەکان، ناوی خۆم دەنێم پێغەمبەر، بۆئەوەی سەردەمی بتایەتی کۆتایی بێت، جولەکەکان لە جەزیرە دەردەکرێن.

## سەرلەنوێ ئەقڵی (محەمەد) دەشڵەژێت

وڕێنە، لێی بێزار بوو، تووشی نۆرەی تووڕەیی توونـد دەبوو، دەترسا هۆیەکەی شەیتان بێت، دەمو چاوی تەتەڵەی دەکردو گرژ دەبوو، لەرۆژانی سەرمادا ئارەقەی لێدەتکا، لەهۆش خۆی دەچوو، لرخەلرخێکی سەرەتایی دەکرد، وەکو گیزەی مێش هاڕەی لێوەدەهات، داوای لە ژنەکەی دەکرد جلوبەرگی لەبەرکات تا گەرم بێتەوە، تا ترسو خەونەکان لێی بڕەوێنەوە، هەستی کرد کە هۆی جنۆکەیە یان شەیتانە.

(خەدیجە) بۆ لای کوڕە مامە قەشەکەی رادەکات، هاتووم ئامۆزا لە مەسەلەیەکی مەزن لێت بپرسم: (محەحەد) ئەقڵی شێواوە، لەگەڵ خوا قسە دەکات، ئەدەبێکی قەشەنگ دەڵێ وەك بڵێی شیعرە، دەڵێ، جولەکەکان دەردەکەم، بتەکان دەشکێنم، برسیەکانی (مەکە) لەو کەسانە رزگار دەکەم کە بەزەیی لەدڵیاندا نیە.. ئەمڕۆ دەبمە پێغەمبەر، ئامۆزا چیت هەیە بیڵێی؟

خەدیجە دەگریو دەلالێتەوە، دەنگی کز دەبێ و (وەرەقە) بزە دەیگرێت، دەست دەخاتە سەر ژنە ترساوەکە، ژنە عاریفەکە، "قدوس، قدوس، ئەوەی رۆحی وەرەقەی بەدەستە، دەبێ خەدیجە باوەڕم پێبکەی، یاسا گەورەکەی بۆ هاتووە کە بۆ مووسایش هاتووە، ئەو پێغەمبەری ئەم نەتەوەیەیە، پێی بڵێ با خۆی بگرێت".

## رووداوەکان بەپەلە دەڕۆنو
## محەمەدیش پێشبڕکێ لەگەڵ زەمەندا دەکات

خەدیجە پشتگیری کرد، خەدیجە هەموو دەوڵەمەندەکانی بۆ کۆکردەوە، کۆڵهەڵگرەکان، خاوەن حوشترەکان، بڕ بڕ ئیسلام بوون، (محەمەد) لەکۆتایی مانگی رەمەزاندا لە چیای خەڵوەتو نوێژکردن، چیای (حەڕا) هاتەخوارەوە، هات بۆ (کەعبە)و حەوت جاران بەدەوریدا سووڕایەوە، قەشەکەیش لەوێ بوو، مامۆستا بێفیزەکە لێی پرسی: برازاکەم پێم بڵێ چیت بینیو چیت بیست؟ پێغەمبەری خوداش بەدڵنیاییەوە ویستی خوای پێ وت، قەشەکەیش وتی "ئەوەی رۆحی منی بەدەستە تۆ پێغەمبەری ئەم نەتەوەیەیت، ئەو یاسا گەورەیەت بۆ هاتووە کە بۆ مووسایش هات، تا بەدرۆی بخەنەوەو ئەزیەتی بدەنو دەریکەنو شەڕی بکەن، ئەوسا زانیم ئەو رۆژەیە کە بووی بە نەسرانی خودا" پاشان سەری لەخۆی نزیك کردەوەو ماچی کردن پاشان (محەمەد) بەدڵنیایی گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی.

## مەکە یەك لەدوای یەك ریکلامەکانی پێدەگات



مەکە دەکولێت، دەڵێن: کتابێك لەخواوە جبرایل بۆ محەمەدی هێناوەو پێی دەڵێ: مژدە محەمەد من جبرایلمو تۆیش پێغەمبەری ئەم نەتەوەیەت.

(محەمەد) بەهاوڕێیەتی دەڕوات بۆ لای ئەسقەفەکە، داوای شیکردنەوەی لێدەکات بۆ ئەو حاڵەتو وڕێنانەی تووشی دەبێت، ئەو نازانێت ئەمانە لەکوێوەیە، چیەو واتاکانی چین، بەرێنماییکردنەوە پێی وت: ئەگەر بەتەنیا خەڵوەت بگرم، لەپشتەوە گوێم لێیە بانگەوازێك دەڵێ: ئەی محەمەد، ئەی محەمەد، بەرە و زەوی بەڕاکردن دەردەپەڕم".

ئەوەبوو قەشەکە دەستی کرد بەرێنماییکردنو ئامۆژگاریکردنیو دڵی دەدایەو دڵنیایی دەکردو پێی دەووت: "ئەگەر هات بۆت هیچ نەکەیتو خۆت بگرەو گوێ بگرە چیت پێدەڵێت، پاشان وەرە بۆلام".. ئەوە بوو (محەمەد) هامشۆی قەشەکە (ئەسقەف)ی دەکرد، پەیامێك بوو خودو هەستی دەهەژاند، (محەمەد) خۆی لەرزی لێدەهات، خەدیجە بەجلوبەرگ دایدەپۆشی تا گەرمبێتەوە، هەرکە پێغەمبەر دەهاتەوە هۆش خۆی، دەبینێ خەدیجە بەتەنیشتیەوەیەتیو رێنمایی دەکات، چونکە خەدیجە هەواڵی راستەقینەی پێبوو "نەخێر، مژدە بدە خودا هەرگیز شەرمەزارت ناکات، تۆ دەگەیت بە بەزەییو قسەی راست دەکەیت، بۆ جگە لەخۆت تەحەمولی دەکەیت بۆ کەسانی دیکە، نەبوونەکان بۆلای خۆت رادەکێشی، پشتی لاواز دەگریتو یارمەتی خراپەی هەق دەدەیت"

قەشەکە ، ئەسقەفەکە، پێغەمبەرێکی دروستکرد، بەڵام جێگرەکەی (خەلیفە)ی دروست نەکرد، قەشەکە لاسایی (ئەخناتۆن)ی کردەوە.

ئەی برازاکەم، چی دەبینی؟ قەشەکە لە (محەمەد) دەپرسێت، محەمەد دەڵێ: "جبرایل فەرمانی پێدام کە مژدە بدەمە خەدیجە بەخانوویەکی لە قامیش دروستکراو، نە ژاوەژاوی تیابێو نە بت".

قەشەکە ئاوڕێك لە خەدیجە دەداتەوەو دەڵێ: بەڵێ ئەوەی بۆ تۆ هاتووە بۆ پیاوێکی دیکە نەهاتووە، جگە عودەی نەبێت.

مەکە بەپێغەمبەرێکی مەزنی ژانگرتووە، بە پاڵەوانێك ئەوانەی هەستیان بە گەمەکە کردبوو دەیانووت: یان شاعیرە، یان سیحربازە، یان کاهینە یان شێتە، مووسا چۆن بوو محەمەدیش هەروایە.

ئەشرافەکانی قوڕەیش لەهەموو خێڵەکان بەر لە خۆرئاوا لەپشتی کەعبە کۆبوونەوە، بانگی (محەمەد)یان کرد تا قسەی لەگەڵ بکەن، هەرکە هات بۆلایان پێیان وت: تۆ ئەمەی

هێناوتـه ئەگـەر داوای سـامان بکـەیت ئەوەنـدە سـامانت بـۆ کۆدەکەینـەوە لەئێمـە سـامانت زۆرتربێت، ئەگەر بتەوێ ببیتە ئەشراف، دەتکەینـە سـەرداری خۆمـان، ئەگـەر مـەلیکیت بوێ دەیتکەینە مەلیکی خۆمان، ئەگـەر ئـەوەی تووشـی بـووی‌و بەسـەرتا زاڵە، سامانێکی زۆرت بـۆ کۆدەکەینەوە بۆ پزیشك تا چاکبیتەوە.

شێتی مەزنایـەتی (Paranoia) ئەوانـەی تەنگەنەفـەس کردبـوو.. (محەمـەد) ئـەم کابرا رادەبەدەرە، خۆشەویستی دەسـەڵات دەیخواردەوە، خـۆی بـەرز دەگـرت، گـوێی نـەدەگرت لـەوەی دەیانووت.

رەخنە لێرەدا لەهەموو جێگایـەکی ئـەم کتێبـەدا هەیـە، واتـای رووخـان یـان بریـندارکردن نیە. "رەخنەکردنی ئایین مەرجی یەکەمی هەموو رەخنەکردنێکە" هەروەکو مـارکس دەڵێـت، چـووینە نـاو (کـەناڵێکی ئـاگرەوە) تـا لێـوەی دەرکـەوین، دەچـین لـە (کۆنـەوە بـۆ نـوێ) لـە (خۆبەدەستدانەوە بۆ بیرکردنەوە) لە (میراتەوە بۆ رەخنەکردن).

(محەمـەد)ی مێشـك گرگرتـوو، لـە ئەشـرافەکانی قـورەیش دەڕوانێـت، لـە چـاوانیان ورد دەبێتەوە، بەشێتایەتی (محەممەد)ی بلیمـەت نهێنیـەکانیان دەکاتـەوە، (محەحـەد)ی دامێـنگیری بیروباوەڕە نوێیەکەی ئەو (سوببەیە)ی کە هەڵنەگەڕایەوە، بە داواکارانی دەڵێت:

"نەهاتووم بەوەی کە هێناومە داوای سامانەکەتان بکەم، یان شـەرەف یـان ببمـە مـەلیکتان، بەڵام خوا منی ناردوە بـۆ ئێـوە وەکو پەیامبـەرێك‌و کتـابی بـۆ ناردومەتـە خـوارەوە، فـەرمانی پێـداوم تـا ببمـە مژدەبـەخش‌و ورياکـەرەوەی ئێـوە، ئـەوە پەیامـەکانی خـودام پێ‌گەیانـدن‌و ئامۆژگاریم کردن، ئەگەر ئەوەی هێناومە لێمی قبوڵ بکەن ئەوا بەختی خۆتانە لەم دنیاو ئەو دنیا، ئەگەریش رەتی بکەنەوە سەبر دەکەم بۆ فەرمانی خودا تا بەخۆی حوکم بـدات لـەنێوان من‌و ئێوەدا".

(محەمەد) بڕوای بە داواکارانی نیەو ئیدی چۆن داوای ئـەوە دەکـات کـە بـەڵێنیان پێـی داو شـێتی مەزنایـەتی ئەوەیـە کـەخۆی گـەورەتر بگرێـت لـەوەی کـە پێشکەشـیان کـردوە، ئـەوەی مەلیکی دەوێت، ژنت دەوێت‌و سامان‌و سەرکردایەتی موتڵەقی دەوێت، بێگومان نـەك لەرێگـەی ئەوانەوە بەڵکو لەرێگای خوای بانی سەرو بەتواناوە، بە ترساندن لە ئـاگر، هـەچ ئامرازێـك کـە بپێکێت، (محەممەد) دەزانێت ئەگـەر بـەر لـە بەرەبـەیانی رۆژی دواتـر لێیـان وەرگرێـت، ئەگـەر هـاتوو نـەیکوژن، (محەمـەد) نایـەوێت شـەهید بێـت، ئـەوەی لەبیرنەچـووەتەوە کـە لێیانـەوە شارەزابوو، مەسەلەکەی سپاردە خودا "الله يؤتي الملك من يشـاء، ويذل من يشـاء"، ئـەوەبوو خـوا راوەدوی دەنـان بـۆ کـوێ چووبان‌و لـەکوێ بوونایـە، ژینـی لـێ تـاڵ کردبـوون، نارەحـەتی کردبوون، زەویـەکانیانی وشـك کـرد، بـارانی لـێ‌بڕین، مێشـی بـۆ نـاردن، بـاو درنـدەو باڵنـدەو مارومێروی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، شەویانی کرد بە رۆژ و رۆژانی کرد بە شەو، زستانیان بوو بە هاوین‌و، هاوینیان بوو بە زستان، هەرکە سەبریان نەما هـاتن بـۆ لای (محەمـەد) پێیـان وت: بڕوامان پێت هێنا، بڕوامان پێت هێنا (لا اله الا الله، محمد رسول الله) خودا پێغەمبـەرێکی بـۆ نـاردووین رەحمـەت‌و ئاشـتی‌و دادپەروەرەیـەو، ئێمـەیش بڕوامـان پێـی هێنـاوە. ئەوسـا پێغەمبەر داوای لەخوا کرد کە لە راوەدونانیان بوەستێ، ئـەویش وەسـتا، هەرکەسـەو گەڕایـەوە بـۆ شـوێنی خـۆی‌و، پێغەمبـەریش (بـۆ ئیمانـداران لـەخۆیان لەپێشـترە) دەسـەڵاتی ئەفسانە سپێردرا بە ئێمە!

لە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) دەگێڕنەوە کە دەڵێ: "هەرکـە (محەمـەد) گوێی لەبانگەوازەکە بوو: (قل أشهد ان لا اله الا الله وان محمد رسول الله) (محەمـەد)یـش وتـی (لبیـك)، پاشـان وتـی: (قل الحمد لله رب العالمين، الرحمن الرحيم، مالك يوم الدين) هەرکە (محەمەد) گوێی لەمە بـوو تێکچوو، هەڵساو قەشە کە هات چی گوێ لـێ‌بوو بۆی گێڕایەوە. (وەرەقە)یش وتـی: مـژدە پاشا مردەوە، من شایەتی دەدەم کە تۆ ئەوکەسەیت کوڕەکەی (مـەریـەم) مـژدەی پێـداوە، تـۆ لەسـەر یاسای (مووسا)یـت، تـۆ پێغەمبـەرێکی نێردراویـت دوای رۆژی خـۆت فـەرمانی جیهاد دەدەیت، ئەگەر پێی بگەم لەگەڵتا جیهاد دەکەم".

دەسـەڵاتی چـینەکە فەیلەسـوف‌و ئـەدیبێکی پـاراو دوپـاتی کـردەوەو چەسـپاندی، چـەند قورسە کە ئەم قسەیە هی فەیلەسوفێکی ئایدیای بێت؟

(عـەلی) ژنێکـی زۆری خواسـتبوو، منـداڵێکی زۆری بـوو دواجـار کوشـتاری یـەکتریان کـرد. (عـەلی) بەشـداری دەسـەڵاتی چینەکەی کـردو بەشـداری دەسـەڵاتی ئەفسانەیشی کـرد، (عـەلی) بەشداری دانانی قورئان‌و نوسینەوەی کرد.(*) وازی لەو بەشانە هێنا کە خۆی نووسیبووی، دای بە (محەممەد)، (محەممەد) بـەڵێنی دابـوو بـەر لـە مردنـی بـۆ موسڵمانەکان بنووسـێت، کـە دواى

* نوسەرانی وەحی‌و کتابەکان‌و بەڵگەکان: عەلی کوڕی ئەبوتالیب، عوسمان کوڕی عەفان، عەمرو کوڕی عاس، معاویە کوڕی ئەبو سوفیان، شورجەبیل کوڕی حەسنە، عەبدوڵڵا کوڕی سەعد کوڕی ئەبی سەرح، موغیرە کوڕی شوعبە، مەعاز کوڕی جەبەل‌و زەید کوڕی سابت‌و حەنزەڵە کوڕی ئەلوەبیع‌و ئەبی بن کەعب‌و جوهەیم کوڕی سەڵت‌و حسەین ئەلنەمیری (اليعقوبي، المجلد الپاني)


www.dengekan.com

خۆی وەسیەت دەکات بیکەن بە ئیمام‌و خەلیفە لەدوای خۆی، (محەمەد) مردو جورئەتی نوسینی ئەو وەسیەتنامەیەی نەبوو.. دوای (محەمەد) ئیسلام درزی تێکەوت، بەش بەش بووەوە، بوو بە گروپ‌و حزبایەتی.

<u>لەسەر گۆڕی پێغەمبەر</u>

بەر لە کۆتایی ئەم گەشتە پیرۆزە دەبێ لەسەر گۆڕی پێغەمبەر بوەستین‌و قسەیەکی دڵسۆزانەو راستگۆی پێ‌بڵێین‌و داوا بکەین لە سەرداری هەموو دنیا کە لەسەرەخۆو بەئارامی گوێبگرێت.. ئەگەر (عەلی) خۆی تەرخان کردبا بۆ فەلسەفەو بیرکردنەوەو لە سیاسەت خۆی بەدوور بگرتایە ئیسلامی دەکرد بە مرۆڤانەو لەو هەموو تورۆهاتانە رزگاری دەکرد، کە لەهەموو جێگایەکەوە بۆی هاتبوو.

لە سروشتی گەشتەکەوە، یان لە وەحی قەشەکەوە؟ لە وەحی موساوە، یان لە وەحی ئەخناتوونەوە؟ لە وەحی گۆڕەکەوە کە روناکی لێ بەرزدەبێتەوە، یان لە وەحی شێتی‌و بلیمەتیەوە؟ شوێنەوارێکەو هەوڵدەدەین ژیانی بخەینەوەبەر!

بەڵام (ئەبو موسای حەریری) دەڵێت:

<u>باشترین قسە ئەوەیە کە: نەسرانیەت‌و ئیسلام یەك ئایینن جگە جیاوازی لەناوەکەیاندا نەبێت.. یان بڵێ کە ئیسلام ناوی عەرەبی نەسرانیەتە، ئەمەیش واتای راستەقینەی ئایینی ئیبراهیمە</u>، کە هەوەڵ‌و ئاخر بنەماکەی لەسەر رەتکردنەوە بۆ خوا پەیاکردنی شەریکە (الشرك)، بەباوەڕهێنان بە خوایەکی تاق‌و تەنیا" .. ل105 (قەشەو پێغەمبەر)

سڵاوی خوات لێ بێ ئەی کۆچبەر بەرەو ئەشکەوتی (حەڕا)، بۆراق لەسەر گۆڕی خاوەنەکەی دەحیلێنێ، دەبێ گوێی لێبێت؟

دوا وتە"لایەنی لەیەکچوو لەنێوان قورئان‌و کتێبەکانی پێش خۆی: وەکو تەورات‌و ئینجیل، وەکو رەسمی‌و وەرگیراو لێی. نەریتی زارەکی کە لە زمانی خەڵکی دەماودەمی کردوە، هەواڵی پێشینەکانی‌و ئاسانکردنیان، ئەو کەلەپوورەی کە زەینی میللەتان سەبارەت چیرۆك‌و ئەفسانەیان هۆنیوەتەوە، گەشەیان کردوەو خێرا بەبێ سانسۆر لە لۆژیك‌و ویژدان بڵاوبوونەتەوە. ئەم زەینەش رۆڵی گەورەی هەبووە لە تەقسی ئایینەکان بەگشتی‌و لە بیروباوەڕی دیندارەکان. فەسڵەکان ترسی روشانیان لەسەربوو ، بۆیە بەجێم هێشتن بۆ خوێنەر بەوهیوایەی هەوڵبدات دەستیکەون.

ئەی نووسەری ئازیز:

وتەکەی خوالێخۆشبوو دکتۆر (تەها حسێن)ت بیرخستینەوە کە دەڵێ: "ئاسان نیە تێبگەین کە خەڵکی حەزیان بەقورئان کرد، کاتێ ئایەتەکانیان بۆ دەخوێندرایەوە، ئەگەر پەیوندیەك نەبێ لەنێوان ئەوان‌و ئەودا.. ئاسان نیە تێبگەین کە عەرەبەکان بەربەرەکانی قورئانیان کردوەو لەگەڵ پێغەمبەردا موجادەلەیان کردوە، ئەگەر تێی نەگەیشتبن‌و نهێنی‌و رووداوەکانیان نەزانی بێت، ئاسان نیە، بگرە دەکرێت بڕوا بە قورئان بکەین کە لەلای هەموو تازە بوو، ئەگەر وانەبووایە لێی تێناگەیشتن‌و نە ئەقڵیان بەسەرا دەکشاو نە هەندێکیشیان باوەڕیان پێی دەهێناو نە هەندێکی دیکەیان دژی دەوەستان‌و لێی ناکۆڵینەوە.

ئایا دەتوانی (سەلمان فارسی‌و ئەبو زەڕ ئەلغەفاری‌و سوهەیب رۆمی‌و بیلال حەبەشی بخەیتەوە بیری خۆت، هەموو ئەوانەی خزمەتی دەسەڵاتیان کردو تا عروبەی (قورەیش)و دەسەڵاتی چینی خانمی گەڕەکی پێشکەوتوو لە مەکە هاڕینی؟

(تەرمەزی) وتوویە: "مەلیك لە قورەیش‌و ئایین لە ئەنسار" ئەسقەفی (مەکە) بەستەزمان بوو، قەشە وەرەقەی کوڕی نەوفەل، گوڵێکی روان لەسەر چیای (حەڕا)و نەیزانی دەبێتە شادڕکێك سەرەڕای خۆی ئاینەکەی‌و بیروباوەڕەکەیشی.

## سەرچاوەکان


1- محمد شاطيء سحاب.. سلێمان کتانی. مكتب الدراسات العلمية، بيت الشعار، المتن لبنان 1970.
2- تأريخ العرب قبل الاسلام، جواد علي.
3- سيجموند فرويد، سيكولوجية السلوك النفسي عند الجنسين، ترجمة فؤاد ناصر، منشورات حمد- الطبعة الثانية.
4- الحياة العربية من الشعر الجاهلي د.احمد محمد الحوفي، دار القلم- بيروت.
5- السيرة الحلبية، ابن سعد.
6- د.قيس النوري، مجلة عالم الفكر- المجلد العاشر- العدد الاول.
7- ابن هشام، السمط الثمين للطبري.
8- معجم البلدان، الحموي.
9- نساء النبى : بنت الشاطيء.
10- سيرة ابن هشام.
11- الانسان المعاصر عند هربرت ماركيوز، دقيس هادي احمد، الموسسة العربية للدراسات والنشر 1980.
12- د.الفت حقي ثقافة الطفل، مجلة عالم الفكر، المجلد العاشر.
13- روح العروبة.. عبداللطيف شرارة.
14- د.نصر حامد ابو زيد: الاتجاة العقلي في التفسير.
15- التأريخ الاسلامي.. محمود شاكر.
16- مدخل الى الحوار الاسلامي المسيحي، المطبعة البوليسية.
17- سيرة ابن هشام، دار الريحاني.
18- محمود الحلبي، حياة ابي بكر 1979، دار الجيل.
19- سيرة ابن هشام.
20- رسالة العرب الى العالم عبر التأريخ، مجلة افاق عربية.
21- سيد قطب، معالم في الطريق.
22- د.مصطفى محمود، رحلتي من الشك الى الايمان.
23- محمود ايمن العالم، عن د.قيس هادي احمد.
24- الجاحظ، مبجح النبوة (اثار الجاحظ).
25- جورج لابيكا: السياسة والدين عند ابن خلدون.